# یەزدان و دەوڵەت

## میخائیل باکونین

و. لە فارسی : هەژێن



چاپی یەکەم. ئایاری ٢٠١٧

# یەزدان و دەوڵەت

## میخائیل باکونین

و. لە فارسی : هەژێن

چاپی یەکەم، ئایاری ٢٠١٧

ناوی پەرتووک : **یەزدان و دەوڵەت**

نووسینی : **میخایل باکونین**

فێبریوەری/ مارچی ١٨٧١

سەرچاوە : **یەزدان و دەوڵەت**


بڵاوکەر: **Mother Earth Publishing Association, New York © 1916**

یەکەمین بڵاوکردنەوە : ١٨٨٢ (نووسینەوە و ئامادەکردنی لەلایەن **کارلۆ کافیرۆ** و **ئیڵیزە ڕێکلو** Elisée Reclus & Carlo Cafiero

وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی: **بنیامین ڕ. توکەر** **Benjamin R. Tucker**

سەرچاوەی دەقە ئەلەکترۆنییەکەی: **ئەرشیفە ئەنارکیستییەکان؛ ئەرشیفی باکونین** **Bakunin**
www.dwardmac.pitzer.edu/Anarchist_Archives/index.html

## بەرایی

--------

خوێنەری هێژا، بیرۆکەی وەرگێڕانی ئەم پەرتووکە بۆ بەهاری ساڵی ٢٠٠٢ دەگەڕێتەوە. بەڵام ئەو کات لەبەر سەرقاڵبوون بە کاری ڕۆژانە و چالاکی و بابەتی دیکە، تاکو ساڵی ٢٠٠٨ وەرگێڕانەکە نیوەوناچڵ مایەوە. کاتێك هاوڕێیانی فارسی-زمان لە دوای ئەو سەرچاوە وەرگێڕدراوانە دەگەڕان، کە کاتی خۆی لەنێو سایتی (خوشە) بڵاوکرابوونەوە، من گەڕامەوە نێو ئەرشیفی خۆم و بە ئامادەکردنی وەرگێڕانە فارسییەکەی ئەم پەرتووکە لە شێوەی پەرتووکێکی ئینتەرنێتی خەریکبووم، لە ئەنجامی ئەو گەڕانە، وەرگێڕدراوە کوردییەکە بەرچاوم کەوتەوە و نەمتوانی وەك هەر یەك لەو دەیان بابەتە نیوەوناچڵانەی کە تاکو ئێستا تەواونەکراون، بەڕاگوزەر بەلایی تێپەڕم، لەبەرئەوە بڕیارمدا وەرگێڕانەکە دەستپێبکەمەوە. بەداخەوە دیسانەوە لەو کاتەوە لەنێو ئەرشیفی بێسەرەوبەرەی من مایەوە و تاکو ئێستا بەهۆی تێکچوونی هاردیسك و فلاشمێمۆریی چەندین جار تاکو لێواری فەوتان ڕۆیشتووە، بەڵام هەموو جار بەخت یاربووە و لە فەوتان ڕزگاربووە و بەختی ئەوەی هەبوو، کە بکەوێتە بەرچاوی ئێوەی ئازیز.

وەك گوتم دیسانەوە وەرگێڕانەکە بۆ ماوەی چەند ساڵێکی دیکە لەنێو ئەرشیف مایەوە و تاکو پار بڕیامدا لێبڕاوانە پێداچوونەوە و پاکنووسی بکەم و لە شێوەی ئەم پەرتووکەی بەردەستی ئێوە ئامادەیبکەم. بەڵام وەك هەموو جارێك گەڕان بەدوای ناوەکان کاتێکی زۆری خایاند، کە لە وەرگێڕانی زمانی عەرەبی و فاسی ئاوایان بەسەردێت، تەنانەت خودی نووسەر توانای ناسینەوەی ناوە لاتینی و ڕۆمانییەکانی نەبێت: هۆکارەکەش ڕۆشنە، یەکەم کەمتەرخەمیی وەرگێڕە عەرەب و فارسەکان لە دانانی ناوەکان بە ڕێنووسی زمانی یەکەم، دووەم هۆکار ئەوەیە، کە کۆمەڵێك پیت لەنێو زمان و شێوە نووسینی عەرەبی و فارسی بوونیان نییە و ئەوەش دۆزینەوە و گەڕانەوە بۆ سەر سەرچاوە و ناوەکان سەخت و ئەستەمتردەکات. بەهۆی گەڕان لە دوای ناوی هزریاران و نووسەران و ئەدیبان و ڕامیارانی ئیتالی و ئاڵمانی کە لەنێو ئەم پەرتووکە ناویانهاتووە، ئەوە بۆ من دەرکەوت، کە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان دەقە ئینگلزییەکە و فارسییەکە هەیە، هەرچەندە من نازانم و وەرگێڕی فارسی ئاماژەی بە ئەوە نەداوە، کە لە چ زمانێك: فەرەنسی، ئینگلیزی یان ئاڵمانی دەقی پەرتووکەکەی وەریگێڕاوە.

لەبەرئەوە بە ناچاریی دەبوو لەتەك دەقە ئینگلزییەکە بەراوردیبکەم و ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی کە ساڵێکی دیکە بڵاوکردنەوەی وەرگێڕانە کوردییەکە دوابکەوێت.

خوێنەری ئازیز، هاندەرەکانی ئەم وەرگێڕانە تەنیا ئاشناکردنی خوێنەری کورد-زمان نییە بە مێژوو و سەرچاوە هزریی و فیلۆسۆفییەکانی ئەنارکیزم، بەڵکو هاوکات پێویستیی وەڵامدانەوەیە بەو هەوڵە ئایدیالیستییانەی کە بەناوی زانست و بیرۆکەی سۆشیالیزم لە زانست و سۆشیالیزم بتێك دروستدەکرێت و تاکو ڕادەی بووچگەرایی. زانست کراوەتە کوتەکی سەرکوتکردنی هەر ڕەخنەیەکی سەرکێش و ئازادیخوازانە و سۆشیالیزم تاکو ئاستی ئایینێکی دونیایی دۆگماتیزەکراوە و کراوەتە داهێنانی چەند سەرێکی سەدەی نۆزدە و بیست و مرۆڤایەتی چ وەك کۆمەڵ و چ وەك تاك لە هەموو ڕۆڵێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی خۆی داماڵدراوە و کارایی هەر ڕۆژەی لەسەر کەتواری کۆمەڵ فەرامۆشکراوە؛ بەڵام گشت ئەو بووچگەراییە ئایدیالیستییە هەر بەناوی زانست و سۆشیالیزم: هەنگاوی یەکەم زانستی کردووە بە کوتەکی پاراستنی پێکهاتە قووچکەییە خێڵەکی و ڕەگەزسالاریی و ڕامیارییەکان و پاش ئەوەش سۆشیالیزم لە قاڵبی ئەو زانستە لنگاوقووچ و کاریکاتێرییە دراوە و لەنێو چەند گومان و تیئۆرییەکی ئایدیالیستی لە چوارچێوەی زەمینییکردنەوەی ئەفسانەکانی دەوڵەتی ئاسمان [یەزدان سەروەری] کورتکراوەتەوە.

کاتێك کە زانست بەرهەمی ئەزموونگەرایی مرۆڤایەتیی بێت، هیچ کات بە لوتکە و خاڵی کۆتایی ناگات و کەس ناتوانێت دارای تەواوی زانست و زانیارییەکان بێت و ئاستی هوشیاری مرۆڤیش وەك کۆی دانش و زانستی مرۆڤایەتیی هەردەم لە گۆڕان و هەڵکشان و داکشان دەبێت. ئەگەر بڕیاربێت سۆشیالیزم تیئۆرییەکی زانستیی بێت، ئەوا ناچار بەگوێرەی کەتواری زانست دەبێت سۆشیالیزمیش هەردەم گەشە و هەڵکشان و داکشان بکات و هیچ کەس دارای تەواوەتی ئەو زانستە نەبێت و تەنیا لەسەر بنەمای ئەزموونگەرایی بتوانرێت هەوڵی ڕۆنانی کۆمەڵی سۆشیالیستی بدرێت. ناکرێت سۆشیالیزم داهێنانی ژیریی چەند کەسێك بێت و هەر ئاواش ناکرێت گۆڕانە بنچینەییەکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی هەموو قۆناخەکانی تاکو ئێستا بنەمایەکی ئابووریی _کۆمەڵایەتییانەی [ داهێنان و گەشەی ئابووریی و ڕاپەڕینی کۆمەڵایەتیی دژی ستەمیان] هەبووبێت. بەڵام کاتێك کە نۆرەی گۆڕانی سەرمایەداریی بەرەو سۆشیالیزم دێت، هاوکێشەکە پێچەوانە ببێتەوە و گۆڕانی

ڕامیاریی [دروستتر بڵێم دەسەڵاتی ڕامیاریی] لە سەرەوەڕا و بە پێشڕەویی کۆمەڵێک ڕامیارپیشەی خۆڕێکخستوو لە سەرەوەی پارتییەکی ڕامیار بکرێتە پێشمەرجی گەیشتن بە سۆشیالیزم؛ یان بە پێشمەرجکردنی "گۆڕانی خۆبەخۆی ئابوورییانەی سەرمایەداریی بەرەو سۆشیالیزم" [بەگوێرەی تێڕوانینی دیتێرمینیستیی گەیشتن بە سۆشیالیزم لە بەلوتکەگەیشتنی تەکنۆلۆجی و پیشەسازیی سەرمایەداری]، کە لە ئەفسانەی گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ بەهەشت نزیکترن، تاکو گۆڕانی شۆڕشگێڕانەی نێو ژیانی کەتواریی مرۆڤە کەتوارییە ناڕازی و شۆڕشگێڕەکان، کە بە ویست و ئامانجدارانە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵی ئازاد و یەکسان و دادپەروەر؛ سۆشیالیستی / ئەنارکی تێدەکۆشن.

لەبارەی ناوی پەرتووکەکە (یەزدان و دەوڵەت)، من بە مەبەستەوە، بە پێچەوانەی ڕاهاتنی زۆرینەی کوردی-زمان و فارسی-زمان کە واژەی "خوا/خودا" لەجیاتی واژەی "**الله**" بەکاردەبەن، هەوڵمداوە واژەی یەزدان بەکاربەرم، کە پێشینەی واژەکە (خوا/خودا) بۆ بوون و ئامادەبوونی پێشتری لەنێو زمان و بیرکردنەوە و فیلۆسۆفی و ئایینە زاگرۆسییەکان و زۆرێک لە کۆمەڵە ئاسیاییەکان دەگەڕێتەوە و بەواتای خۆبوون/ خودبوون/ خودابوون/خودانی خۆبوون دێت و لەنێو زمانی کوردی لە کۆنەوە گوتراوە و هێشتاش دەگوترێت " خۆت بپارێزە/ خودا حافیز". واژەی "خودا" هیچ پەیوەندییەکی بە وەرگێڕانی ناو و بیرۆکەی سەروەریی و تاک و تەنیایی "**الله**" نییە.

بە بۆچوونی من بەکاربردنی واژەی (خوا/خودا) بۆ (**الله**) و (God) هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە (**الله**) ناوی گەورەترین بتی نێو بتخانە ڕەشەکەی (مەککە) بوو، کە (**عبدالله**)ی باوکی موحەمەد [پەیامدەری ئیسلام] خزمەتکاری ئەو بتە بووە و ناوەکەشی هەر لە ئەوەوە هاتووە. لەبەرئەوە، منیش وەک زۆرێکی دیکە، هیچ کات ئەو گومانە یەخەی بەرنەدەدام، تاکو ساڵی ١٩٨٢ لە پۆلی حەوتەم لە ئایینداریی و بڕوابوون بە ئایین و قورئان و یەزدان وەرگێڕام و گێڕامییەوە بۆ بڕوابوون بە خود و خستنە ژێر پرسیاری هەموو بەڕێوەبردن و سەروەرییەکی سەروو مرۆڤی و پرسیارکردن؛ ئەگەر پێش بڵاوبوونەوەی پەیامەکەی موحەمەد، کەسانێک هەبووبن (**الله**)یان پەرستبێت و منداڵی خۆیان بە بەندەی ئەو (**عبدالله**) ناونابێت، کەواتە پێش موحەمەد پەرستیارانی (**الله**) هەبوون و ئەگەر کەسانێک بێن و لە بتبوونی (**الله**) نکۆڵیبکەن و پاگەندەی ئەوە بکەن، کە دەرکەوتنی واژەی "**الله**" هێما بێت بۆ هێزێکی

ئاسمانی، ئەوا لەو بارەدا ئیدی موحەمەد نابێتە پەیامدەری ئەو ئایینە و ئەگەر (موحەمەد)یش پەیامدەری یەکەمی ئەو ناوە/وازەیە و ئەو ئایینە بوبێت، ئەوا تەنیا یەك ئەگەر دەمێنێتەوە، کە موحەمەد ناوی بتە گەورەکە (**الله**)ی لەنێو بتخانە رەشەکەی (مەککە)ی بیرۆزکردبێت.

لەبەرئەوە من بەکاربردنی وازەی (یەزدان) وەك هاوواتای (**الله**/God) بە دروستتر دەزانم، هەر ئاوا لەنێو ئایینە کۆنەکانی زاگرۆسییەکان تاکو ئەم رۆژیش بە هێزی ئاسمانیی ئافەرێنەری گەردوون و مرۆڤ "یەزدان" گوتراوە و دەگوترێت.

بێجگە لەوە کاتێك لە دەوڵەت وەك هێزێکی سەرووخەڵکی وردەبینەوە و لە دوای بنج و بنەوانی سەرهەڵدانی ئەو بیرۆکەیە دەگەرێین، دیسانەوە دەگەرێینەوە سەر تاك-دەسەلاتی سەرووخەڵکیی (یەزدان/**الله**/God )، کە سەرچاوەی بیرۆکەی سەروەریی و دەوڵەتی هاوچەرخە و یەکەم جار مرۆڤ دروستیدەکات و دەینێرێتە ئاسمان، بەڵام کاتێك بەرەنجامی ئەزموون و بەرەسەندنی هۆشی مرۆڤ و زانست دەبێتە هۆی ناکارایی دەوڵەتی ئاسمان و نەترسان و یاخیبوونی مرۆڤە ئازادیخواز و رزگاریخواز و یەکسانیخواز و دادپەروەرییخوازەکان لەو سەروەرییە نادیارە، ئیدی نوێنەرانی ئەو سەروەرییە و چینی دارا و دەسەلاتخواز ناچاردەبن، دەوڵەت بۆ سەر زەوی دابگرنەوە و بیکەن بە مۆتەکەی نێو هەموو ماڵێك و هەردەم و هەر سات وەك سێبەر لە دوای تاکە کۆیلەکان بێت و لە شۆرشکردن و راپەرین بیانگێرێتەوە.

خوێنەری هێژا، من بە مەبەستەوە لەنێو ئەم بەراییە هەوڵمداوە لەبارەی نێوەرۆکی ئەم بەرتووکە نەنووسم، چونکە خوازیارم تۆی ئازیز بەخۆت بچیتە دونیای سەردەمی نووسینی ئەو دەقە و بکەویتە بەراوردکردنی لەتەك دونیای سەردەمی خۆمان و گەران لە دوای جیاوازییەکان و گۆرانەکان و بەراوردکردنی پێگە و رۆڵی زانست و دەوڵەت لەنێوان ئەو کات و ئێستا، تاوەکو زانیارییەك کە لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەم دەقە رەخنەییە لە ئایین و پێگەی دەسەلاتگەرایانەی زانست و داردەستبوونی بۆ سەروەران بەدەستدێت، ببێتە هاندەر بۆ گەران لە شێوازی گونجاو بۆ تێکۆشان و رزگاربوون لە کۆیلەتییەك کە درێژەی هەمان کۆیلەیی مرۆڤە بۆ هێزێك کە خۆی بەرەو ئاسمان بەرێیکردووە، یان لەنێو بۆشایی گەردوون ئافراندوویەتی، تاکو ئەو خۆی [خودی ئافەرێنەر] لە ترسی ئازادی بیپارێزێت و لە کاتی تەنگانە هانای بۆ ئافەریدەکەی خۆی بەرێت.

هیوادارم تۆی ئازیز بێجگە لە ڕۆچوون بە نێوەڕۆکی دەقەکە، بە وردی سەرنجی شێوازی وەرگێڕانەکە بدەیت و هەڵە و کەموکوڕیی و ناتواناییەکانی من لە وەرگێڕانی دەستنیشانبکەیت و ئەو ئەرکە بکێشیت، کە بە ڕەخنەیەک لە وەرگێڕانەکە یان بە پەیامێکی ڕاستەوخۆ بۆ منی بنێریت، چونکە هیچ شتێک تەواو و دوور لە هەڵە و ڕەخنە نییە و بەبێ ڕەخنە گەشەناکات و تەسەل نابێت.

نەگوتراو نەمێنێت، وێڕای بەراوردکردنی ئەم وەرگێڕانە لەتەک دەقە ئینگلیزییەکەی، داخوازیم لە چەند هاوڕێیەک کرد، کە ئەوانیش لەتەک دەقە ئینگلیزییەکە پێداچوونەوە و بەراوردیبکەن، بەڵام بەداخەوە لەبەر نەبوونی کات و سەرقاڵیبوونی ئەو هاوڕێیانە بە کار و چالاکی، ئەوە مەیسەرنەبوو و جارێکی دیکە چاوەڕوانی بووە هۆی دواکەوتنی بڵاوکردنەوەی، تاکو دواجار لە ڕێگەی هاوڕێیەکەوە و دۆستێکی هاوڕێکەم (بەڕێز س. ز.) ئەرکی بەراوردکردنی لە ئەسۆگرت و لە هاندان و پێشخستنی بڵاوکردنەوەی وەرگێڕانە کوردییەکە کۆمەکی گەورەی کورد، کە من لەجیاتی خۆم و ئێوەش خوێنەرانی ئەم پەرتووکە زۆر سوپاسی ئەو دۆستە دڵسۆز و بەڕێزە دەکەم، کە پشتیوانی منی کرد و ئەو هەلەی ڕەخساند، کە من بەدڵنیاییەکی زیاترەوە بوێرم ئەم وەرگێڕانە بە خوێنەرانی کوردی-زمانی پێشکەشبکەم.

هیوادارم توانیبێتم بەم وەرگێڕانە نێوەڕۆکی پەرتووکەکە بە خوێنەری کوردی-زمان بگەیێنم و لەنێو پەرتووکخانەی کوردی و پەرتووکخانەی سۆشیالیستی بە زمانی کوردی بۆشاییەک پڕبکەمەوە.

هەژێن

ئایاری ٢٠١٧

## پێشەکی دەقە ئینگلیزییەکەی*

بەناوبانگترین نووسینی باکونین، کە زۆر جار و سەردەمی جیاواز بڵاوکراوەتەوە، لەنێو هەندێکیان لە نیوەی بەشی دووەم بەم ڕستەیە "ئەوە بەو واتایەیە، کە ئێمە بەڕاستی ئەنارکیستین." کۆتاییدێت... ئەم ئامادەکراوەی ئێستا لە بڵاوکراوەکانی پێشتری تەواترە.

لە بنەڕەتدا " **Dieu et l'état** " ناونیشانی دەستنووسەکەیە، مەبەستی باکونین ئەوە بووە، کە ببێتە بەشێك لە بەشی دووەمی نووسینێکی دیکەی گەورەتر " ئیمپراتۆریی کنۆتۆ-جێرمانی و شۆڕشی کۆمەڵایەتی **The Knouto-Germanic Empire and the Social Revolution** " (مەبەست لە ئیمپراتۆری جێرمانی ڕۆشنایی خستنە سەر پێکەوتنی نێوان ڕوسیا و ئاڵمانیای ئەو کاتەیە)، بەڵام ئەو نووسینە تەواو نەکراوە.

ئەمانەی خوارەوە، بریتین لە کۆکراوەی کۆمەڵێکی کەمی بەشە جێگرەکانی بابەتە سەرەکییەکانی بەرتووکەکە:
"یەزدان هەموو شتێکە، دونیای کەتواریی و مرۆڤ هیچ نین. یەزدان ڕاستییە، دادپەروەرییە، چاکەیە، جوانییە، هێز و ژیانە، مرۆڤ هەڵەیە، ستەمکارە، خراپەیە، ناشیرینییە، ناتوانایی و مردنە. یەزدان سەردارە، مرۆڤ کۆیلەیە". لە کاتێکدا کە ئەهریمەن "هەردەم یاخی و یەکەمین ئازادئەندێش و ڕزگارگەری جیهانە".
"ئازادی مرۆڤ تەنیا لە ئەوەدا سنوور وەردەگرێت: کە یاساکانی سروشت پەسەندبکات، لەبەرئەوەی مرۆڤ یاساکانی سروشت وەك خودی مرۆڤ خۆی دەناسێت"

" زانست ڕێنوێنی ژیانە، بەڵام خودی ژیان نییە .... شتێك کە من مژدەی دەدەم ئەوەیە، تاکو ڕادەیەك، شۆڕشی ژیانە دژی زانست، یان بەواتایەکی دیکە دژی فەرمانداریی زانست، نەك بۆ لەنێوبردنی زانست [چونکە ئەوە دەبێتە دژەخونییەکی گەورە لە مرۆڤایەتی]، بەڵام بۆ ئەوەی زانست بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، بە جۆرێك، کە چیدی هیچ کات نەتوانێت ئەو شوێنە بەجێبهێڵێتەوە."

---

* هیچ لە پێشەکی و ناساندنە ئینگلیزییەکان لەنێو وەرگێڕانە فارسییەکە نەهاتوون [و. کوردی].

# بەشی یەکەم

کێ ڕاستدەکات؛ ئایدیالیستەکان یان ماتریالیستەکان؟ کاتێك پرسیارەکە بەو جۆرە ئاراستەبکرێت، بوارێك بۆ دوودڵی ناهێڵێت، بەبێ گومان ئایدیالیستەکان هەڵەن و ماتریالیستەکان ڕاستدەکەن. بەڵێ، کەتوارەکان پێش بیرۆکەکان دەکەون؛ بەڵێ، ئایدیال، وەك پرۆدۆن دەیگوت " لە گوڵێك بەولاوەتر نییە، کە ڕەگەکانی لەنێو هەبوونە ماددییەکە ڕۆچوون"، بەڵێ، سەراپای مێژووی هزری و مۆڕاڵی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتیی مرۆڤایەتی، بێجگە لە ڕەنگدانەوەی مێژووە ئابوورییەکەی، هیچی دیکە نییە.

گشت لکەکانی زانستی نوێ، زانستی ڕاستەقینە و بێلایەن، ئەو ڕاستییە ئاشکرا و یەکلاکەرەوە دەسەلمێنن: جیهانی کۆمەڵایەتیی، یان ئەگەر ڕاستر بڵێین، جیهانی مرۆڤ [بەکورتی مرۆڤایەتی] بێجگە لە دواترین و باڵاترین پەرەسەندن لەنێو بەرجەستەترین دەرکەوتنی ئاژەڵیی، هیچی دیکە نییە [بەڕادەی کەم لەسەر گۆی زەوی و تاکو ئەوێندەرێ، کە ئێمە دەیزانین]. بەڵام هەر بەو جۆرەی کە هەموو پەرەسەندنێك بەگوێرەی پێویست، بەرەو ڕەتکردنەوەی بنەما یان خاڵی دەستپێکی ملدەنێت، مرۆڤایەتیش لە هەمان کات و لە بنەڕەتدا ڕەتکردنەوەی بەرەبەرە و هۆشیارانەی توخمی ئاژەڵییە لەنێو مرۆڤ؛ بەدیاریکراوی ئەو ڕەتکردنەوەیە، بەو ڕادەی کە سروشتیشە، ژیرانییە، ژیرانییە تەنیا لەبەرئەوەی سروشتی ئایدیال و جیهانی باوەڕە مۆڕاڵیی و ڕۆشنبیرییەکان و بۆچوونەکان چێدەکات و پێکدەهێنێت [ هەمان کات مێژوویی و لۆجیکییە، وەك گەشەکردن و بەرەنجامی گشت یاسا سروشتییەکان لە جیهان، بێگەڕانەوەیە].

بەڵێ، یەکەمین باپیرانی ئێمە، ئادەمەکان و حەواکان، ئەگەر گۆریلا نەبووبن، ئەوا خزمی فرە نزیکی گۆریلاکان بوون، هەموو شتێك بخۆر [بخۆری هەموو شتێك]، هۆشمەند و گیانەوەرانێکی کێوی، کە بەهۆی دارابوونی دوو لێهاتوویی تایبەت؛ توانای بیرکردنەوە و ئارەزووی یاخیبوون، بەراورد بە زیندەوەرانی دیکە، لە پلەیەکی فرە باڵاتردا بوون.

پێکهاتەی بەرەوپێشچوونی کارەکانی ئەو لێهاتووییانە لەنێو ڕەوتی مێژوو، نیشاندەری هۆکارە پێویستەکانی هێزی ڕەتکەرەوە بوون لەنێو گەشەکردنی پۆزەتیڤانەی ئاژەڵێتی مرۆڤ و بەو جۆرە هەموو ئەو شتانەیان ئافراندووە، کە مرۆڤایەتیی مرۆڤ پێکدەهێنن.

ئینجیل، ئەگەر وەك پەرتووکێکی فرە سەرنجڕاکێش و هەندێك جاریش فرە قووڵ، کاتێك وەك یەکێك لە کۆنترین دەربڕینە هۆشیی و فانتازییە جێماوەکانی مرۆڤ لەبەرچاوبگیردرێت، لەنێو

ئەفسانەی یەکەمین تاوانی، فرە بە ساکاریی دەربڕی ئەو ڕاستییەیە. یەهۆڤا Jehovah، کە لە نێوان هەموو یەزدانانی باش، لەلایەن مرۆڤ پەرستراوە، بەدڵنیاییەوە ئێرەییبەرترین و لەخۆباییترین و دڕەندەترین و ستەمکارترین و بەخوێن تینوترین و سەرکوتگەرترین و سەرسەخترین دوژمنی ڕێز و ئازادی مرۆڤ دەبێت - یەهۆڤا ئادەم و حەوای بە تەنیا دروستکرد، ئێمە نازانین بۆ بەدیهێنانی کامە هەوەس؛ بەبێ گومان بۆ بەسەربردنی کاتەکانی خۆی، ئەو کاتانەی کە تەنیایی هەتاهەتایی خۆپەرستانەی خۆی باڵی بەسەر خودی ئەو کێشابوو، یان لەوانەیە بۆ ئەوەی کۆمەڵێك کۆیلەی نوێ بۆ خۆی چێبکات. ئەو سەخاوەتمەندانە سەراپای زەمینی بە بەروبووم و ئاژەڵەکانییەوە خستە بەردەستی ئەوان، بەڵام بۆ گشت ئەو بەهرەمەندبوونە سنوورێکی دیاریکراوی دانا. بەبێ پێچ و پەنا دەستبردنی بۆ بەری درەختی زانیاری لە ئەوان قەدەخەکرد. سەرەنجام ئەو دەیخواست، مرۆڤ لە هەموو دەرکێك لەبارەی خۆی بێبەشبێت و بۆ هەمیشە وەك کێوییەکی هەتاهەتایی لە سەرووی هەموو چوارپێیانی بەردەم یەزدانی هەتاهەتایی و ئافەرێنەر و سەروەری بمێنێتەوە. بەڵام لە ئەوێدا ئەهریمەن قوتبووەوە، سەرکێش و یاخی هەتاهەتایی، یەکەمین ئازادئەندێش و ڕزگارکەری جیهان. ئەو بوو ئاوای لە مرۆڤ کرد، کە لە نەزانینی کێوییانە و گوێرایەڵیی شەرمبکات؛ ئازادیکرد و بە هەڵخڕاندنی بۆ نافەرمانی و خواردنی میوەی زانیاری، مۆری ئازادی و مرۆڤایەتی لە نێوچەوانی ئەو دا.

هەموومان دەزانین، کە لە درێژەی ئەوە چی ڕوویدا. یەزدانی باش زانیارییە بێسنوورییەکەی، کە بەرجەستەکەری یەزدانی-بوونەکەی بوو، دەبوو فرەتر لە ئەوەی کە ڕوویدەدا، ئاگاداریبکاتەوە، دووچاری هەوەسی وێرانگەری و گاڵتەجارییانە بوو؛ ئەهریمەن و مرۆڤ و جیهانێك، کە بەخۆی ئافەراندبوونی، نەفرەتی لە ئەوان کرد و لەتەك دەستکردەکانی خۆی ئامادەی قسەکردن نەبوو، بەو جۆرە ڕەفتاردەکات، هەر وەك ئەوەی زارۆکان کاتی تووڕەبوون دەیکەن؛ تەنیا بە نەفرەتکردن لە باپیرانی ئێمە، کەفوکوڵی تووڕەیی ئەو دانەمرکایەوە، بەڵکو نەفرەتی لە هەموو نەوەکانی دواتریش کرد، کە بڕیاربوو، بێبەش لە تاوانی باپیرانیان لەدایکببن. یەزدانناسانی کاتۆلیك و پرۆتستانەکانی لای ئێمە، ئەوە فرە بە دادپەروەرانە دەبینن، هەر لەبەرئەوەی کە شێوازێکی شەڕەنگێزانە و پووچە. پاشان، بە وەبیرهێنانەوەی ئەوەی کە ئەو نەك تەنیا یەزدانی تۆڵەسەندنەوە و توڕەییە، بەڵکو هەر ئاوا یەزدانی ئەڤینیشە، پاش ئەوەی کە ملیاردان مرۆڤی بەدبەختی ئەشکەنجەدان و ئەوانی بە دۆزەخی هەمیشەیی سزاوارکردن، بەدڵسۆزییەوە سەیری

ئەوانی دیکەی کرد و بۆ ئەوەی ئەڤینی یەزدانیانەی خۆی لەتەك کینەی هەردەم تینووی بۆ خوێن و قوربانی ئاشتبکاتەوە و ڕزگاربکات، تاقە کوڕی خۆی، کە ئەگەری هەبوو وەك قوربانی تاوانەکانی بنێردرێتە نێو خەڵك و بەدەستی مرۆڤ بکوژرێت. ئەو ئەوە بە ڕازی فیداکاری ناودەبات، کە بنچینەی هەموو ڕێڕەوە [مەزهەبە] مەسیحییەکانە. هەڵبەتە ئەگەر ڕزگارگەریی یەزدانیی جیهانی مرۆیی ڕزگاربکردایە! بەڵام نا؛ لەنێو بەهەشتی بەڵێندراوی ئایینە مەسیحییەکان، هەر وەك چۆن دەزانین و هەر ئاوا کە پاگەندە فەرمییەکان لەبەردەستدان، هەڵبژێردراوان هەژمارێکی فرە کەم دەبن. ئەوانی دیکە، زۆرینەی هەرە زۆری ئەو نەوانەی کە لەدایکبوون و دەبن، لەنێو دۆزەخی هەمیشەیی دەسووتێن. لەو کاتەدا بۆ دڵنەوایی ئێمە، یەزدانی هەمیشە باش و هەمیشە دادپەروەر، دەستی پشتیوانی لە پشتی فەرمانداریی ناپۆلیۆن'ی Napoleon سێیەم، فەرمانداریی ویلیام Williamی یەکەم، فەرمانداریی فێردیناند Ferdinandی نەمسا و فەرمانداریی ئەلێکسەندەر Alexanderی سەراپای ڕوسیە ڕادەگرێت.

ئەو داستانە پووچانە و ڕێڕەو/بڕوا doctrines دڕندەکان، کە سەدەی نۆزدەهەم بەئاشکرا لە هەموو فێرگە گشتییەکانی ئەوروپا دەخوێندران، بە فەرمانی فەرمی و ئاشکرای فەرمانداریی دەناسرێن و دەگوترێنەوە. ئەوە ناودەنێن شارستانیکردنی خەڵکی! ئیدی ئەوە ڕۆشن نییە، کە گشت ئەو فەرمانداریە سیستماتیکیانە ژەهراویکەرن و حەزیان لە گەمژەکردنی جەماوەرە؟

لەنێو ئەم بابەتە، کاتێك لە بنچینە و ئامرازە تاوانییەکان بیردەکەمەوە، کە بۆ ڕاگرتنی ئێتنییەکان لەنێو کۆیلایەتی هەمیشەیی بەکاریاندەبەن، بەبێ گومان بۆ ئەوەی ئاسانتر بتوانن ئەوان بەلاڕێدابەن، سەراپای جەستەم توڕەیی دایدەگرێت. تاوانی هەموو تروپمانەکانی Tropmanns جیهان هیچ نیین، کاتێك لەتەك ئەو تاوانانە بەراوردبکەین، کە هەموو ڕۆژێك دژەخوونانە و بە ئاشکرا لە سەراپای جیهانی شارستانی بەدەست کەسانێك ئەنجامدەدرێن، کە خۆیان بە پارێزەران و باوکانی خەڵك ناودەبەن. لێرەدا دەگەڕێمەوە سەر یەکەمین تاوان.

کاتێك کە ئەهریمەن، ئادەم و حەوای بە پێدانی بەڵێنی ئازادی و زانیاری لە بەرانبەر نافەرمانی فریودەدا، یەزدان بە ئەوە ملیدا، کە ڕاستیی گوتووە؛ ئەوان میوەی قەدەخەکراویان خواردووە، یەزدان بەخۆی هاواریکرد: "وریابن، ئێستا ئیتر مرۆڤ بە ناسینی خراپە و چاکە وەك یەزدانانی

لێهاتووە. بەری پێبگرن، پێش ئەوەی کە بەری درەختی ژیانی هەمیشەییش بخوات، بەر لەوەی وەك ئێمە ببێتە بوونێکی هەمیشە نەمر." (ئینجیل)

مۆڵەتبدەن، ئێستا بەشی خەیاڵی ئەو ئەفسانەیە وەلابنێین و سەرنجی واتا کەتوارییەکەی بدەین، کە فرە ڕۆشنە. مرۆڤ خۆی ئازادکردووە، خۆی لە ئاژەڵێتی جیاکردووەتەوە و خۆی بەشێوەی (مرۆڤ) لێکردووە؛ مێژوو و پێشکەوتنی خۆی بەدیاریکراوی بە نافەرمانی و زانیاری دەستپێکردووە، [بە واتایەکی دیکە، بە یاخیبوون و بیرکردنەوە].

لەنێو ڕەوتی مێژوو سێ توخم، ئەگەر بە باشتری بزانن، سێ بنچینەی سەرەکی، پێکهاتنی هەلومەرجی سەرەکی بۆ هەموو پێشکەوتنە مرۆییەکان، چ تاکەکەسی و چ جڤاکی، پێکدەهێنن:

- ئاژەڵێتی مرۆڤ
- بیرکردنەوە
- یاخیبوون

یەکەم، بەتەواوی لەتەك ئابووری کەسیی و کۆمەڵایەتیی دەگونجێت، دووەم، لەتەك زانست و سێیەم لەتەك ئازادی .

ئایدیالیستەکان، لە هەموو دەستەکان؛ ئاریستۆکراتان و بۆرجوازان، یەزدانناسان و میتافیزیکان، ڕامیاران و مۆڕاڵیستان، ئایینگەرایان و فیلۆسۆفان، هۆنەران و هەر ئاوا ئابووریناسانی لیبراڵ لەبیرنەکەین. [پەرستیارانی تەواو ئایدیال، تاکو ئەوەندەی کە دەزانین] بە بیستنی ئەوە زۆر زویردەبن، کە مرۆڤ بە هەموو هۆشمەندییەکی شکۆدار و بیرکردنەوە بەرزەکانییەوە، بێجگە لە ماددە هیچی دیکە نییە، ڕێك وەك هەر بوونەوەرێکی دیکەی ئەم جیهانە، تەنیا یەکێکە لە بەرهەمەکانی "ماددەی بێبەها ".

ئێمە دەتوانین وەڵامبدەینەوە، ماددەیەك کە ماتریالیستەکان لە بارەیەوە دەدوێن، ماددە خۆبەخۆ و بەردەوام گۆڕاو و چالاك و وەبەرهێنە، ماددە چ کیمیایی و چ ئەندامی، بەهۆی تایبەتمەندییەکانی یان هێزە میکانیکی و فیزیکی و زیندەوەرانیی و هۆشمەندییەکانەوە، کە

بەگوێرەی پێویست بە ئەوەوە پەیوەستن، لە ڕاستیدا لەتەك ئەو "مادده بێبەهایە"ی کە ئایدیالیستەکان لەبارەیەوە دەدوێن، هیچ پەیوەندییەکی نییە. ئەوەی دواییان، بەرهەمی ئەبستراکتکردنێکی درۆینەیە، بەڕاستی شتێکی گەمژانەیە، بێگیان و بێجووڵە و ناتوانا لە دروستبوونی بچووکترین بەرهەم، خۆشباوەڕییەکی نەفرەتێنەرە لە بەرانبەر خۆشباوەڕییەکی جوان، کە "یەزدان"ی ناودەنێن؛ لە بەرانبەر ئەو بوونە باڵایەی مادده، ماددەی ئەوان، ڕووتۆکراوە لەوەی کە سروشتە کەتوارییەکەی پێکدەهێنێت، بە ناچاری کۆتاییەکی پووچ دەردەخات. ئەوان هۆشمەندیی و ژیان و گشت چۆنایەتییە دیاریکەرەکان و پەیوەندییە چالاکەکان و هێزەکان و تەنانەت بزووتنیشیان لە ئەو سەندوونەتەوە، کە بەبێ ئەوانە مادده تەنانەت بارستاییشی نابێت و بێجگە لە دەستپێڕانەگەیشتن و نابزووتنیی تەواو لەنێو بۆشایی، هیچ شتێکیان بۆ ئەو نەهێشتووەتەوە؛ ئەوان گشت ئەو هێزە سروشتییانە و تایبەتمەندی و پێکهێنەرەکانیان داونەتە پاڵ بوونێکی خەیاڵیی، کە بە ئەوانە خۆشباوەڕییە ئەبستراکتەکەی ئەویان ئافراندووە؛ هەر ئاوا پاشان، لە جێگۆڕکێی ڕۆڵەکان، ئەو چێکراوەی خەیاڵی ئەوان، ئەو گیانە خەیاڵییە، ئەو یەزدانەی کە هیچ نییە و ناویانناوە "بوونی باڵا" و لە سەرەنجامی پێویستبوونی ئەویان ڕاگەیاندووە، لەنێو بوونی کەتواریی جیهان ئەو هیچ نییە. هەر ئاوا پاش ئەوە بەشێوەیەکی ترسناك بە ئێمە دەڵێن، کە مادده توانای بەرهەمهێنانی هیچی نییە، تەنانەت لە بزووتنی خۆشی ناتوانایە و دواجار دەبێت بەدەستی یەزدانی ئەوان ئافەرێندرابێت.

لە کۆتایی ئەم پەرتووکە هەندێك هەڵە و پووچگەرایی ڕۆشنندەکەمەوە، کە بەناچاریی کەسەکان بەرەو وێناکردنی یەزدانێکی کەسی پاڵپێوەدەنێن، تاوەکو شێوەی ئافەرێنەر و بەڕێوەبەری جیهان وەربگیردرێت؛ یان ئەوەی کە تەنانەت بوونێکی ناکەسیی، جۆرێك لە گیانی یەزدانانە، لە سەراپای دونیا بڵاوبووەتەوە و بەو جۆرە یاساکانی پێکدەهێنێت؛ یان ئەوەی ئەو بە تاکە بۆچوونێك دەهێڵیتەوە، دیارینەکراو و نەبینراو و هەمیشە ئامادە لە جیهان، کە هەردەم لەنێو بوونەوەرە ماددیی و دیاریکراوەکان دەردەکەوێت. لێرەدا ئاماژە بەخاڵێك دەدەم.

گەشەکردنی بەرەبەرەی جیهانی ماددی، هەر ئاوا لەوانەش ژیانی ئۆرگانیکیانەی زیندەوەر و پێشکەوتنی مێژووییانەی هۆشمەندیی مرۆڤ، چ تاکایەتی و چ کۆمەڵایەتیی، بەتەواوی شیاوی وێناکردنە. ئەوە بزووتنێکی تەواو سروشتییە لە ساکارییەوە بەرەو ئاڵۆزی، لە خوارەوە بۆ سەرەوە، لە نزمییەوە بۆ باڵاتر، بزووتنێکە کە لەتەك تەواوی ئەزموونە ڕۆژانەییەکانی ئێمە و

سەرەنجام لەتەك لۆجیکی سروشتیی ئێمە، لەتەك یاسا دیاریکراوەکانی ئاوەزی ئێمە لە گونجاندایە، کە لە هەموو بارێك تەنیا بە یارمەتیی ئەو ئەزموونانە پێکهاتووە و گەشەیکردووە، ئەگەر وردتر بڵێم، ئەوانە گشت بێجگە لە بیرکردنەوە وەك بەرهەمی مادده هیچی دیکە نین و بەو جۆرە نۆژەنبوونەوە و ڕەنگدانەوەی ئەون.

سیستەمی ئایدیالیستەکان ڕێك بە پێچەوانەی ئەو شتەوەیە. ئاوەژووکردنەوەی گشت ئەزموونەکانی مرۆڤ و ژیریی تەندروست و جیهانێك، کە لە مەرجە بنەڕەتییەکانی گشت تێگەیشتنە مرۆییەکان هاتووەتە بوون، لە پێشکەوتنی دروستی سادە و ئاسایی وەك دوو جار دوو دەکاتە چوار [ ٢ x ٢ = ٤]، تاکو دەگاتە ئاڵۆزترین سەرنجی زانستیی، بەتەنیا لەسەر بنەمای پەیگیرانەی زانینی مرۆڤ دەگۆڕدرێن.

تەواو دوور لە پاشڕەویی، نەزمی سروشتی لە خوارەوە بۆ سەرەوە، لە نزمەوە بۆ باڵا و لە سادەوە تاکو ئاڵۆز؛ لەجیاتی هامڕابوونی ژیرانە و وردبینانە لەتەك بزووتنی ڕاستینە لەنێو دونیایەك کە بێگیان ناویدەبەین، بەرەو دونیایەکی گیاندار، گژوگیا، ئاژەڵ و دواتر بەشێوەیەکی دیاریکراو مرۆڤ (لە ماددەیەکی کیمیایی یان تەنێکی کیمیایی بۆ ماددەیەکی گیاندار و تەنێکی گیاندار و دواتر لە تەنێکی گیاندارەوە بۆ بوونێکی بیرکەرەوە)، ئایدیالیستەکان لە بەرەوپێشبردنی تارمایی یەزدانی ئاڵۆز و کڵۆڵ، گیرۆدە و کڵۆڵن، کە لە یەزدانانەوە بەپاشینە بۆ ئەوان ماوەتەوە، ئەوان شێوازێکی تەواو پێچەوانە دەگرنەبەر، لە سەرەوە بۆ خوارەوە، لە باڵاترەوە بۆ نزم، لە ئاڵۆزەوە بۆ سادە. ئەوان لە یەزدانەوە دەستپێدەکەن، چ وەك تاکە کەسێك و وەك بۆچوونێك یان نێوەرۆکێکی تیئۆلۆگیی، پاش ئەوە یەکەمین هەنگاو کە دەینێن، کەوتنەخوارەوەی ئەوانە لە بەرزاییە شکۆدار و ئایدیالە نەمرەکانەوە بۆ قوڵایی جیهانی ماددی؛ لەوپەڕی تەواوییەوە بۆ ئەوپەڕی کەمیی، چونکە ئەو بوونە یەزدانییە هەمیشەییە دیارینەکراوە، هەڵکشاوی بێچەندوچوونە و لەوانەشە لە خۆماندوو-بوونەوە لەسەر ئەو "پرسە مەرگاوییە" مەترسیدارە بڕیاریداوە، شتێك کە هیچ ئایدیالیستێك، هیچ یەزدانناسێك، هیچ میتافیزیکیگەرێك، هیچ هۆنەرێك، هیچ کات نەیتوانیوە خۆی لە ئەو شتە تێبگات یان ئەو بۆ بێباوەڕان ڕۆشنبکاتەوە. هەموو ڕێرەوەکان، لە ئێستا و ڕابوردوو و هەموو سیستەمە فیلۆسۆفییە دەرکەوتووەکان لەنێو ئەو تاکە مەتەڵە گەمژانەیە گیرۆدە بوون.

پیاوانی ئایینی[۱] و یاسادانەرانی ڕۆشنگەر و پەیامدەران و فریاگوزاران کە ئەوان بۆ ژیان لە دوای دەگەڕان، کەچی تەنیا ئەشکەنجە و مەرگیان بەدەستهێنا / دۆزییەوە. وەك (ئەبولهۆلی) جاران ئەوانی قوتداوە، لەبەرئەوەی کە نەیاندەتوانی ئەو ڕۆشنبکەنەوە. گەورە فیلۆسۆفان هەر لە هیراکلیتوس Heraclitus و پلاتۆ Plato تاکو دەگاتە دێکارت Descartes، سپینۆزا Spinoza، لایبنیتز Leibnitz، کانت Kant، فیشتە Fichte، شێلینگ Schelling و هێگل Hegel، لەبیرماننەچێت فیلۆسۆفانی هیند، خەرمانێك پەرتووکی چەند بەرگی و کۆمەڵێك سیستێمی نایاب و باڵایان چێکردووە، کە لەنێو ئەوانە بەشێوەی جۆراوجۆر زۆر شتی جوان و بەرچاویان گوتووە و کۆمەڵێك ڕاستی نەمریان دەرکردوون، بەڵام ئەوان مەتەڵی ئەرکە بنەڕەتییەکەی خۆیان لەبارەی لێکۆڵینەوە باڵاکانیان بە هەمان بێوەڵامی مەتەڵەکەی پێشتر وەك خۆی هێشتووەتەوە. هەوڵی بێوێنەی بەرچاوترین بلیمەتە ناسراوەکانی جیهان، ئەوانەی کە یەك لە دوای یەك بەڕادەی کەم لە ماوەی سی (۳۰)سەدە، سەرلەنوێ ئەو کارەی (سیزیف)یان ئەنجامداوە و سەرەنجام دەرکنەکراویی هەرچی زیاتری ئەو مەتەڵەیان دووبارەکردووەتەوە. ئایا دەبێت هیواداربین، کە ئەو مەتەڵە بەهۆی گومانی ئاسایی هەندێك لە شاگردانی منەتفرۆشی خۆبەزانازانی میتافیزیك بە شێوازێکی دەستکردی هەڵخەڵەتێنەرانە بۆ ئێمە بخەنەڕوو، لە کاتێکدا کە گشت مرۆڤە زیندوو و پەیگیرەکان لەو کاتەوەی ئەو زانستە ناڕۆشنە سەریهەڵداوە، لەنێوان باوەڕی بێبەڵگە و بەڵگە زانستییەکان نێوبژییان وەلاناوە (بەبێ گومان بەگوێرەی تێڕوانینی مێژوویی شیاوی ڕۆشنکردنەوەیە) ؟

ئاشکرایە، کە ئەو مەتەڵە سەرگێژکەرانە لێکدانەوە وەرناگرن (پووچن، لەبەرئەوەی تەنیا پووچی دەتوانێت بەبێ ڕۆشنکردنەوە بمێنێتەوە). ئەوە ڕۆشنە کە هەر کەس بۆ شادومانی و ژیانی خۆی بەپێویستی بزانێت، دەبێت بەڵگەکانی خۆی بەدرۆبخاتەوە و ئەگەر بتوانێت، بگەڕێتەوە سەر باوەڕی گەمژانە و کوێرانە و ساکارانە، بە دووبارەبوونەوەی تێرتولیانوس Tertullianus [لە یەکەمین یەزدانناسە گەورەکانی مەسیحی - و.فارسی] و گشت باوەڕهێنەرانی ناڕووگیری ئەو واژانە، کە لەنێو نێوەرۆکی تێئۆلۆگییەکان کۆدەبنەوە: "باوەڕم هەیە، چونکە پووچە" [دەقی ئەو گوتەیە بە لاتینییە]. پاشان گشت لێدوانەکان ڕادەوەستن و بێجگە لە دەبەنگی پیرۆزیی باوەڕ، شتێك نامێنێتەوە. بەڵام دەستبەجێ پرسیارێکی دیکە دێتەگۆڕێ : "چۆن دەکرێت مرۆڤێکی هۆشمەند و ژیر، جارێك لە جاران بتوانێت هەستبکات، کە پێویستی بە باوەڕهێنان بە مەتەڵێکی بێوەڵام هەیە؟ " .

هیچ شتێك لەوە سروشتیتر نییە، کە هێشتا لەنێو خەڵك باوەڕ بە یەزدانی ئافەرێنەر و ڕێکخەر و داوەر و سەردار و نەفرەتکەر و ڕزگارکەر و بەخشندەی زەواد و دابینکەری باشییەکانی جیهان، باوبێت، بەتایبەت لە ناوچە گوندنشینەکان، لەو شوێنانەی کە فراوانتر لە پرۆلیتاریای شارنشین باوی هەیە. خەڵکی بەدبەختانە، فرە دەستەمۆن و بە هەوڵی سیستماتیکانەی گشت فەرمانداریيەکان لەنێو داوی ئەو دەستەمۆیە ڕادەگیردرێن، ئەو دەستەمۆییە لەبەرئەوە نا، کە ڕازیکەرە، بەڵکو لەبەر پێویستبوونی بۆ بوون و مانەوەی دەسەڵاتی خۆیان، بەپێویستی دەزانن. خەڵکی لە دەرگیری لەتەك کرێکاریی ڕۆژانەی خۆی، بێبەش لە هەموو پشوویەك، بێبەش لە مشتومڕی ڕۆشنبیران، لە خوێندنەوە، بەکورتی بێبەش لە هەر واتایەك، بێبەش لە هەر هاندەرێك کە لەنێو هۆشی مرۆڤ بیرکردنەوە پێدەگەیێنێت، لە باری ئاساییدا بەبێ ڕەخنە و دەربایسی نەریتە ڕێڕەوییەکان وەردەگرێت. ئەو نەریتانە لە سەردەمی منداڵیی چواردەوری مرۆڤەکان لەنێو هەر پێگەیەکی ژیان دەگرێت و بە شێوازێکی دەستکرد لەتەك کۆمەڵێکی زۆر لە ژاراوکەرانی فەرمیی لەنێو ئاوەزی ئەوان بەهێزدەکرێن، ژاراوکەرانێك لە هەموو جۆرەکان، لە کەشیشان و نائایینییەکان [نا ڕوحانییەکان]؛ بەو جۆرە، ئەو نەریتیانە دەبنە بەشێك لە نەریتە ئاوەزیی و مۆراڵییەکانی ئەوان و لە باری ئاسایی تەنانەت بەهێزتر لە تەواوی ژیریی ئەوان.

هۆکارێکی دیکەش هەیە، کە باوەڕە پووچەکانی خەڵکی لێکداونەتەوە و بەشێوەیەك ئەوانە ئاڕاستەدەکات: بار و دۆخی پەژاراویی مرۆڤەکانە، کە بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی ئابووریيانەی کۆمەڵ لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپایی خۆیان بە ئەوە دەستەمۆدەکەن. لە بارێکدا کە هەم لە ڕووی هزریی و مۆڕاڵییەوە و هەر ئاوا لە ڕووی مادديیەوە تاکو ئاستی کەمایەسیی بوونە مرۆییەکان داگیراوە، ژیانێکی زیندانی کە لەنێو زیندان بەرتەسککراوەتەوە و نەبوونی ئاسۆ و بۆچوون، بەبێ هیچ کڵاوڕۆژنەیەك و تەنانەت بەبێ داهاتوو، ئەگەر بڕوامان بە قسەی ئابووریناسان هەبێت، ئەگەر ئەو خەڵکە ئارەزووی هەڵهاتنیشیان نەبووایە، ئەوا تەنانەت لە توانای خۆڕسکیی ئاژەڵیش بێبەشدەبوون؛ بۆ هەڵهاتن سێ شێواز هەن، دوو دانەیان خەیاڵیی و یەکێك کەتواریی. دوو دانەی یەکەم، مەیخانە و کلیسا، نائاگاکردنی جەستە یان هەرزەیی ئاوەز؛ سێیەمین، شۆڕشی کۆمەڵایەتییە. بەو جۆرە بەو ئەنجامە دەگەین، کە ئەوەی دوایی بۆ لەنێوبردنی دوایین کارایی باوەڕە ڕێڕەوییەکان و خووە هەرزەکارانەکانی خەڵك لە گشت پاگەندە یەزدانناسییەکان فرە بەهێزتر دەبێت، باوەڕ و ئەو نەریتانەی کە فرەتر لەوەی کە لەباری ئاساییدا وێنادەکرێن، لەتەك یەکدی ئاشنان. بە جێگرتنەوەی (یەکسەر بڵێین) چێژە

خۆشباوەڕییەکان و ئاژەڵمۆرکانەی جەستەیی و هەرزەکاری گیانیی Spiritual و کۆمەڵێکی دیکە چێژ، ئاوا کە گوتمان، بەهەمان ڕادە بۆ مرۆڤایەتی ئاوا درۆینە و ناپاکن، کە ناکەتواریین؛ بە جێگرتنەوەی ئەو چێژانە، شۆڕشی کۆمەڵایەتیی هێندە توانایی ئەوەی هەیە، کە دەرگەی هەموو مەیخانەکان و کلیساکان بەیەکجاریی دابخات.

تاکو ئەو کاتەی، کە کەسەکان بەگشتی باوەڕیان هەبێت؛ هەرچەندە ئەگەر هۆکارێکیش بۆ باوەڕداربوونیشیان نەبێت، ئەوا مافی خۆیانە و هیچ نەبێت، دەبێت ئەو مافەیان هەبێت.

توێژێك لە خەڵکی هەیە، کە ئەگەر باوەڕیشی نەبێت، ڕادەی کەم دەبێت خۆی باوەڕدار نیشانبدات. ئەو توێژە ئەوانە دەگرێتەوە؛ گشت ئەشکەنجەدەران، گشت چەوسێنەران، هەر ئاوا گشت بەهرەکێشانی مرۆڤایەتی، لەوانە پیاوانی ئایینی و هەر ئاوا پیاوانی دەوڵەت، سەربازان، سەرمایەگوزارانی دەوڵەتی و تایبەتی، پلەوپایەداران لە هەموو گروپەکان، پۆلیسان، جەندرمان، زیندانەوانان و سیخوڕان، چەپاوڵگەران، پاوانگەران، سەرمایەداران، باجگران، کۆنتراکتچییان و زەمینداران، پارێزەران، ئابووریناسان، ڕامیارکارانی هەموو توێژەکان تاکو دەگاتە بچووکترین فرۆشیاری شیرینیمەنی، هەموو ئەوانە بە دووبارەکردنەوەی واژەکانی ڤۆلتێر یەکدەنگن، کە دەڵێت "ئەگەر یەزدان نەبووایە، پێویستبوو بئافرێنرێت." وەك دەزانیت، "خەڵکی دەبێت ئایینێکی هەبێت"، چونکە ئەوە بتی دڵنیاییە.

بێجگە لە ئەوانە، توێژێکی دیکە لە خەڵکی ڕاستگۆ هەیە، بەڵام ترسنۆك، زۆر لەوە هۆشیارترە، کە پەیگیرانە دەمارگیرییە مەسیحییەکان وەربگرێت، بەڵام بە کورتی نە ئازایەتی هەیە و نە هێزی ئەوە و نە ورەی ئەوەشی هەیە، کە دەسبەجێ و بە یەکجاری نکۆڵی لەو شتانە بکات. ئەو گشت پووچییە تایبەتەکانی ڕێڕەو بۆ ڕەخنەی ئێوە هەڵدەگرێت، لە بەرانبەر گشت پەڕجووەکان لوتی بەرز ڕادەگرێت، بەڵام فرە بەتوندی بە پووچییە بنەڕەتییەکەوە بەستراوەتەوە؛ بە سەرچاوەی هەموو ئەوانی دیکەوە، بە پەڕجوویەك کە هەموو پەڕجووەکانی دیکە ڕۆشندەکاتەوە و ئاڕاستەیدەکات؛ بوونی یەزدان. یەزدانی ئەوان بوونەوەرێکی بەهێز و زۆردار، کەسیی و دڕندە و بێبەزەیی ئایین نییە. بوونەوەرێکی ڕۆشن، هەورئاسا و خەیاڵی، کە لەتەك یەکەمین کۆشش بۆ گرتنی لەنێو بۆشایی وندەبێت؛ سەرابێکە، "ئاگری گەمژەکان" (م.٦)، کە نە هیچ گەرمدەکات و نە ڕۆشنایی دەدات. هەر ئاوا ئەوانە هێشتا، توند دەستیان پێوەگرتووە و لەو باوەڕەدان لە

جێگەیەك کە ئەو ونبێت، هەموو شتەکانیش وندەبن. ئەوانە کەسانی دوودڵ و ناتوانان، کە هەژمارگەریان لەنێو شارستانیی هاوچەرخ لەدەستداوە، نە بە ئەم سەردەمە پەیوەستن و نە بە داهاتوو، تارماییگەلێکی ڕەنگپەڕیو، کە بۆ هەمیشە لەنێوان زەمین و بەهەشت هەڵواسراون و لەنێوان ڕامیاریی بۆرجوازی و سۆشیالیزمی پرۆلیتێریی بەڕێکی هەر ئەو پێگەیەشیان هەیە، بەردەوام کات و وزەی خۆیان بۆ ئاشتکردنەوەی ئاشتیوەرنەگران بەفیڕۆدەدەن. ئەوانە لەنێو خەڵکی بە "بۆرجوا سۆشیالیست" ناسراون.

لێدوان لەبارەی هاوبۆچوونیی لەتەك ئەوان یان هەڵوێستگیریی بەرانبەر ئەوان لە دەرەوەی بابەتەکەیە، چونکە لە ڕاستیدا ئەوان فرە لاواز و بێسەنگن.

بەڵام هەر ئاوا هەژمارێکی کەم لە ئەوان پیاوانێکی هەڵکەوتوو و ناودارن، هیچ کەس ناوێرێت بەبێ ڕێزگرتن لە ئەوان لەبارەیانەوە بدوێت و هیچ کەس تەندروستیی و بەهێزیی هۆش و نیەت-چاکی ئەوان ناخاتە ژێر پرسیار. لێرەدا تەنیا پێویستمان بە ناوهێنانی ماتسینی Mazzini، میکێڵێت Michelet، کوینێت Quinet و جۆن ستوارت میل John Stuart Mill هەیە.[٢] گیانە بەخشندە و تواناداڕەکان، دڵە گەورەکان، هۆشە تیژەکان، نووسەرانی گەورە و یەکەمین پاڵەوانان و شۆڕشگێڕانی گێڕانەوەی "نەتەوەی گەورە"، ئەوانە هەموو نێردراوانی ئایدیالیزمن و هەم لە ڕووی فیلۆسۆفی و هەم لە ڕووی ڕامیارییش، دوژمنانی توندڕەوی ماتریالیزم و سەرەنجام، هەر ئاوا دوژمنی (سۆشیالیزم)یشن.

دەی کەواتە لە بەرانبەر ئەوان، پێویستە ئەو پرسیارە شرۆڤەبکەین.

سەرەتا، مۆڵەتبدەن بەیادبهێنمەوە، کە هیچ یەك لە کەسانێکی ناودار، نە ئەوانەی کە من ناوی ئەوانم هێناوە و نە هیچ یەك لە بیرمەندانی دیکەی ئایدیالیست، بە هەر واتایەك لەم ڕۆژگارەی ئێمە، هیچ کات ئاوڕیان لە لۆجیکی پرسین نەداوەتەوە. هیچ کەس هەوڵینەداوە، کە لە تێڕوانینی فیلۆسۆفییەوە لەتواناداربوونی "پرسی مەرگی" یەزدانی لە سەرزەمینی تەواو و هەمیشەییەی گیانەکان بە زۆنگاوی جیهانی ماددی دیاریبکات. ئایا لە گەیشتن بە ناکۆکی ئاشتیهەڵنەگر ترساون و پاشان لەنێو چارەسەری ئەو، گەورەترین بلیمەتانی مێژوو ناونراون؟ یان ئاوایان دیتووە، کە هەر ئێستا بە ئەندازەی پێویست دیاریکراوە؟ ئەوە نهێنییەکەی ئەوانە. ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە

بۆ خستنەڕووی هزریی بوونی یەزدانێکی تەریکەوتە و تەنیا بە بەدەستهێنانی هۆکارە کردەیی و سەرەنجامەکانییەوە خەریکبوون. وەك کەتوارێك لەتەك ئەو ڕەفتاریانکردووە، کە لە جیهان پەسەندکراوە و بەو جۆرە شایستەی هیچ جۆرە گومانێك نییە و بۆ سەلماندنی بەڵگەنەویستیی، خۆیان بەوە بەربەستکردووە، کە کۆنیی و جیهانگیری باوەڕ بە یەزدان، هەژماربکەن.

ئەوە هاوڕاییە لەتەك شکۆمەندیی لە دیتنی ئەو پیاو و نووسەرە ناودارانە، ئەگەر تەنیا لەو ڕووەوە کە گەورەترینیان وتاردەرانە دەربڕیوە، بهێنینەوە، لە ژوزیف دو ماستەر Joseph de Maistre و پاڵەوانی گەورەی ئیتالیایی جوزێپێ ماتسینی Giuseppe Mazzini - لە گشت ئەوە بەنرخترە، کە زانست نیشانیدەدات؛ ئەگەر لۆجیکی دەربڕینی گروپێکی بچووك لە بیرمەندانی لۆجیکیی و تەنانەت فرە بەتواناش، بەڵام دابڕاو لە دونیا، پێچەوانەی ئەوە بێت، چەندە خراپترە بۆ ئەو بیرمەندانە و لۆجیکی ئەوان. ئەوان دەڵێن پەسەندکردنی گشتیی و سەرەتایی باوەڕێك، هەردەم وەك سەرکەوتووانەترین گەواهی بۆ ڕاستییەکی ئاوا ناسراوە. شتێك کە دەربارەی گشت دونیا هەستپێدەکەین و ڕێکەوتنیك کە هەردەم و لە هەموو شوێنێك بوونی هەبووە، ناتوانێت هەڵەبێت؛ دەبوو لەنێو ڕیشەی پێویستییەك هەبێت، کە بێچەندوچوون لەنێو بوونی سروشتی مرۆڤە. تاکو ئەوێندەرێ کە پەسەندکراوە، گشت خەڵکی لە ڕابوردوو و ئێستاش بە بوونی یەزدان باوەڕیان هەبووە و هەیە، ڕۆشنە ئەوانەی کە لەبارەی ئەوەوە بەختی گومانکردنیان نەبووە، بەبێ سەرنجدان لە لۆجیکێك، ئەوانی بەرەو ئەو دوودڵییە پاڵپیوەناوە، کە دەرهاویشتەی ناسروشتیی و ئەژدیهاییە.

بەو جۆرە، پاشان، پێویستە پێشینە و گشتییەتی باوەڕێك لەبەرچاوبگیردرێت، کە سەرەڕای هەموو ناکۆکییەکانی لەتەك زانیاریی و لۆجیك، دەبێت سەلمێنەری تەواو و بەبێ دوودڵی بۆ دروستیی بناسێرێت. بۆ چی؟

تاکو سەردەمی کۆپەرنیکوس Copernicus و گالیلۆ Galileo هەمووان پرسەکەیان ئاوا دەدیت، کە خۆر لە دەوری گۆی زەمین دەسووڕێتەوە. مەگەر هەموویان هەڵەنەبوون؟ چ شتێك لە کۆیلایەتی کۆنتر و جیهانییترە؟ لەوانەیە مرۆڤخۆریی Cannibalism. لە سەرەتای مێژووی کۆمەڵ تاکو ئەم ڕۆژگارە، هەردەم و لە هەموو شوێنێك کاری زۆرەملێیانەی بە جەماوەر - کۆیلان و جوتیاران و کرێکارانی ڕۆژانەکرێ - لەلایەن کەمایەتییەکی فەرمانداراوە؛ ستەمکاری لە خەڵك

لەلایەن کلیسا و دەوڵەتەوە، بوونی هەبووە. ئایا دەبێت ئاوا ئەنجامگیریی بکرێت، کە ئەو بەهرەکێشی و نادادییە لەبەرئەوەی کە هەیە، پێداویستی بوونەکەی لەنێو خودی بوونی کۆمەڵی مرۆییەوە سەریهەڵداوە؟ ئەوانە نموونەیەکن نیشانیدەدەن، کە بەڵگەکانی لایەنگرانی یەزدان هیچ شتێك ناسەلمێنن.

لە ڕاستیدا، هیچ شتێك بە ئەندازەی ستەم و پووچی، کۆن و جیهانیی نییە؛ لە بەرانبەر ئەوەدا، ڕاستی و دادپەروەریی، لەنێو پەرەسەندنی کۆمەڵی مرۆیی کەمتر جیهانیین و لاوترین دیاردەن. هەر ئاوا دەتوانرێت دیاردەیەکی جێگیری مێژووییش لەنێو ئەو ڕاستییە لێکبدرێتەوە: چەوساندنەوەی ئەوانەی کە بۆ یەکەمین جار ڕاستیان ڕاگەیاندووە، ئەوسا و ئێستاش، بەرکاری (objects) دەستی بەرتەریدارە فەرمییەکان و گرنگپێیدەرانی باوەڕە "جیهانیی" و "کۆنەکان"ـن ؛ هەر ئاوا فرە جاریش لەسەر دەستی هەمان جەماوەر، پاش ئەشکەنجەدانی، هەردەم بە ملدان بە بۆچوونەکانی ئەوان کۆتاییهاتووە و سەریانخستوون.

بۆ ئێمە، ماتریالیستەکان و سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان، لەنێو ئەم دیاردە مێژووییە هیچ شتێکی سەرسوڕهێنەر یان ترسناك بوونی نییە. بەوپەڕی ویژدان و ئەڤینی ئێمە بۆ ڕاستیی بە هەموو مەترسییەکانییەوە، بەوپەڕی شەیدایی ئێمە بۆ لۆجیك، کە لەنێو خۆی یەکێتی هێزێکی مەزن پێکدەهێنێت و لە دەرەوەی خۆی هیچ هزرێك بوونی نییە، بەوپەڕی شەیدایی ئێمە بۆ دادپەروەری و باوەڕی پتەوی ئێمە بە سەرکەوتنی مرۆڤایەتی بەسەر هەموو نەریتە دڕندانە تیئۆریی و کردەییەکان؛ دواجار، بەوپەڕی پشتیوانی و دڵنیایی بەرانبەرانەی ئەو هەندە دیاریکراوانەی کە لەنێو باوەڕی ئێمە هاوبەشن، ئێمە خۆمان دەدەینە دەست گشت ئەنجامەکانی ئەو بار و دۆخە مێژووییە، کە لە هەناوی ئەو دەرکەوتنی یاسایەکی سروشتی دەبینین، بە هەمان ئەندازەی سروشتیی، بە هەمان ئەندازەی پێویست و هەمان ئەندازە نەگۆڕیی زاڵیی یاساکانی دیکە بەسەر جیهان.

ئەوە یاسایەکی لۆجیکییە، کە سەرەنجامی ناچاریی ڕەچەڵەکی ئاژەڵیی، کۆمەڵی مرۆییە؛ لە شێوەی گشت سەلمێنراوە زانستیی و دەروونناسیی و فیزیۆلۆجی و مێژووییە کەڵەکەکراوەکانی ئەم ڕۆژگارە، هەر ئاوا لە شێوەی داگیرکاریی ئاڵمانییەکان بەسەر فەرەنسە، کە ئێستا بۆ ئەو مەبەستە لەنێو نمایشێکی ئاوا سەرنجڕاکێش خۆیان هەڵدەخڕێنن، چیدی بواری دوودڵییەکی

پەیگیرانە لەنێو ئەو ڕەچەڵەکە نامێنێتەوە. لەو ساتەوەی کە ئەو ڕەچەڵەکە ئاژەڵییەی مرۆڤ پەسەندکراوە، هەموو شتێك ڕۆشندەکرێتەوە. پاش ئەوە، مێژوو بۆ ئێمەی دەگۆڕێت بە ڕەتکردنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە، لە ئێستادا نادەربەست و لەسەرخۆ و بەورەتر و بەهێزتر لە ڕابوردوو. مێژوو، ڕێك لە نکۆڵیکردن لە ئاژەڵێتی سەرەتایی مرۆڤ و پێشکەوتن و پێگەییینی مرۆڤایەتییەکەی دێتەدی. مرۆڤ، چوارپێیەکی دڕندە، ئامۆزای گۆریلا، لەنێو تاریکی بەرجەستەی سروشتی ئاژەڵییەوە بۆ ڕۆشنایی هزر هاتۆتە دەرەوە، ئەوەش، بە بەڵگەی تەواو سروشتییەوە، هەڵەکانی ڕابوردووی نیشانداوە و لەبەر هەڵە هەنووکەییەکانیمان ئێمە دڵنەواییدەکات. ئەو لە کۆیلەتی ئاژەڵەوە هاتۆتە دەر و لە باری تێپەڕینە لە کۆیلەتی یەزدانیی، پێگەی تێپەڕی نێوان ئاژەڵی و مرۆییەکەی، ئەو ئێستا بۆ گەیشتن بە ئازادی مرۆیی بەرەو پێش دەڕوات. لێرەوەیە، کە پێشینەی باوەڕێك، بۆچوونێك، فرە دوور لە سەلماندنی شتێك لە قازانجی خۆی، ناچارە، لە بەرانبەردا ئێمە ناچاربکات لەبارەی ئەو گومانبکەین. چونکە لە پشتمانەوە، ئاژەڵێتی ئێمەیە و لە پێشمانەوە مرۆڤایەتی. ڕۆشنایی مرۆیی، تەنیا شتێك کە دەتوانێت گەرم و ڕۆشنمانبکاتەوە، تەنیا شتێك کە دەتوانێت ئازادمانبکات، شکۆ و متمانە بە ئێمە بدات و ئازادی و شادی بدات، برایەتی* نێوانمان بهێنێتەدی، هیچ کات لە سەرەتادا نییە، بەڵکو لەبارەی سەردەمیك کە تێیدا دەژین، هەردەم لە کۆتایی مێژوودایە. کەواتە مۆڵەتبدەن، هیچ کات ئاوڕ لە دواوە نەدەینەوە، مۆڵەت بدەن هەردەم سەیری پیشەوە بکەین؛ لەبەرئەوەی کە ڕۆشنایی لە پێشەوەیە، ڕزگاری ئێمەش لە پێشەوەیە. ئەگەر سەرنجڕاکێش و بەکەڵك بێت یان تەنانەت زیانێك کە ئاوڕ لە دواوە بدەینەوە و بە ڕابوردووی خۆمان بچینەوە و شرۆڤەبکەین، ئەوە تەنیا بۆ ئەوەیە، کە بزانین چی بووین و پاش ئەوە نابێت چی بین، باوەڕمان بە چی هەبووە و لەبارەی چی بیرماندەکردەوە و لەبارەی چی نابێت لەوە زیاتر بیربکەینەوە و باوەڕمان هەبێت، تاکو ئێستا چیمانکردووە و چ شتێك چیدیکە هیچ کات نابێت بیکەین.

بەو ئەندازەیە بۆ مێژوویبوون و هەر ئاوا بۆ جیهانگیربوون هەڵەیە؛ ئەوانە هەموو شتێکن بێجگە لە لێکچوون، ئەگەر نا، ئەوە هەمان بوونی سرووشتی مرۆیی لەژێر هەموو ئاسمانەکان نیشاننادات. هەر ئاوا، لەوێوە کە پەسەندکراوە، هەموو کەسەکان لەنێو هەموو سەردەمەکانی ژیانیان، باوەڕیان بە بوونی یەزدان هەبووە و هێشتاش هەیانە، دەبێت بە سادەیی ئەنجامگیریبکەین، کە بیرۆکەی یەزدان، لە خۆمانەوە سەرچاوەیگرتووە، هەڵەیەکی مێژووییە،

که لەنێو گەشەکردنی مرۆڤایەتی پێویستبووە؛ بپرسین کە بۆچی و چۆن لەنێو ڕەوتی مێژوو سەریهەڵداوە و بۆچی هێشتاش زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکی وەك ڕاستییەك پەسەندیدەکەن.

تاکو کاتێك کە نەتوانین بۆ خۆمانی ڕۆشنبکەینەوە، کە چۆن بیرۆکەی گەردوونی سەروسروشتیبوونی یەزدان بە درێژایی هەڵکشانی مێژوویی خۆهوشیاریی مرۆڤ دروستبووە و دەبوو پێکبێت، هەموو لۆجیکەکان دەربارەی پووچی ئەو بێهوودە دەبن؛ ئەو کاتە هیچ کات ناتوانین لە سڕینەوەی لەنێو هۆشی زۆرینە سەربکەوین، چونکە هیچ کات ناتوانین لەنێو قوڵترین قوژبنەکانی هۆشی مرۆڤ، لە شوێنێك کە ئەو لەوێندرێ لەدایکبووە، هێرشی بکەینە سەر. ئاوا هێرشێك، سزاوار بە تێکۆشانێکی بێسەرەنجام و نابابەتی و ناکۆتا دەبێت و ئێمە ناچاردەبین هەمیشە خۆمان ڕازیبکەین، کە بە ڕواڵەت لەتەك ئەو بجەنگین، لە دەرهاویشتە بێئەژمارەکانی، کە پووچی هەر یەکەیان بە دژواری پێش دەرکەوتنی لەنێو شێوەیەکی نوێ ژێردەکەوێت، شێوەی نوێ، بە هەمان ئەندازە بێواتا، لە بارێك ڕیشەی هەموو پووچییەکان کە جیهان ئازاردەدەن، باوەڕ بە یەزدان وەك خۆی دەمێنێتەوە و هیچ کات لە لەدایکبوونەوە ناوەستێت. بەو جۆرە، ئێستا، لەنێو بەشە تایبەتییەکانی کۆمەڵی باڵاتر، کە گیانگەرایی Spiritualism هەوڵدەدات خۆی لەسەر وێرانەکانی کریستیانیزم ڕۆبنێت.

هەڵبەتە تەنیا لەبەر گرنگیدانی جەماوەر نییە، هەر ئاوا لە گرنگی تەندروستی هۆشی خودی خۆمانیشە، کە دەبێت بۆ تێگەیشتن لە سەرهەڵدانی مێژوویی تێبکۆشین، لە تێگەیشتنی بەدوای یەکداهاتنی ئەو بەڵگانەی کە بیرۆکەی یەزدان لەنێو خودی هوشیاری مرۆڤ دروستکردووە و پێگەیاندووە. چونکە تاکو کاتێك کە ئەو بەڵگانە دەرکنەکەین، بێهوودەیە خۆمان یەزدانناس ناوبنێین؟ چ تاکو ئەو کاتە، هەردەم کەم و زیاد لەنێو ژاوەژاوی ئەو تێگەیشتنە گشتییە ئازاردەکێشین، کە نهێنییەکەی ئەومان نەدۆزیوەتەوە؛ هەر ئاوا، بە لەبەرچاوگرتنی لاوازیی تەنانەت بەهێزترین کەس لە بەرانبەری هەمووان، کارایی بەهێزی کۆمەڵی دەوروبەر کە ئەوی خستووەتە داو، هەردەم لەبەردەم ئەو مەترسییە دەبین، کە زوو یان درەنگ، بەو شێوە یان شێوەیەکی دیکە، بکەوینە داوی پووچی ئایین، نموونەگەلی ئەو وەرگۆڕانە نەنگانە لەنێو کۆمەڵی ئێستایی فرەن .

# بەشی دووەم

بنەڕەتیترین هۆکاری زانستیی ئەو شتەم خستەڕوو، کە بۆچی هێشتا بەهۆی باوەڕە ئاییننییەکانەوە لەم ڕۆژگارە دەسەڵاتداریی بەسەر خەڵک دەکرێت. ئەو ئاڕاستە مەتەڵاوییانە بە هەمان ئەندازە کە دەبنە هۆی بەلاڕێدابردنی هزر، ناڕەزایەتی دەروونیش هەڵدەخڕێنن. بەڵام ئەوانە ناڕەزایەتی خۆزادی [غەریزی] و هەستەکی مرۆڤن دژ بە سنووربەندیی، بێکەڵکیی، پەشیمانی و شەرمەزاریی لە بوونە پەستەکە. بۆ ئەم نەخۆشییە، بەو جۆرەی کە گوتم، تەنیا یەك دەرمان هەیە: شۆڕشی سۆشیالیستی.

هاوکات لەو بارەوە هەوڵمداوە، هۆکارەکانی لەدایکبوون و گەشەی مێژوویی بەرجەستەبوونی ئایین لەنێو هوشیاری مرۆڤ دیاریبکەم. مەبەستی من لە کارکردن لەسەر پرسی بوونی یەزدان، یان سەرچاوەی یەزدانیی بۆ جیهان و مرۆڤ، هەر ئەوەیە. تەنیا لەو تێڕوانینەوەیە، کە ڕۆشنایی دەخەمە سەر کەڵك و بەکاربردنە مۆراڵیی و کۆمەڵایەتییەکانی و بۆ باشتر نیشاندانی بنەما تیئۆرییەکانی باوەڕبوون، بەچەند واژەیەك بیرکردنەوەی خۆم دەخەمەڕوو.

گشت ئایینەکان، هەرچی یەزدان و پەیامدەر و پاپا و پیاوە پیرۆزەکانیان هەن، بە خەیاڵی خۆشباوەڕانەی کۆمەڵە مرۆڤێك چێکراون، کە نەیانتوانیوە بە گەشەی تەواو و دەستڕۆیی تەواو لەسەر تواناییەکانی خۆیان بگەن. سەرەنجام، بەهەشتی ئایینی بێجگە لە سەرابێك لەنێو خەیاڵی مرۆڤ هیچی دیکە نییە، کە بە پیرۆزکردنی نەزانی و باوەڕ، وێنای خۆی نیشاندەدات، بەڵام گەورەکراو و ئاوەژوو (واتە بەیەزدانبوونی). مێژووی ئایین، لە لەدایکبوونەوە تاکو شکۆمەندی و داڕمانی ئەو یەزدانانەی کە یەك لە دوای یەك لەنێو باوەڕی مرۆڤ سەرکەوتوو بوون، بەو جۆرە، هیچ نییە بێجگە لە گەشەکردنی پێکەوە بەستراوی هۆشمەندی و هوشیاری خودی مرۆڤ. مرۆڤەکان لەنێو ڕەوتی بەرەوپێشچوونی پێشکەوتنە مێژووییەکانیان، چ لەنێو خۆیان، چ لەنێو سروشتی دەرەوەی خۆیان، هەر کە دەسەڵاتێك، تایبەتمەندییەك، یان کەموکوڕییەك دەدۆزنەوە، یەکسەرە بە جۆرێکی منداڵئاسا، بە گوێرەی فانتازییە ئایینییەکانیان دەکەونە پێداهەڵدان و گەورەکردنی یەزدانەکانیان. لەژێر کاریی ملکەچیی و دەسەپاچەیی ئاییندارانەی جەماوەری خۆشباوەڕ و باوەڕدار بەهەشت بە چەپاوڵی گۆی زەمین دەوڵەمەندکراوە و سەرەنجام بەگوێرەی پێداویستی، هەرچەندی بەهەشت باڵاتر بووبێت، گۆی زەمین و مرۆڤایەتییش بە هەمان ڕادە خوارتر بوون. یەزدان، لە کاتی دانانیدا، خۆبەخۆ وەك هۆکار، بەڵگە، داوەر و دیاریکەری بێچەندوچوونی هەموو شتێك ڕاگەیێندرا: پاش ئەوە جیهان

هیچ نەبوو و یەزدان هەموو شتێك بوو؛ مرۆڤ، چێکەری ڕاستەقینەی یەزدان، پاش هێنانەدەرەوەی ناهوشیارانەی یەزدان لە هیچەوە، سەری لە بەرانبەریدا شۆڕ کرد، کەوتە پەرستنی و خۆی کردە دەستکردی و بوو بە کۆیلەی دروستکراوەکەی [دەستکردەکەی] خۆی.

ئایینی مەسیحی بەوردی "پێشکەوتووترین" ئایینە، چونکە سروشت و بوونی بنەڕەتی هەر سیستمێکی ئایینی، کە "بێدەرەتانکردن و کۆیلەکردن و تێکشکاندنی مرۆڤایەتی لە بەرانبەر گەورەکردنی یەزدان" بێت، تاکو ئەوپەڕی ئەندازە دەخاتە ڕوو و نمایشدەکات.

بە هەمەکارەبوونی یەزدان، جیهانی کەتواری و مرۆڤ هیچ نین. بە ڕاستیبوونی یەزدان و دادوەربوون و باشبوون و جوانبوون و بەهێزبوون و زیندووبوونی ئەو، مرۆڤ درۆزن و شەڕانی و ئەهریمەنئاسا و ناشیرین و ناتوانا و مردووە. بە سەروەربوونی یەزدان، مرۆڤ کۆیلەیە. هەر ئاوا مرۆڤ بە هەوڵەکانی توانای گەیشتنی بە دادپەروەری و ڕاستی و ژیانی هەمیشەیی نییە، ئەو تەنیا دەتوانێت ئەو شتانە لەنێو سرووشی یەزدانیانە بەدەستبهێنێت. بەڵام هەر کەس کە باوەڕی بە سرووش هەیە، دەڵێت سرووشپێدراوان و مەسیحان و پەیامدەران و پیاوانی ئایینی و لێکدەرەوان لە خودی یەزدانەوە سرووشیان وەرگرتووە و کاتێك ئەوان وەك نوێنەرانی یەزدان لەسەر زەمین و فێرکارانی پیرۆزی مرۆڤایەتی دەناسێت، کە لەلایەن یەزدان بۆ ڕێنوێنیکردنی مرۆڤ لەسەر ڕێگەی ڕزگاری هەڵبژێردراون، دەبێت ئەوەش پەسەندبکات کە ئەوانە بەگوێرەی پێداویستی دەبێت بتوانن هێزی بێچەندووچوونی یەزدانیی بەکاربەرن. گشت خەڵکە دۆشداماوە و فەرمانبردنی بێچەندوچوونەکە لە بەرانبەر ئەوان قەرزارن؛ لە بەرانبەر ڕێنوێنی یەزدانی هیچ ڕێنوێنییەکی مرۆیی ناتوانێت بوونی هەبێت، هەر ئاوا دادپەروەریی یەزدانی هیچ دادپەروەرییەکی زەمینی پەسەندناکات. کۆیلانی یەزدان، مرۆڤەکان دەبێت هەر ئاوا کۆیلەی کلیسا و دەوڵەتیش بن، "چونکە دەوڵەت خراوەتە ئەستۆی کلیسا ". ئایینی مەسیحی ڕاستەقینە، لە هەر ئایینێکی دیکە کە هەبووبێت یان هەبێت، ئەو ڕاستییە باشتر دەزانێت، تەنانەت ئایینە کۆنە ئاساییەکانیش، کە گەلانی لەپێشتر و بەرتەیدار بوون، لە بارێك کە ئایینی مەسیحی ئارەزووی لە ئامێزگرتنی هەموو مرۆڤایەتی هەیە؛ هەر بەو جۆرەش کاسۆلیکگەری ڕۆمییش، لە نێوان گشت باڵە مەسیحیەکان، ئەو ڕاستییەیان بە لۆجیکێکی توندڕەوانەوە دەربڕیوە و جێبەجێیانکردووە. ئەوە بەڵگەی ئەوەیە کە بۆچی ئایینی مەسیحی ئایینێکی بێچەندوچوونە، دوایین ئایین؛ بەڵگەی ئەوەیە کە بۆچی کلیسای ڕۆمی و وابەستە بە پاپا، تەنیا کلیسایەکی یەزدانیی و تەبا و ڕەوایە.

وێڕای ڕێزی فراوانی خواستراو بۆ میتافیزیکیگەران، ئایدیالیستە ئایینییەکان، فیلۆسۆفان، ڕامیاریکاران و هۆنەران : "بیرۆکەی یەزدان، وەلانانی سەلمێنەری مرۆیی و دادپەروەری لە خۆی گرتووە؛ ئاشکراترین نکۆڵیکردنە لە ئازادی مرۆڤ و بەبێ شک دەبێتە هۆی کۆیلەکردنی مرۆڤ چ لە ڕووی تێئۆری و چ لە ڕووی کردەوە. "

دەی کەواتە، نابێت ئێمە بچووکترین سەرنج بدەینە یەزدان، چ یەزدانی تیئۆلۆگی و چ یەزدانی میتافیزێك، مەگەر ئەوەی بەو جۆرەی کە یەسوعییەکانی دەستەی پارێزکار یان پرۆتستانە شێوازگەراکان حەزدەکەن، کۆیلەتی و بێبەهایی جۆری مرۆڤ بخوازین. کەسێك کە لە ئەلف بای یەزدانیی، لە ئەلفەوە (ئ) فێربێت، بەبێ گومان بە (ی) دەگات؛ کەسێك کە دەیەوێت یەزدان بپەرستێت، نابێت هیچ خۆشباوەڕییەکی نەزانانە دەربارەی ئەو باوەڕە بۆ خۆی بپەروەرێنێت، بەڵکو دەبێت بە ئازایەتییەوە نکۆڵی لە ئازادی و مرۆڤایەتی خۆی بکات.

ئەگەر یەزدان هەبێت، مرۆڤ کۆیلەیە؛ ئێستا کە مرۆڤ دەخوازێت و دەبێت ئازاد بێت؛ کەواتە یەزدان ناتوانێت بوونی هەبێت.

هەر کەسێك کە بەسەر ئەم بنەمایە بازبدات، هەر ئێستا من بۆ مشتومڕکردن ڕاکێشیدەکەم؛ مۆڵەت بدەن با هەمووان بەخۆیان هەڵبژێرن.

ئایا پێویستە، ئەوە نیشانبدەم کە ئایین بە چ فراوانییەك و بە چ شێوەیەك پێگەی مرۆڤی هێناوەتە خوارەوە و بۆگەنیدەکات؟ ئەوان، هۆکار و ئامرازی بنچینەیی ڕزگاری مرۆڤ تێکدەدەن و تاکو ئاستی ساویلکەیی، کە مەرجی پێویستی کۆیلەتییە، دادەبەزێنن. ئەوان کاری مرۆڤ نەنگیندەکەن و دەیکەنە نیشانە و سەرچاوەی کۆیلەیی. ئەوان هزر و هەستی دادپەروەرانەی مرۆیی دەکوژن و تەرازووەکە بەرەو لای خراپکارانی سەرکەوتوو و بوونەوەرە بەرتەرەکانی زیادەڕۆیی یەزدانی لارەسەنگدەکەنەوە. ئەوان شانازی و ڕێزی مرۆڤ لەنێودەبەن و تەنیا پارێزگاری لە زەبوونی و ملکەچی دەکەن. ئەوان هەر جۆرە هاوهەستییەکی مرۆیی لەنێو دڵی گەلان دەخنکێنن و بە ستەم و دڵڕەقی یەزدانی جێگەکەی دەگرنەوە.

گشت ئایینەکان بێبەزەیین، هەموویان لەسەر خوێن ڕۆنراون؛ فرەتر لەسەر بیرۆکەی قوچ بنیاتنراون، کە بە قوچکردنی هەمیشەیی مرۆڤایەتی لەبەردەم کینەی هەردەم پەنگخواردووی

یەزدانیی پشتئەستوورن. لەنێو ئەو مەتەڵە خوێنینە هەردەم مرۆڤ تاوانبارە و پیاوی ئایینی ( هەرچەندە هێشتا مرۆڤە، بەڵام مرۆڤێکە کە بە بەزەیی یەزدان بەرتەریی تایبەتی وەرگرتووە) کوتەکبەدەستی یەزدانە. ئەوە ڕۆشنیدەکاتەوە، کە بۆچی هەردەم پیاوانی ئایینی هەموو ئایینەکان، باشترین و مرۆییترین و دەستەمۆترینیان، هەردەم بەڕادەیەك شتێکی خوێنخۆر و بێبەزەیی لەنێو دڵیان هەیە ( ئەگەر لەنێو دڵیشیان نەبێت، ئەوا لەنێو وێناکردن و لەنێو هۆشیان هەیە، ئێمە کارایی ترسناکی ئەوان لەسەر دڵی مرۆڤەکان دەزانین ).

هیچ کەسێك باشتر لە ئایدیالیستە بەرتەرەکانی هاوسەردمی ئێمە، ئەو شتانە نازانێت. ئەوانە کەسانێکی فێربوون، کە مێژوو بە دڵیان دەناسن، هەر ئاوا، سەرەڕای ئەوە، پیاوانێکی زیندووشن، پیاوانێکی گەورە کە ئەڤینێکی قوڵ و ڕاستگۆ بۆ ئاسایشی مرۆڤایەتی چووەتە گیانیانەوە. ئەوان بە شێوەیەکی بێوێنە نەفرەتیان لە گشت ئەو خراپەکارییانە کردووە و گشت ئەو تاوانانەی ئایین نیشاندەدەن. ئەوان، بە توڕەییەوە، هاوبشتی لەتەك یەزدانی ئایینە بێگومانەکان و نوێنەرایەتی ئەو لەسەر زەوی، چ لە ڕابوردوو و چ ئێستا، ڕەتدەکەنەوە.

یەزدانێك کە ئەوان دەیپەرستن، یان ئەوەی ئاوا دەزانن، کە دەیپەرستن، لەتەك یەزدانانی کەتواریی مێژوو جیاوازی هەیە؛ جیاوازی ئەوەیە، کە ئەو بەگشتی یەزدانێکی بەبێ گومان/بڕواپێکراو نییە، کە بەشێوەی یەزدان و تەنانەت میتافیزیکی، پێناسە کرابێت. ئەو نە سۆپەرهێزەکەی ڕۆبسپێر و (ڕۆسۆ)ە، نە یەزدانی بەرجەستەکراو لە سروشتی سپینۆزا و نە تەنانەت یەزدانی لە گشت لایەك ئامادە و باڵا و فرە نارۆشنی هێگڵ. ئەوان گرنگی بەوە نادەن کە هیچ پێناسەیەکی بڕواپێکراو، هەر چیش بێت، بۆ ئەو بکەن، هەر بەڕاستی ئاوای دەبینن، کە هەر جۆرە پێناسەیەك ئەو دەخاتە ڕێوشوێنی دەسەڵاتی لەنێوبەری ڕەخنەی نەیارانی. ئەوان ناڵێن، کە ئایا ئەو یەزدانێکی کەسییە یان نا کەسیی. ئایا ئەو جیهانی دروستکردووە یان نا؛ ئەوان تەنانەت لەبارەی ئایەندەزانی یەزدانیەتی ئەویشەوە قسەناکەن. ئەوان نێوەڕۆکی قسەیان بەس بە گوتنی یەزدان دیاریدەکەن و لەوە زیاتر نا. بەڵام، ئەی یەزدانی ئەوان چییە؟ کە تەنانەت هزرێکیش نییە؛ بەس تەنیا ئارەزووە.

ئەو (یەزدان) ناوێکی گشتییە، کە لە هەر شتێکی شکۆدار، جوان، ڕەسەن و مرۆیی دەنێن. بەڵام ئەی بۆچی ناوی نانێن «مرۆڤ»؟ ئەرێ! لەبەرئەوەیە کە ویلیەم پاشای پروس، (ناپۆلیۆن)ی

سێیەم و گشت هاوپلەکانی ئەوانیش ئاوا مرۆڤێکن، ئەوەش فرە ئازاریان دەدات. مرۆڤایەتی ڕاستەقینە پێکهاتەیەکە لە هەموو شتە باڵا و جوانترینەکان لە سەرتاسەری جیهان، وێرای خراپترین و ناقۆڵاترینەکان. ئەی چۆن بەسەر ئەوە زاڵدەبن؟ لەبەرئەوەیە، کە ئەوان شتێك بە یەزدانی و شتێکی دیکە بە ئاژەڵیی ناودەنێن، لە خستنەڕووی یەزدانیی و ئاژەڵیی لەنێو دوو جەمسەر، مرۆڤایەتی دەکەوێتە نێوانیانەوە. بەڵام ئەوان، هیچ کامیان نایانەوێت یان ناتوانن تێبگەن، کە ئەو سێ چەمکە هەر یەکن و بە لەیەك جیاکردنەوەیان لەنێویاندەبات.

ئەوان لە ڕووی لۆجیکەوە بەهێزنین و لەوانەیە بتوانرێت بگوترێت بە هیچی [پەستی] هەژماردەکەن. ئەوە شتێکە، کە ئەوان لە میتافیزیککارانی باوەڕدار بە یەکێتی بوون و یەزدانپەرستانی بێئایین جیادەکاتەوە و کاراکتەری ئایدیالیزمێکی کردەگەرا بە بیرۆکەکانیان دەبەخشێت، کە فرە کەم سرووشیان بە بەلووتکەگەیشتنی وزەبەرانەی بیرکردنەوە وابەستەدەکات، فرە کەمتر لە ئەزموون و هەر ئاوا دەتوانین بڵێین کەمتر لە هەستەکان. ئەو نواندنە لە سامان و دەسەڵات، ژیان بە ڕاگەیاندنی ئەوان دەبەخشێت، بەڵام تەنیا نواندنێك، چونکە خودی ژیان، کاتێك دەکەوێتە ڕووبەڕووبوونەوەی ناکۆکییە لۆجیکییەکانەوە، نەزۆك و گەوج دەبێت.

ئەو ناکۆکییە لەوەدایە: ئەوان هەم یەزدانیان دەوێت و هەر ئاوا مرۆڤایەتیشیان دەوێت. ئەوان لەسەر پەیوەندانی دوو چەمك پێداگریی دەکەن، کاتێك کە لە یەکدی جیادەبنەوە، تەنیا بۆ لەنێوبردنیی یەکدی دەتوانن لە یەکدی نزیك ببنەوە. ئەوان یەك دەم دەڵێن: "یەزدان و ئازادیی مرۆڤ"، "یەزدان و سەربەرزیی، دادپەروەریی، یەکسانیی، برایەتیی و بەختەوەریی مرۆڤ"، بەڵام ئەوان سەرنجی هەڵەی لۆجیکیی خۆیان نادەن، کە لە ئەنجامی ئەوە، ئەگەر یەزدان بوونی هەبێت، گشت ئەو شتانە بە نەبوونی سزاوار دەبن. چونکە، ئەگەر یەزدان هەبێت، بەگوێرەی پێویستی سەروەرێکی بێچەندوچوون بێت، سۆپەر هێز و نەمرە و ئەگەر ئاوا سەروەرێك هەبێت، مرۆڤ تەنیا کۆیلەیە؛ ئێستا، ئەگەر ئەو کۆیلە بێت، لە توانای ئەو نییە دادپەروەری، یەکسانی، برایەتی و بەختەوەریی هەبێت. ئەوان، بە بێهوودەیی و بە وەلانانی ژیریی تەندروست و وانەکانی مێژوو، یەزدانەکەیان بە ئەڤینی دڵناسکانەی مرۆڤ وێنادەکەن؛ بەڵام سەروەرێك، بە هەر ڕادەیەکیش ئازادیخواز بێت یان بیەوێت خۆی ئازادیخواز نیشانبدات، لە هەموو بارێك بە هیچ شێوەیەك کەمتر لە سەروەرێك نابێت. بوونی ئەو، بەگوێرەی پێویستی، کۆیلەیی گشت

ژێردەستانی لەخۆگرتووە. لەبەرئەوە، ئەگەر یەزدان بوونی هەبووایە، تەنیا بە شێوازێك دەیتوانی بە ئازادی مرۆڤ خزمەتبکات: تەنیا بە لەنێوچوونی خۆی.

وەك ئەڤیندارێکی شەیدای ئازادی مرۆڤ و بۆ دەسەبەرکردنی هەلومەرجی پێویست بۆ گشت ئەوەی لەنێو بوونی مرۆڤایەتی ستاییشیدەکەین و بەدروستی دەزانین، دەربڕینەکەی ڤۆلتەر پێچەوانە دەکەمەوە و دەڵێم: "ئەگەر بەڕاستی یەزدان هەبووایە، پێویست دەبوو لەنێویبەرین". لۆجیکێکی پتەو کە بەو واژانەمان دەگەیێنێت، فرە لەوە ئاشکراترە، کە پێویستی بە درێژدادڕیی بەڵگەهێنانەوە هەبێت. هەر ئاوا دەرکەوێت، ئەو پیاوە هەڵکەوتووانەی کە ناومهێنان و ئەوەندە بەناوبانگ و هاوکات شایستەی ڕێزن، ئەگەری نییە کە بەخۆیان ئەو بابەتەیان نەزانیبێت، ناکۆکییەك کە بە قسەکردنی هاوکات لەبارەی یەزدان و ئازادی مرۆڤ خۆیانی دووچاردەکەن، نەیاندیتبێت. ئەوان بۆ نەدیدەگرتنی دەبوو ئەوە بە ناتەبایی لۆجیکی یان مۆڵەتدانی لۆجیکی وێنابکەن، کە بە کردەوە بۆ خۆشگوزەرانی مرۆڤایەتی پێویستە.

لەوانەشە ئاوا بێت، کە لە کاتی قسەکردن لەبارەی ئازادی وەك شتێکی فرە شایستەی ڕێز و خۆشەویستی لەنێو دیتنی ئێمە، واتایەکیان بەو دەربڕینە بەخشیبێت، فرە جیاواز لەو تێگەیشتنەی کە ئێمە ماتریالیستەکان و سۆشیالسیتە شۆڕشگێڕەکان بەرێزی دادەنێین. ئەوان هیچ کات بەڕاستی لەو بارەوە قسەناکەن، بەبێ ئەوەی کە دەستبەجێ واژەیەکی دیکەیش بۆ ئەو زیادبکەن، "سەروەری" واژە و چەمکێکە کە ئێمە لە قوڵایی ناخمانەوە لە ئەو بێزارین.

سەروەری چییە؟ ئایا دەسەڵاتی نکۆڵیهەڵنەگری یاساکانی سروشتە، کە خۆی لە نۆبەبوون و زنجیرەییبوونی دیاردەکانی جیهانی فیزیکی و کۆمەڵایەتیی دەنوێنێت؟ ڕاستی ئەگەر ئاوا بێت، شۆڕش لە دژی ئەو یاسایانە نەك هەر لواو نییە، بەڵکو لە تواناش نییە و ئەستەمە. ئەگەری هەیە بە هەڵە لەو یاسایانە تێبگەین یان تەنانەت نەشیانزانین، بەڵام ناتوانین پەیڕەویان لێ نەکەین؛ چونکە ئەوانە بنەڕەت و بنەمای هەلومەرجی بوونی ئێمە پێکدەهێنن؛ ئەوان ئێمەیان دەورداوە، ڕۆچوونەتە ناخی ئێمە، گشت بزووتن و بیرکردنەوە و کردارەکانی ئێمە ڕێکدەخەن؛ تەنانەت کاتێك ئێمە ئاوا دەزانین، کە لە ئەوان سەرپێچیدەکەین، تەنیا شتێك کە ئێمە نواندوومانە، دەسەڵاتی بێچەندوچوونی ئەوانە.

بەڵێ، ئێمە بێچەندوچوون کۆیلەی ئەو یاسایانەین. بەڵام لەنێو ئەم کۆیلەییە هیچ سووکایەتییەك بوونی نییە، یان تەنانەت هەر لە بنەڕەتەوە بەخۆی کۆیلەیی نییە، چونکە کۆیلەیی من وێناکردنی سەروەرێکی دەرەکی لەخۆدەگرێت، یاسادانان لە دەرەوەی کەسێك، کە لە سەر ئەو فەرمانبدات، لە کاتێك کە ئەو یاسایانە لە دەرەوەی ئێمە نین؛ ئەوان لەنێو بوونی ئێمە بە لەبۆماوەیی ماونەتەوە؛ ئەوان بوونی ئێمە پێکدەهێنن، یان تەنانەت سەراپای بوونی ئێمەن، بوونی فیزیکی و هزری و مۆراڵی: ئێمە تەنیا بە هۆی ئەو یاسایانەوەیە، کە دەژین، هەناسە دەدەین، بیردەکەینەوە و دەخوازین. بەبێ ئەوانە ئێمە هیچ نین، "ئێمە بوونمان نییە. کەواتە لە کوێوە دەتوانین دەسەڵات یان حەزی یاخیبوون لە دژی ئەوان بەدەستدەهێنین؟

بەڵام لەنێو ئەو پەیوەندییە لەتەك یاساکانی سروشتت، ئازادییەك بۆ مرۆڤ بوونی هەیە: کە ئەوان بناسێت و لە ئاستێکی گونجاو و فراوانتر، بە لەبەرچاوگرتنی خواستی گشتی یان تاکیی بۆ ڕزگاربوون یان بەمرۆڤبوون دەگیردرێتەبەر، بەکاریاندەبات. کاتێك ئەو یاسایانە ناسران، سەروەرییەك پێکدەهێنن، کە هیچ کات ناکەونە بەر پرسیاری چۆن و بۆچی جەماوەر. بۆ نموونە، دەبێت سەرەنجام تاك گەمژە یان یەزدانپەرست یان ڕادەی کەم میتافیزیکی، یاسازان یان ئابووریزانی بۆرجوازی بێت، کە دژی ئاوا یاسایەك سەرپێچیبکات، کە دەڵێت دوو جار دوو دەکاتە چوار. تاك دەبێت باوەڕدار بێت تاکو بتوانێت ئەوە وێنابکات، کە ئاگر ناسووتێنێت و ئاو تەڕناکات و ناخنکێنێت، مەگەر ئەوەی بۆ وەستانەوە بەرانبەر ئەو یاسا سروشتییە لەنێو بار و دۆخێکی دیکەی جیاواز دەستەوداوێنی یاسایەکی دیکەی سروشتی بێت. بەڵام ئەو شۆڕشانە، بەڵکو ئەو هەوڵە گەمژانە و خۆشباوەڕانە بۆ شۆڕشێکی لەتوانادانەبوو، بەدڵنیاییەوە ناوازە دەبن؛ چونکە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بگوترێت جەماوەری مرۆڤەکان، لەنێو ژیانی ڕۆژانەی خۆیان، فەرمانداریی ئاوەزی تەندروستیان (واتە کۆمەڵە یاسایەکی سروشتی، کە تەواو ناسراون) بە شێوەیەکی بێچەندوچوون بە فەرمی ناسیوە.

بەدبەختی گەورە ئەوەیە، کە زۆرێك لە یاسا سروشتییەکان، کە بە دەستی زانستی سروشتی فۆرمۆڵبەندی کراون، بە پاسەوانیی فەرمانداریبە سەرتاپاگیرەکان کە لە ئارادان، هێشتا بۆ جەماوەری خەڵك نەناسراو ماونەتەوە؛ هەڵبەتە تەنیا بۆ باشەی خەڵك! دژوارییەکی دیکەیش هەیە، بەشێکی فرە لە یاسا سروشتییەکان کە پەیوەندییان بە پەرەسەندنی کۆمەڵی مرۆییەوە هەیە، بە هەمان ئەندازەی یاسا زاڵەکانی بەسەر جیهانی فیزیکی پێویست و نەگۆڕ و بنەڕەتین، هێشتا بە ئەندازەی پێویست بە دەستی خودی زانستیش نەزانراون و نەدۆزراونەتەوە.

کاتێک کە ئەو یاسایانە بە دەستی زانست ناسران و پاشان بە زانستی پوختە و بە هۆی سیستەمێکی فراوانی فێرکاریی گشتی، بوونە بەشێك لە هوشیاری هەمووان، ئەو کات پرسی ئازادی بە تەواوی چارەسەردەکرێت. ملهوڕترین فەرماندارایانیش دەبێت مل بەوە بدەن، کە چیدی هیچ پێویست نە بە ڕێکخراوی ڕامیاریی دەبێت نە بە یاسا و ڕێنوێنی خەڵك، ئەو سێ شتە، چ لە حەزی کلیسا یان فەرماندارانەوە سەرچاوەیان گرتبێت، یان لە بڕیاری پارلەمانییەوە کە بە دەنگدان هەڵبژێردرابێت، ئەو ڕێکخراوە ڕامیاریانەی کە تەنانەت ئەگەر مەبەستیشیان پەیڕەویکردن بێت لە سیستەمی یاسا سروشتییەکان (هەرچەندە کە هیچ کات مەبەستیان نەبووە و ناشبێت)، هەردەم بە هەمان ڕادە بۆ ئازادی جەماوەر لەنێوبەر و ترسناکن، تەنیا لەبەر ئەو ڕاستییە، کە لەنێو یاساکان سیستەمی دەرەکی و سەرەنجام سەرکوتگەرانە بەسەر ئەوان دەسەپێنن.

ئازادی مرۆڤ بەدیاریکراویی لە ئەوەدا کورتدەبێتەوە : کە پەیڕەوی لە یاساکانی سروشت دەکات، چونکە ئەو بەخۆی یاساکانی ئاوا ناسیوە، نەك لەبەرئەوەی کە لە دەرەوەڕا و بە ویستێکی دەرەکی، هەر چییەك هەبێت، یەزدان یان مرۆڤ، کۆیی یان تاکی، ناچار بە جێبەجێکردنی ئەوانە بووبێت.

دەبا ئەکادێمی فێربووان لەبەرچاوبگرن، کە لە دەرکەوتەترین نوێنەرانی زانست پێکهاتبن؛ گریمان لێپرسراوەتی یاساداڕێژی و بەڕێوەبەرایەتیی بۆ کۆمەڵ دەکەوێتە ئەستۆی ئەو ئەکادێمیە و هەر ئاوا بێجگە لەو یاسایانەی کە لەنێو گونجاویی تەواو لەتەك دوایین دۆزینەوەکانی زانست یەکانگیردەبن. هیچ شتێك تەنیا بە سرووشوەرگرتن لە پاکترین ئەڤین بۆ ڕاستی فۆرمۆڵبەندی ناکات. باشە، ئینجا من بە نۆرەی خۆم، ڕایدەگەیێنم، کە ئاوا ڕێکراوێك فرە مەترسیدار دەبێت، بە دوو بەڵگە : یەکەم، چونکە زانستی مرۆیی هەردەم و بەگوێرەی پێویست ناتەواوە و لە بەراورد بەوەی کە دۆزراوەتەوە و ئەوەی نەزانراو ماوەتەوە، دەتوانین بڵێین، کە هێشتا ساوایە. دەی ئەگەر ئێمە هەوڵبدەین کە ژیانی کردەیی تاکی و کۆیی مرۆڤ پەیڕەویی تەواو لە دوایین بەدەستهاتووە زانستییەکان بکەین، ئەوا ئێمە بەو شتە تەنیا کۆمەڵ و تاکەکانمان بە تێداچوون لەسەر نوێنی پرۆکروستەکان [Procrustes] سزاوارکردوون، کە بە زوویی بە لەنێوچوونی ئەوان کۆتاییدێت؛ هەردەم ژیان بەوپەڕی ڕادە لە زانست گرنگتر دەبێت.

بەڵگەی دووەم، ئەوەیە: کۆمەڵێك کە دەبێت لە یاسا دەستکردەکانی ئەکادیمیای زانستی پەیڕەویبکات، نەك بەهۆی ئەوەی کە بەخۆی تایبەتی ژیرانیی ئەو یاسایانە دەناسێت ( کە ئەگەر ئاوا بووایە بوونی ئەکادێمی بێهودە دەبوو)، بەڵکو لە وێوە کە ئەو یاسایانە، لە ئەکادێمییەکەوە سەرچاوەیانگرتووە، کە بە ناوی زانستێکەوە سەپێنراون، بەبێ تێگەیشتن پیرۆزکراوە؛ ئاوا کۆمەڵێك، پێکهاتەیەك لە مرۆڤەکان نا، بەڵکو پێکهاتەیەك لە چوارپێیان دەبێت. ئەوە کۆپییەکی دیکەیە لەو لێژنە پاگەندەییانەی پاراگوا، کە ماوەیەکی فرە خۆیان دابووە دەست فەرمانداریی یەسوعیان (Jesuits). بەدڵنیاییەوە، بەخێرایی ئاوا کۆمەڵێك بۆ نزمترین ئاستی دەبەنگی.

بەڵام هێشتا بەڵگەی سێیەمیش هەیە، کە ئاوا فەرمانداریيەك لە توانادانەبوو نیشاندەدات: ئەکادێمییەکی زانستی کە بوو بە خاوەنی هەڵبژێری فەرمانداری بێچەندووچوون، تەنانەت ئەگەر ئەو فەرمانداریيە لە بەرجەستەترین مرۆڤەکانیش پێکهاتبێت، بەبێ گومان و بە زوویی لەنێو هەڵوەشانەوە و گەندەڵی ئاکاریی و هزریی نووقمدەبێت. تەنانەت لەم ڕۆژگارەش، بەو کەمە بەرتەریی تایبەتییانەی بە ئەوان دەدرێن، ئەمە مێژووی گشت ئەکادێمییەکان دەبێت. گەورەترین بلیمەتی زانستی، لەو کاتەوەی کە دەبێتە ئەندامی ئەکادێمی، زانایەکی دانپێدانراوی فەرمی، بە ناچاری تووشی تەمەڵی و دەبەنگی دەبێت. خۆبەخۆییەکەی لە دەستدەدات، ئازایەتی شۆڕشگێڕانەی لە دەستدەدات و لە تایبەتمەندیی وزەی جەنگەڵییانە و دەردیسەریسازانەی گەورە بلیمەتان، کە هەردەم هاندەری لەنێوبردنی دونیا کۆنە لەرزۆکەکان و ڕۆنانی دونیای نوێیە، خاڵی دەبێتەوە. بەبێ شك، ئەو ڕێز و سوود و کردەگەری ژیریی بە دەستدەهێنێت و ئەوەی لە دەستیدەدات، توانای هزرینە. بەکورتی بۆگەندەکات.

ئەوە تایبەتمەندی بەرتەریی پاوانگەری و هەر پێگەیەکی تایبەتە، کە هزر و دڵی مرۆڤ دەکوژێت. مرۆڤی دارای بەرتەریی، چ بەرتەریی ڕامیاری یان ئابووریی، مرۆڤێکە ژیریی و دڵی گەندەڵ بووە. ئەوە یاسایەکی کۆمەڵایەتییە و جیاوازی وەرناگرێت، گشت نەتەوەکان، چینەکان، کۆمپانییەکان و تاکەکانیش دەگرێتەوە . ئەوە یاسای یەکسانییە، کە مەرجی باڵابوونی ئازادی و مرۆڤایەتییە. بەڵگەی بەرجەستەی ئەو نووسینانە، بەدیاریکراوی خستنەڕووی ئەو ڕاستییەیە لەنێو گشت شێوەکانی ژیانی مرۆیی.

گروپی زانستی کە فەرمانداریی سەرووکۆمەڵی لەئەستۆی گرتووە، بەزوویی بە شوێنێك دەگات، کە چیدیکە خۆی لەپێناو زانست نا، بەڵکو لەپێناو کاری تەواو جیاواز تەرخاندەکات؛ ئەو کارە وەك باری هەموو گشت دەسەڵاتە جێگیربووەکان، نەمرکردنی جێگەی خۆی دەبێت و ڕێکخستنی کاری ئەو کۆمەڵەی، کە بڕوای بە فەرمانداریەکەی دابێت، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەبەنگتری دەکات و زیاتر بێهۆشی نیشاندەدات، تاکو سەرەنجام زیاتر پێویستی بە ڕێنوێنی و فەرماندەریی گروپێك هەبێت.

بەڵام ئەم بابەتە، هەر ئاوا کە لەبارەی ئەکادێمییە زانستییەکان دروستە، هەر ئاواش لەبارەی گشت دەزگە هەڵبژێرییەکان و یاسادانانەکانیش دروستە، تەنانەت ئەوانەش کە بە ڕاپرسی گشتی هەڵبژێردرابن. لەنێو باری دواییان، ئەوە دروستە کە پێکهاتەی ئەوانە ئەگەری تازەبوونەوەی هەیە. بەڵام ئەوە لەبەردەم پێکهاتنی گروپێك لە ڕامیاریکاران نابێتە ڕێگر، بەرتەری وەرگرتوو نەك لەنێو یاسا، بەڵکو لە لە بواری کار، کە بە تایبەت خۆی بۆ ڕێنوێنیکردنی پرسە گشتییەکانی وڵات تەرخاندەکات و لە کۆتاییدا جۆرێك لە ئاریستۆکراسی یان ئۆلیگاریشی ڕامیاریی پێکدەهێنێت. سەرنجی دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا یان سویسرا بدەن .

کەواتە نە یاسای دەرەکی و نە هیچ دەسەڵاتێك. هیچ یەك لەوانە لەوی دیکە جیاکراوە نییە و هەر دوو بەلای کۆیلەیی کۆمەڵ و هیچیی یاسادانەران دەشکێنەوە.

ئایا ئاوا ئەنجامگیریی دەکرێت، کە من هەموو دەسەڵاتێك ڕەتدەکەمەوە؟ ئاوا بیرکردنەوەیەك فرە لە منەوە دوورە. بۆ نموونە لەبارەی کەوشەوە، من بۆ لای کەوشدوور دەڕۆم و لەبارەی خانوو و ئاوەڕۆ یان هێڵی ئاسن، لەبارەی ئەو بابەتانەوە لە ئەندازیاران و تەلارسازان ڕێنوێنی وەردەگرم. بۆ بەدەستهێنانی هەر جۆرە زانیاریی تایبەت، من لە (زانایەك) داوای یارمەتیدەکەم. بەڵام هەرگیز مۆڵەتنادەم هیچ یەك لە کەوشدوور و تەلارساز یان زانا دەسەڵاتی لەسەر من بسەپێنێت. ئازادانە و بە هەموو ڕێزێکەوە، کە شایستەی هۆشمەندیی کەسایەتی و زانیاری ئەوانە، لە ئەوان گوێڕادەگرم، بەڵام مافی بێچەندوچوونی ڕەخنە و سەرکۆنەکردنی ئەوان بۆ خۆم دەپارێزم. هیچ کات لەتەك خاوەن پێگەیەك لە هیچ زەمینەیەکی تایبەت خۆم ڕازیناکەم، لەتەك زۆرێك پرس و ڕا دەکەم، تێڕوانینیان بەراورددەکەم و ئەوەیان هەڵدبژێرم، کە بەدروستری دەزانم. بەڵام من هیچ دەسەڵاتێکی نەگۆڕ و بێگەرد ناناسم، تەنانەت لە پرسی

شارەزاییشدا؛ سەرەنجام، هەرچەند بەگوێرەی توانا ڕێز بۆ ڕاستگۆیی و یەکڕوویی ئاوا کەسێك دابنێم، بە هیچ جۆرێك باوەڕی بێچەندوچوونم بە هیچ کەسێك نییە؛ ئاوا باوەڕێك [باوەڕکردنی بێچەندوچوون] بۆ لۆجیکی من ژارێکی کوشندەیە، بۆ ئازادیم و تەنانەت بۆ بە ئامانجگەیشتنم؛ ئاوا باوەڕێك بە خێرایی من دەگۆڕێت بە کۆیلەیەکی گەمژە و ئامرازێك بۆ حەز و بەرژەوەندی کەسانی دیکە.

ئەگەر لەبەردەم دەسەڵات/ پێگەی شارەزایان سەردانەێنم و ویستم بۆ ئامادەیی پەیڕەویکردن لە نیشانەکان و تەنانەت فەرمانەکانی ئەوان، لە بوارێکی تایبەت و تاکو کاتێك کە بۆ من پێویست بەرچاودەکەون، لەباردەکەم، ئەوە لەبەر ئەو هۆیە نییە، کە ئەو پەیڕەوییکردنە لەلایەن یەزدان یان کەسێك بەسەر من سەپێنرابێت. لەو بارەدا من بە بێزارییەکی تەواوەوە ڕەتیدەکەمەوە و پێشنیاردەکەم ئەهریمەن لە ڕێنوێنی و فەرمان و خزمەتکارییەکانیان کەڵکوەربگرێت؛ چونکە ڕۆشنە ئەوان من ناچار بە لەدەستدانی ئازادی و بڕوابەخۆبوونم دەکەن، وەك نرخی ئەو کۆمەکانەی کە بە منیان دەکەن؛ کۆمەکێك کە ئەوان بە منی دەکەن، بەشێکە لە ڕاستییەك، کە بە کۆمەڵێك درۆی ئاڵۆز پێچراوەتەوە .

من لەبەردەم دەسەڵات/ پێگەی شارەزایان فەرمانبەرم، چونکە ئەو دەسەڵاتە لەتەك لۆجیکی خۆم هەژمورنی بەسەر من هەیە. من لە ناتوانایی خۆم لە تێگەیشتنی هەر بەشێکی فرە گەورەی زانیاریی مرۆیی بەگشت وردەکاری و پێشکەوتنەکانییەوە، ئاگادارم. گەورەترین بلیمەتیش ناگاتە ئاستی دەرککردنی هەمووی. ئەم ئەنجامگیرییانە، چ بۆ زانیاریی و چ بۆ پیشەسازی، پێداویستیی دابەشکردن و ڕێکخستنی کارن. من وەردەگرم و دەبەخشم، ئەوەیە ژیانی مرۆیی. هەموو کەسێك لە جێی خۆیەوە ڕێنوێنیدەکات و ڕێنوێنییدەکرێت. بەو جۆرە هیچ دەسەڵاتێکی جێگیر و نەمر بونی نییە، بێجگە لە گۆڕانی بەردەوامی دەسەڵاتەکان و فەرمانبردنە دوولایەنییە کاتیی و لە گشتی گرنتر خۆبەخشییەکان.

هەمان هۆ من لە دانپێدانان بە دەسەڵاتی جێگیر و هەمیشەیی و جیهانیی دەگێڕێتەوە، چونکە دەرکی هیچ مرۆڤێك گەردوونی نییە، هیچ کەس توانای دەرکی ئەو بڕە گەورەیەی وردەکاری گشت زانستەکان و گشت لکە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی نییە، ئەو وردەکارییانەی کە بەبێ ئەوان بەکاربردنی زانیاریی لەنێو ژیان لواو نییە. ئەگەر ئاوا جیهانگیرییەك توانی ڕۆژێك لە مرۆڤی تایبەتدا بێتەدی و ئەو بیەوێت لەو پێگەیەی بۆ بەکارهێنانی دەسەڵاتی بەسەر کەسانی دیکە

کەڵکوەرگرێت، ئەو کات پێویستدەبێت، کە ئەو لە کۆمەڵ وەدەرنێین، چونکە بەبێ گومان، توانایی ئەو کەسەکانی دیکە ژێر باری کۆیلە و دەبەنگدەکات. من پێموانییە، کە کۆمەڵ بەو جۆرەی کە تاکو ئێستا کردوویەتی، دەبێت لەتەك بلیمەتەکان ڕەفتاربکات؛ بەڵام هەر ئاواش دژی بەرتەرییپێدانی لەرادەبەدەر بە ئەوانم، نابێت هیچ بەرتەریی یان مافێکی پاوانگەرانە بە ئەوان بدرێت، هەرچی بووە، لەبەر سێ هۆ: یەکەم، لەبەرئەوەی کە بە زۆری ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە فێڵبازی بە بلیمەتی وەربگرین؛ دووەم، ئاوا سیستەمێکی بەرتەریی, دەتوانێت دەروونی خودی بلیمەت بگۆڕێت بە فێڵبازیی و دەروونی بڕوخێنێت و بەرەو نائاکاری و نزمیی ببات؛ لە کۆتاییدا، بەو هۆیەوە سەروەر بۆ کۆمەڵ و کەسانی دیکە دیاریدەکرێت.

بەکورتی، بەو جۆرە ئێمە دەسەڵاتی بێچەندوچوونی زانست پەسەندەکەین، چونکە تەنیا ئامانجی زانست بەرهەمهێنانەوەی ئاوەزە بەگونجاوترین شێوە و سیستەم لەسەر بنەمای یاسا سروشتییەکانی نێو مادده و هزر و مۆڕاڵی ژیان، لەنێو هەر دوو جیهانی فیزیکی و کۆمەڵایەتی؛ لە ڕاستیدا ئەو دوو جیهانە هەر یەکن و جیهانی سروشتی پێکدەهێنن. ئەوە تەنیا دەسەڵاتێکی ڕەوایە، ڕەوا لەبەر ژیرییبوون و گونجانیەتی لەتەك ئازادی مرۆڤ، لە دەرەوەی ئەمە، ئێمە گشت دەسەڵاتەکانی دیکە بە درۆینە، سەرکوتگەرانە و ترسناك ڕادەگەیێنین.

ئێمە دەسەڵاتی بێچەندووچوونی زانست پەسەندەکەین، بەڵام نەگۆڕیی و جیهانگیریی زاناکان ڕەتدەکەینەوە. لەنێو کلێسای ئێمە (ئەگەر بتوانم بۆ چەند ساتێك ئەم واژەیە بەکاربەرم، کە لە بەکاربردنی ئەو فرە بێزارم: کلیسا و دەوڵەت دوو نەفرەتاوی ترسناکن)، هەر وەك کلیسای پرۆتستان، زانست وەك مەسیحی نادیار، سەرۆکی ئێمەیە؛ وەك پرۆتستانەکان و تەنانەت لۆجیکیتر لە ئەوان، ئێمە سەر نە بۆ پاپا و ئەنجومەن و کۆبوونەوە تایبەتیی سەرۆکە سەروهەڵەکانی کلێسا و گوتاردەران (ئۆسقوفەکان osqof) و تەنانەت نە بۆ کەشیشەکانیش دانانەوێنین. مەسیحی ئێمە لەم بارەدا لەتەك مەسیحی پرۆتستانەکان و مەسیحیان جیاوازی هەیە، کە ئەوەی دووەم بوونێکی کەسییە، بەڵام ئەوەی ئێمە ناکەسی، مەسیحی مەسیحیان، ڕابوردوویەکی نەمریی تەواوکردووە و خۆی لە شێوەی بوونێکی بێچەندوچوون دەرخستووە، لە کاتێك کە بەلووتکەگەیشتنی مەسیحی ئێمە، زانست، هیچ کات لە داهاتووشدا ڕوونادات: بەواتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین هیچ کات بە شێوەیەکی تەواو ناناسرێت. بەو جۆرە، لە پەسەندکردنی "زانستی بێچەندوچوون" وەك تەنیا دەسەڵاتی بێچەندوچوون، بە هیچ شێوەیەك ئازادیی خۆمان نەکردووەتە قوربانی.

مەبەستی من لە دەستەواژەی "زانستی بێچەندوچوون" ئەوەیە کە شێوە ئامانجییەکەی، جیهان تاکو دوایین پانتایی و لەنێو گشت وردەکارییە ناکۆتاکان نۆژەندەکاتەوە؛ سیستەمی هاوئاهەنگی گشت یاسا سروشتییەکان، کە خۆی لەنێو پەرەسەندی بەردەوامی جیهان نیشاندەدات. ڕۆشنە کە ئاوا زانستێك، خواستی ئامانجدارانەی گشت هەوڵە هۆشییە مرۆییەکان، هیچ کات بە تەواوی و بە وردەکاریی تەواوەوە ناناسرێت. بەو جۆرە، مەسیحی ئێمە بۆ هەمیشە بێکۆتایی دەمێنێتەوە، ئەوە بە ڕادەیەکی بەرچاو شانازی نوێنەرانی فەرمی ئەو لە بەرانبەر ئێمە لەنێودەبات. لە بەرانبەر یەزدان و کوڕێك کە بەناویانەوە پێگە و دەسەڵاتی بێهەوساری و منتەگەرانەی خۆیان بەسەر ئێمە دەسەپێنن، ئێمە بە یەزدان و کوڕێکەوە پەیوەست دەبین، کە جیهانێکی ڕاستەقینە و ژیانێکی ڕاستینەیە، کوڕەکەی تەنیا دەربڕینێکی فرە ناتەواوە، لە بارێك کە ئێمە بوونەوەرە کەتوارپی و زیندووین و کار دەکەین و تێدەکۆشین و ئەڤینداری دەکەین و ئارەزوو دەکەین و چێژ وەردەگرین و ئازار دەکێشن، تەنیا ئێمە نوێنەری ڕاستەوخۆی ئەڤین.

بەڵام لە پاڵ ڕەتکردنەوەی پیاوانی جیهانگر و سەرووهەڵە و لەڕادەبەدەر زانا، ئێمە بە ئارەزوومەندی تەواوەوە، دەسەڵاتی نوێنەرانی زانستە پسپۆڕییەکان پەسەنددەکەین، بەڵام دەسەڵاتێکی فرە سنووردار و پاك و کاتیی و شایانی ڕێز، بەڵام لە بنەڕەتەوە ڕێژەیی، بێجگە لە ڕێنوێنی هیچی دیکەمان لەوان ناوێت و بۆ ئاوا زانیاریگەلێکی بە نرخ کە بە ئێمەیان دەدەن، سوپاسگوزارین؛ هەندێك جار ئەوان لەبارەی پرسێك پەنا بۆ ئێمە دەبەن، کە لەوان فرەتر دەزانین، ئەگەر ئارەزووی ئەو کارەیان هەبێت و لەو بارەشدا بە ئارەزوومەندییەکی تەواوەوە زانیاریی خۆمان دەخەینە بەردەستیان. بەگشتی، ئێمە شتێکی باشتر لە دیتنی کەسانێك ناخوازین، کە لەبەر هەبوونی زانیاریی فرە و ئەزموونی فرە و هزریی فراوان و لە سەرووی هەموو ئەوانەوە، لێهاتوویی و سۆزداری فرە لە بەرانبەر ئێمە، لەپێشبوونی سروشتیی و ڕەوایان بەدەستهێناوە، کە ئازادانە پەسەندکراوە و هیچ کات بەناوی هیچ سەروەرییەکی فەرمییەوە، هەرچی بێت، ئاسمانی یان زەمینی، نەسەپێندراوە. ئێمە هەموو سەروەرییەکی سروشتیی و کاراییدانانی ڕاستی پەسەنددەکەین؛ بەڵام هەموو مافێك کە لەبەر هەر سەروەرییەك یان بەرتەرییەك بەشێوەیەکی فەرمی بە هەر کەسێك درابێت، ڕەتدەکەینەوە، سەروەریی و بەرتەری کە ڕاستەوخۆ دەبن بە نادادوەری و درۆ و ئاوای دەبینم، کە بەباشی نیشانمدابێت، کۆیلەتی و دەبەنگی بەسەر ئێمە دەسەپێنن.

بە یەك دەستەواژە، ئێمە هەموو یاسایەك، هەموو سەروەرییەك و هەموو هەژموونێكی فەرمی و مۆڵەتدار و یاسایی، تەنانەت ئەگەر لە ڕاپرسی گشتییشەوە سەریهەڵدابێت، ڕەتدەكەینەوە، چونكە ئێمە بەو سەرەنجامە گەیشتووین، كە دەتوانێت تەنیا لە بەرژەوەندی فەرمانداریكردنی كەمینەیەك لە خراپ كەڵكوەرگران تەواو ببێت و لە دژی بەرژەوەندی زۆرینەی كۆمەڵ، كە دەسەڵاتدارییان لەسەر دەكرێت، كاربكەن. ئەوە كرۆكی ڕاستینەی ئەناركیستبوونی ئێمەیە.

ئایدیالیستە هاوچەرخەكان، سەروەری بە شێوەی تەواو جیاواز تێدەگەن. هەرچەندە لە پووچگەرایی گشتیی هەموو ئەو ئایینە بڕواییانەی كە هەن، دوورن، بەڵام سەرەڕایی ئەوەش بیرۆكەی سەروەری بە تێگەیشتنی یەزدانییەوە پەیوەستدەكەنەوە، تێگەیشتنێكی بێچەندوچوون. لە ڕاستیدا ئەو سەروەرییە نە ئەوەیە كە بە پەڕجوو دەركەوتبێت، نە ئەوەیە كە بە ڕاستی بە وردەكاریی و زانستییانە بەدەستهاتبێت. ئەوان لەسەر پانتایی فرە گچكەی پاساوی شێوە فیلۆسۆفی و هەر ئاوا لەسەر پانتایی گەورەی هۆشیی هەست و ئایدیال و دابڕاویی هۆنەرانە بناخەی ئەویان داڕشتووە. ئایینی ئەوان بەو جۆرەی كە هەبووە، دوایین هەوڵە بۆ یەزدانییكردنی هەموو ئەو شتانەی، كە مرۆڤایەتی مرۆڤ پێكدەهێنن.

ئەوە ڕێك بە پێچەوانەی كارێكەوەیە، كە ئێمە دەیكەین. ئێمە بەناوی ئازادی و ڕێزداریی و بێوێنەیی مرۆڤ، باوەڕمان بە ئەوە هەیە، كە ئەركی سەرشانمانە ئەو شتانەی لە زەمینەوە بەرەو بەهەشت دزراون، بۆ سەر زەوی بیانگێڕینەوە. بەپێچەوانەوەی ئەوەوە، ئەوان [ئایدیالیستەكان] لە هەوڵی ئەنجامدانی دزییەكی پاڵەوانانەی ئایینین، بە یەكجارەكی گشت ئەو شتانە بۆ بەهەشت ببەنەوە، دواجار چەتەی یەزدانی دەمامكی لادراوە؛ گەورەترین، بەشانازیترین و شكۆدارترین چەپاوڵگەری مرۆڤایەتی. ئێستا ئیدی نۆرەی ئازادبیرانە، كە بە لێبڕاوی و شیكردنەوە زانستییەكانیان شتە دزدراوەكان لە بەهەشت بهێننەوە

ئایدیالیستەكان بەبێ گومان باوەڕەیان بە ئەوە هەیە، كە بیرۆكە و كردەوەكانی مرۆڤ، بۆ بەكاربردنی دەسەڵاتی زیاتر لەنێو خەڵك، دەبێت سزای یەزادانی بخرێتەگەڕ. ئەی ئەو سزایە چۆن خراوەتەڕوو؟ هەڵبەتە بە پەڕجوو نا، بەو جۆرەی لەنێو ئایینە ئەرێنییەكان هەیە، بەڵكو بە شكۆمەندی پایەبەرزیی خودی بیرۆكە و كردارەكان: چەندێك شكۆدارتر بن، هێندە جوانترن، چەندێك ڕەسەنتر بن، هێندە دادپەروەرانەتر و یەزدانییانەتر لەبەرچاودەگیردرێن.

لەو پەیڕەوە ئایینە نوێیەدا، هەر کەسێك لەو بیرۆکە و کردارانەوە سرووش وەربگرێت، ڕاستەوخۆ لەلایەن یەزدانەوە بەرتەریی وەرگرتووە و دەبێتە ڕابەری ئایینی. ئەی بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەوە؟ ئەو پێویستی بە سەلماندنێکی واوەتر لە گەورەیی بیرۆکەگەلێك کە دەریاندەبڕێت و ئەو کردارانەی کە ئەنجامیاندەدات، نییە. ئەو ئەوەندە پیرۆزە، کە ئاوا پیرۆزییەك تەنیا لەلایەن خودی یەزدانەوە ئەگەری پێبەخشینی هەیە.

بەو جۆرە، سەراپای فیلۆسۆفیی ئەوان، بەکورتی هەر ئەوەیە : فیلۆسۆفییەك لە هەستەکان، نەك هزرینە کەتوارییەکان، جۆرە پەرەستیارییەکی میتافیزیکی. هەرچەندە ئەوە بێمەترسی دەردەکەوێت، بەڵام لە بنەڕەتدا هەرگیز ئاوا نییە و باوەڕێکی فرە ورد و فرە ناسك و زڕە، کە لەژێر نارۆشنیی ناماددیی ئەو شێوە هۆنەرانە شاردراوەتەوە و بە هەمان ئەو ئەنجامە مەترسیدارانە کۆتاییاندێت، کە گشت تێڕوانینە ئایینییە ئەرێنییەکان پێیاندەگەن؛ واتە ئەوپەڕی ڕادەی ڕەتکردنەوەی ئازادی و ڕێزداریی مرۆڤ.

بە ڕاگەیاندنی یەزدانیبوونی هەموو شتە باش و دادپەروەرانە و ڕەسەن و جوانەکانی مرۆڤایەتی، بەشێوەیەکی پاشکۆیی پەسەندکردنی ئەوەش دەگرێتەوە، کە مرۆڤایەتی بەتەنیا توانانی بەدیهێنانی ئەو شتانەی نییە؛ ئەوە واتە، مرۆڤایەتی خۆبەخۆ و لەنێو سروشتی خۆی، بەدبەخت و خراپەکار و هیچ و ناپەسەندە. هەر بەو جۆرە، ئێمە دەگەڕێینەوە سەر کرۆکی گشت ئایینەکان؛ بە دربڕینێکی دیکە، بە نکۆڵیکردن لە مرۆڤایەتی بۆ باڵابوون و پیرۆزیی یەزدان. لەو ساتەوە کە هیچی سروشتیی مرۆڤ و ناتوانایە بنەڕەتییەکانی پەسەندکران، کاتێك کە بێسەرەنجامی هەوڵەکانی مرۆڤ، کاتێك کە نەبوونی کۆمەکی هیچ سرووشێکی یەزدانی بۆ بەدەستهێنانی بیرۆکە دروست و دادپەروەرییەکان پەسەنددەکەین، دیسانەوە پێویستە گشت ئەنجامەکانی ئایینە دوور لە گومانەکان لەنێو زانستە یەزدانیی و ڕامیاریی و کۆمەڵییەکان پەسەندبکەین. لەو ساتەوە کە یەزدان، بوونێکی لە پێشتر و بێچەندوچوون، ڕووبەڕوو لە بەرانبەر مرۆڤ دانراوە، دەڵاڵانی یەزدان، هەڵبژێردراوان و وەرگرانی سرووش لە زەمینەوە بۆ ئاسمان هەڵکشاون و بەنێوی ئەوەوە بەسەر نەژادی مرۆڤ فەرمانداریدەکەن و بەسەر ئەو فەرماندەن.

ئەگەر ئاوای دابنێین، کە گشت مرۆڤەکان بە یەك ئەندازە لە یەزدانەوە سرووش وەردەگرن؟ ئەو کات، بە دڵنیاییەوە، هیچ سوودێك بۆ نێوەنجیکاران نامێنێتەوە. بەڵام ئەو وێناکردنە

گریمانەییە شتێکی نەلواوە، چونکە بە ڕۆشنی زیاتر و زیاتر بە دەستی کەتوارەکان ڕەتدەکرێتەوە. ئەو گریمانە ئێمە ناچاردەکات، گشت خراپییەکان و هەڵە ڕوودراوەکان و تاوانەکان و دەبەنگییەکان و هۆکاری پووچییەکان و کردەوە ترسنۆکییە ئەنجامدراوەکان لە سەرتاسەری جیهان بدەینە پاڵ سرووشی یەزدان. بەو جۆرە، تەنیا کەسانێکی دیاریکراو ڕاستەوخۆ لە خودی یەزدانەوە سرووش وەردەگرن، گەورەترین مرۆڤەکانی مێژوو، بلیمەتە پاکەکان، پەیامدەر و هاووڵاتی بەناوبانگی ئیتالیایی، جوزێپ ماتسینی هەر ئاوا ناویاندەبات. ئەوان ڕاستەوخۆ سرووشی یەزدانیی وەردەگرن و لەلایەن ئەو بە ئەوە ڕاسپێردراون، کە بە هەموو خەڵکی ڕاگەییێنن (لە پەرتووکی یەزدان و خەڵك، جوزێپ ماتسینی). بەو جۆرە ئەوە ئەوانن، کە دەبێت فەرمانداریی کۆمەڵ مرۆییەکان لە ئەستۆ بگرن. [٣]

بەڵام بەو جۆرە ئێمە هێشتا کێشراوینەتە ژێر کۆتی کلیسا و دەوڵەت. ئەوە ڕاستە، کە لەنێو ئەو ڕێکخراوە تازەیە، سەرەڕای قەرزاربوون بە بوونی، بەپێچەوانەی ڕێکخراوە ڕامیارییە کۆنەکانەوە، خۆیان پشتئەستوور بەیەزدان ناونابەن (ڕادەی کەم یان کاتێك کە شێوە لەبەرچاوگیرابێت، وەك بەرتەریی بۆ گیانی سەردەمی مۆدێرن و ڕێك وەك پێشەکی بەهێزکەرانی فەرمانداریی ئیمپراتۆری ناپۆلیۆنی سێیەم)، بەڵکو ناوی (هەڵخەڵەتێنەرانەی) ویستی خەڵك لەسەر خۆیان دادەنێن؛ کلیسا خۆی ناونانیت کلیسا، ناوی فێرگە لەسەر خۆی دادەنێت. چ شتێك نێوەڕۆکەکەی پێکدەهێنێت؟ لەسەر مێزەکانی ئەو فێرگەیە، نەك تەنیا منداڵان دادەنیشن، بەڵکو هەر ئاوا هەمیشە گەوران و گچکانیش لەوێ دەبن، بەدڵنیاییەوە خوێندکارانی ئەوێ بۆ هەمیشە ناتوانان لە پەسەندکردنی ئەزموونەکان، ناتوانان لە پێشکەوتن بە ئەندازەی زانستی مامۆستایان و سەربەستکراو لە پەروەردەیان. [٤]

چیدیکە دەوڵەت خۆی ئازادکراو [جیاوەبوو] دانانێت، بەڵکو ناوی کۆماری لەسەر خۆی دادەنێت: بەڵام بە هیچ شێوەیەك کەمتر لە دەوڵەت نابێت؛ واتە پایەداریی فەرمیی و بەردەوام لەنێو دەستی کەمینەیەك لە پیاوانی شایستە دەمێنێتەوە، پیاوانێك بە هۆشمەندی و لێهاتوویی یەزدانیپێدراوی پاکیزەییەوە، کەسانێك کە ڕەفتاری زۆرینە چاودێری و ڕێنوێنیدەکەن، زۆرینەی بێچارە و خراپەکاری خەڵك. مامۆستایانی فێرگە و کارگێڕانی دەوڵەت خۆیان بە کۆماریخواز ناودەبەن؛ بەڵام کەمتر لە مامۆستایەك نابن، شوانە؛ خەڵك وەك هەمان شت دەمێنێتەوە، کە لە سەرەتاوە بووە، گەلە*. ئاگاداری خوری-بڕان بن، هەر کات (گەلە) هەبوو، بەگوێرەی پێویست کەسانیکیش بۆ خوری-بڕین و سەربڕین و خواردنی گەلەکە پەیدادەبن.

خەڵك لەنێو ئەو سیستەمە هەتاهەتایە ژێردەست و بەردەست دەبێت. ئەو سیستەمە، سەرەڕای بوونە ملهوڕانەکەی، سەراپا ساختەچی و خۆی لە خزمەتی تێڕوانین و داخوازییەکان و سەرەنجام خۆی لەجیاتی بەرژەوەندی کەسانی دیکە دادەنێت. کەلێنێکی فرە قوڵ لەنێوان ئەم بارە و ئەوەی کە ئازادی ناودەبەن هەیە. ئەو سیستەمە تەنیا شێوەیەکی نوێ دەبێت بۆ هەمان نادادوەریی و کۆیلەتی جاران؛ لە هەر کوێ کۆیلەتی هەبێت، هەم بۆ جەماوەر و هەم بۆ چینە گیرۆدەکانی بەدبەختی و نەزانی و ماددەپەرستی ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی بوونی دەبێت.

ئایدیالیستەکان، هەردەم بۆ تێکۆشان دژی شتە مرۆییەکان بە جۆرێك ماتریالیزم ئاژەڵیی دەگەن. ئەوە تەنیا لەبەر هۆیەکی سادەیە: یەزدان و شتە ئاسمانییەکان دەبنە هەڵم و بەرەو سەرزەمینە ڕاستەقینەکەیان [بەهەشت] دەڕۆن، لە بارێك کە ئاژەڵ وەك تایبەتمەندییەکی ڕاستینە لەسەر زەمین دەمێنێتەوە.

بەڵێ، سەرەنجامی ناچاریی ئایدیالیزمی تیئۆریی، بە کردەوە ئاژەڵئاساترین ماتریالیزمە؛ هەڵبەتە، بۆ ئەوانە نا، کە ویستمەندانە ئێمە بەوە ئامۆژگارییدەکەن (سەرەنجامی گشتیی بۆ ئەوان بزەیەکە کە بە دیتنی ڕووبەڕووبوونەوەی گشت هەوڵە نەزۆك و بەدبەختییەکان، پێدەکەنێت)، بەڵکو بۆ ئەوانەی کە سەرەڕایی هەوڵەکانیان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان و فرمانەکانی ژیانی خۆیان لەنێو خودی ژیان و کۆمەڵ، خۆیان دەدەنە دەستی سەروەریی بنچینەکانی هزری ئایدیالیستەکان.

کەم نین ئەو سەلماندنە مێژووییانەی کە ئەم ڕاستییە گشتییە نیشاندەدەن. ئەم بابەتە هەرچەندە ئەگەری ئەوەیە هەیە، کە سەیر بەرچاوبکەوێت، بەڵام بەناچاری لەنێو ڕەنگدانەوە دواترینەکان خۆی بە باشی نیشاندەدات.

دوو شارستانیی جیهانی کۆن بەراوردبکەن، یۆنانییەکان و ڕۆمەکان. کامیان ماتریالیستانەتر و لە تێڕوانینی مرۆییەوە لە کاتی لەدایکبوونی سروشتیتر و لەنێو سەرەنجامی ئامانجدارتر و خوازراوترە؟ بەبێ گومان شارستانیی یۆنانی. لە بەرانبەر ئەوە، کامیان لە کاتی دەستپێکی ئەبستراکترە ( قوربانیکردنی ئازادی ماددیی مرۆڤ لە بەرانبەر ئازادی ئایدیالی هاوشاریی/ هاوولاتیی و یاسای سزادان و قوربانیکردنی گەشەکردنی سروشتییانەی کۆمەڵی مرۆیی لەنێو دابڕاویی دەوڵەت)؟ شارستانی ڕۆمی. هەر ئاوا کامیان لە سەرەنجامدا ئاژەڵانەترە؟ بەدڵنیاییەوە

شارستانی ڕۆمی. ڕاستە کە شارستانی یۆنانی، وەك گشت شارستانییەکانی کۆن، لەوانە شارستانی ڕۆم، تەواو نەتەوەیی و بە کۆیلەتی پشتئەستوور بوو. بەڵام، لە بەرانبەر ئەو کەموکوڕییە زۆر گەورەیە، سەرەڕای ئەوەش، یەکەمیان بیرۆکە و وێنای مرۆڤایەتی تێگەییشتبوو، ڕێزی لە ژیانی خەڵکی دەگرت و بە بارێکی ئایدیالی گەیاندبوو؛ ئەو شارستانی گەلەیی خەڵکی گۆڕیبوو بە ئەنجومەنە ئازادەکانی مرۆڤە ئازادەکان؛ لە ڕێگەی ئازادییەوە زانستەکان و هونەرەکان و هۆنراوە و فیلۆسۆفییەکی نەمر و تێگەییشتنە گشتییەکانی ڕێزگرتنی مرۆڤی بەدیهێنان. بە ئازادی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتیی، سیستەمی بیرکردنەوەی ئازادانەی ئافراند. لە دەستپێکی پاش سەدەکانی نێوەڕاست، لە سەردەمی ڕێنیسانس، ئەو ڕاستییەی کە هەندێك پەنابەرانی یۆنانی چەند دانەیەك لە پەرتووکە نەمرەکانیان بردنە ئیتالیا، بەس بوون بۆ ئەوەی ژیان و ئازادی و هزرین و مرۆڤایەتی، کە لە سیاچاڵەکانی کاتۆلیکگەریی کفنکرابوون، زیندوو بکەنەوە. ناوی شارستانیی یۆنانی ئەوەیە: ڕزگارکردنی مرۆڤ. نێوی شارستانیی ڕۆمی؟ تێکشکاندنی مرۆڤ بە گشت سەرەنجامە ئاژەڵییەکانییەوە. ئەوە دوا قسەیە: دەسەڵاتی بێچەندوچوونی سێزارەکان، بەواتای سووکایەتی و دەستبەسەری نەتەوەکان و خەڵکە.

ئەوە چییە، کە تەنانەت تاکو ئەم ڕۆژگارەش تاوان ئەنجامدەدات؟ ئەوە چییە کە لە سەرتاسەری ئەوروپا، ئاژەڵئاسا و ماددەپەرستانە، لە دژی ئازادی و مرۆڤایەتی دەجەنگێ؟ زاڵبوونی سێزارەکان و بنەما ڕۆمییەکان.

ئێستا، با دوو شارستانی جیهانیی هاوچەرخ (مۆدێرن) بەراوردبکەن، ئیتالیا و ئاڵمانیا. یەکەم، لەنێو گشتێتی کەسایەتی خۆی نوێنەرایەتی ماتریالیزم دەکات؛ دووەم، لە بەرانبەر ئەوە ئایدیالیزم لە ئەبستراکترین و پوختەترین و باڵاترین شێوەی نیشاندەدات. مۆڵەتبدەن ببینین سەرەنجامە کردەییەکانی هەر یەك لەوانە چیین.

ئەم ڕۆژگارە ئیتالیا خزمەتگوزاریی فرەی بۆ ئامانجی ڕزگارکردنی مرۆڤ نیشانداوە. یەکەمین وڵاتێك بووە، کە لە ئەوروپا بنەمای ئازادی زیندووکردووەتەوە و بەگەڕیخستووە، مرۆڤایەتی گێڕاوەتەوە سەر ڕەسەنێتی خۆی: پیشەسازی و بازرگانی و هۆنراوە و هونەر و زانستە پۆزەتیڤەکان و ئازادی بیرکردنەوە. ئەم وڵاتە، کە بە سێ سەدە پاشایەتی و سەرکوتگەریی پاپایی وردکراوە، بە فەرماندارە بۆرجوازییەکانی وێرانکراوە و ئەوەی کە ئێستا دەردەکەوێتەوە، لە

ڕاستیدا، بەراورد بە ئەوەی کە ڕۆژگارێك هەبووە، هیچە. وێڕای ئەوەش چەندە لە ئاڵمانیا جیاوازە! لە ئیتالیا، سەرەڕای ئەو داتەپینە ( کە هیوادارین کاتی بێت) تاك دەتوانێت لەنێوان کەسانێکی مرۆڤدۆست بژی و هەناسەبدات، کە هەروەك بڵێی بۆ ئازادی لەدایکبوون. ئیتالیا، تەنانەت بۆرجوازی ئیتالیا، دەتوانێت بە شانازییەوە ناوی کەسانی وەك ماتسینی و گاریبالدی بهێنێت. بەڵام لە ئاڵمانیا کەسەکان لە کەشی کۆیلەیی کۆمەڵایەتی و ڕامیاریی لەڕادەبەدەر هەناسەدەدەن، کە بە فیلۆسۆفی ئاڕاستەکراوە و لەلایەن کەسانی ناودارەوە بەئەنقەست پەردەپۆشکراوە و بە ویستێکی ئازادانە پەسەندکراوە. پاڵەوانانی ئاڵمانیا (بەردەوام لەبارەی ئاڵمانیای ئێستا دەدوێم، نەك ئاڵمانیای داهاتوو؛ ئاڵمانیای ئەریستۆکراتەکان و بیرۆکراتەکان و ڕامیارکاران و بۆرجواکان، نەك ئاڵمانیای پرۆلیتێرەکان)، پاڵەوانانەکانی ڕێك پێچەوانەی (ماتسینی و گاریبالدی): ویلیامی یەکەم، نوێنەری دڕندە و درۆزنی یەزدانی پرۆتستان و خانەدانان و بیسمارك و مۆڵتك و جەنەراڵ مانتۆیفڵ و ڤێردەر. ئاڵمانیا لەنێو گشت پەیوەندییە جیهانییەکانی، لە سەرەتای پیکهاتنییەوە، لەسەرخۆ بەڵام بنچینەییانە لە هەوڵی بەزاندن و زاڵبوون و ئامادەی فراوانکردنەوەی کۆیلەیی خۆخواستانەی خۆی بۆ سەرزەمینی هاوسێکانی بووە؛ بە جێگیربوونی دواجارەکی وەك دەسەڵاتی بێچەندوچوون، گۆڕاوە بە هەڕەشەیەك، بە مەترسییەك بۆ سەر ئازادی سەراپای ئەوروپا. ئێستا ئیدی ئاڵمانیا دڕندەیەکی جەنگەڵی و سەرکەوتووە.

بۆ نیشاندانی ئەوەی کە چۆن بەردەوام و بەناچاری ئایدیالیزم وەك تێڕوانینێك بۆ ماتریالیزمی کردەیی دەگۆڕدرێت، ئەوەندە بەسە وەك نموونە لە یەکێك لە کلیسا مەسیحییەکان بکۆڵینەوە، ئاسایی لە پێش هەمووانەوە کلیسای پاپایی و ڕۆمی. چ شتێك فرەتر لەو بنەما مەسیحییانەی کە لەلایەن ئەو کلیسایەوە ڕادەگەیێندرێن، ئاسمانی و بێمەبەست و دوور لە سوودی دونیایی و ئایدیاڵترە؟ چ شتێك فرەتر لە کردەوەی دیاریکراوی هەمان کلیسا لە سەدەی (٨) زایینی بەو لاوە (کە مێژووی بێچەندوچوونی جێگیربوونی وەك دەسەڵات) ئاژەڵئاسا و ماددەپەرستانەیە؟ چ شتێك ئامانجی بنەڕەتیی گشت ڕووبەڕووبوونەوەکانی لەتەك فەرماندارانی ئەوروپا بووە و هێشتاش هەر هەیە؟ خواستە دونیاییەکانی و داهاتی و دەسەڵاتە دونیاییەکەی و ئینجا بەرتەرییە ڕامیارییەکانی. ئێمە دەبێت سوپاسی ئەو بکەین، کە یەکەمین دەزگەیەك بوو، لەنێو مێژووی هاوچەرخ ئەو ڕاستییە بێچەندوچوونەی، بەڵام دەگمەنەی نیشاندا، کە سامان و هێزی بەهرەکێشی ئابووریی و فشاری ڕامیاریی لەسەر جەماوەر، دوو دیوی جیانەکراوەی دروای

فەرمانداریی ئایدیالیزمی یەزدانن لەسەر زەمین: سامان لەتەك دەسەڵات دەبێتە یەك و بەهێزتری دەكات، دەسەڵات هەردەم سەرچاوەی تازەتر بۆ سامان دەدۆزێتەوە و چێدەكات، هەردووكیان باشتر لە كوژران لەڕێی یەزدان و باوەڕی یاران و پشتیوانی یەزدانی، سەركەوتنی پاگەندەچییانەی مەسیحی دابیندەكەن. ئەوە ڕاستییەكی مێژووییە و كلیسای پرۆتستانیش لە دووبارە خستنەوەڕووی ناپرینگێتەوە. هەڵبەتە ئەوە ڕۆشنە كە من هەمان شت لەبارەی كلیسا سەربەخۆكانی ئینگلاند و ئەمەریكا و سویسرا دەڵێم، بەڵام دەربارەی كلیسا ملكەچەكانی ئاڵمانیا نا. ئەمانەی دوایی بەخۆیان هیچ داهێنانێكیان نییە، ئەوان ئەو كارانە ئەنجامدەدەن، كە سەروەرانیان، فەرمانداارانی نائاینییان، كە هاوكات سەرۆكانی گیانیی ئەوانیشن و بە ئەوان دیكتەدەكەن. ئەوە بەباشی زانراوە، كە پڕۆپاگەندەی پرۆتستانی، بەتایبەت لە ئینگلاند و ئەمەریكا، پەیوەنییەكی فرە دۆستانەی لەتەك پڕۆپاگەندەی مادده و بەرژەوەندی بازرگانیی ئەو دوو نەتەوە گەورەیە هەیە؛ هەر وەك زانراوە، ئامانجی ئەوەی دووەمیان تێروتەسەلی و خۆشگوزەرانیی خەڵكی ئەو وڵاتانە نییە بە هەژموونكردنە نێو واژەی "یەزدان"، بەڵكو بەهرەكێشیكردنە لە خەڵكی ئەو وڵاتانە بۆ دەوڵەتمەندبوون و خۆشگوزەرانیی چەند چینێكی دیاریكراو، كە لەنێو وڵاتی خۆیان وێرای چاوچنۆكیی لە ڕادەبەدەریان، پەرەستیار و دوورەپەرێز نیشاندەدرێن.

بەكورتی، بە هەبوونی مێژوو لەبەردەستمان، سەلماندنی ئەوە هەرگیز سەخت نییە، كە كلیسا، گشت كلیساكان، مەسیحی و نامەسیحی، لەپاڵ پڕۆپاگەندەی گیانیی، هەر ئاوا ئەگەری هەیە بۆ خێراكردن و پتەوكردنی پایان لە ئەودا، هیچ كات لە خۆڕێكخستنیان وەك دامەزراوەیەكی گەورەی بەهرەكێشی ئابووریی لە جەماوەر ، ناپرینگێنە دواوە، كە بە پشتیوانەی دەستوور و پشتیوانەی جۆری یەزدانی ئەنجامدەدرێت؛ هەر ئاوا، بەو جۆرەی كە دەزانین، سەرچاوەی گشت دەوڵەتەكان و گشت دامەزراوە مافیی و ڕامیاریی و چینە بەرتەرەكان و فەرمانداریان، تەنیا لكی دونیایی ئەو كلیسا جۆراوجۆرانە بوون و بەو جۆرە لە بنەڕەتەوە لەپێناو بەهرەكێشی خەڵك بۆ سوودی كەمایەتییەكی نائایینی سەریانهەڵداوە، كە ناڕاستەوخۆ لە كلیسا مۆڵەتیان وەردەگرتووە؛ سەرەنجامی ئەوە بەشێوەیەكی گشتی، كاركردی یەزدانی دوور لە گومان و گشت ئایدیالیزمە یەزدان- چەقییەكانە لەسەر زەوی، هەردەم و لە گشت شوێنێك، بە سەركەوتنی ماددەگەرایی هەژمارێكی دیاریكراو بەسەر بنەماگەریی و ئایدیالیزمی برسیانەی جەماوەر جێگر بووە.

ئێمە، لەنێو ئەو شتانەی کە لەم ڕۆژگارە دەیانبینین، سەلماندێکی تازەمان بۆ ئەم پرسە هەیە. تەماشابکەن، ئێستا، بێجگە لەو گەورە پیاوانەی کە پێشتر وەك هەڵەتێنەر ناومهێنان، ئیدی چ کەسانێك لایەنگرانی کەلەڕەقی ئایدیالیزمن؟ بە پلەی یەکەم گشت دادگە باڵاکان. لە فەرنسە، تاکو ئەم دواییانە، ناپۆلیۆنی سێیەم و هاوسەرەکەی خاتوو ئوگینە؛ گشت شالیاران و بەکرێگیراوان و سوپاسالارانیان، لە ڕۆهێر Rouher و بازین Bazaine، تاکو، فلۆیری Fleury و پییتری Piètri؛ پیاوان و ژنانی ئەو ئیمپراتۆرییەی، کە ئەوەندە تەواو فەرەنسەی ئایدیالیزەکردووە و ڕزگاریانکردووە؛ ڕۆژنامەنووسان و "زانا"کانیان، ساگناگەکان Cssagnacs، جیراردینەکان Girardins، دوڤێرنۆیسەکان Duvernois، لێڤێرییسەکان Leverriers، ڤۆیلۆتسەکان Veuillots و دوماکان Dumas؛ سەربازە ڕەشە یەسوعییەکان و گشت جۆرەکانی یەسوعیگەری؛ گشت بۆرجوا گەورە و نێوەندجییەکانی فەرنسە؛ لیبراڵە بنەماگەرەکان و لیبراڵە نابنەماگەرەکان؛گیزۆتیزەکان Guizots، تییەرەکان Thiers، ژولێس فاڤییەرەکان Jules Favres، پێلێتانەکان Pelletans و ژولێس سیمۆنییەکان Jules Simons، گشت لایەنگرانی پێداگری بەهرەکێشی بۆرجوازی. لە پروسیا، لە ئاڵمانیا، ویلیەمی یەکەم، نمایانی ئەم ڕۆژگارەی پاشایەتیی یەزدانی باشن لەسەر زەوی؛ گشت جەنەڕاڵەکانی، گشت کارگێرەکانی، پومێرانەکانی و هیدیکە؛ هەموو سوپاکەی، کە لەنێو بڕوا ئایینییەکەی بەهێزە، لەم دواییانەدا فەرەنسەی بەو شێوە ئایدیالەی تێکشکاندووە، بەو جۆرەی کە هەموومان دەزانین. لە ڕوسیە، تزار و دادگەکانی؛ مۆراویڤەکان Mouravieffs و بێرگییەکان Bergs، گشت قەسابەکان و تازە بڕوادارانی پۆلۆنیا. بەکورتی ئایدیالیزمی ئایینی یان فیلۆسۆفیی، کە کەم تاکو زۆر وەرگێڕدراوی یەکدین و بەکردەوە یەك شتن و ئەم ڕۆژگارە لە هەموو شوێنێك لە خزمەتی ئاڵای دەسەڵاتی ماددیی و خوێناوی و دڕندەی بەهرەکێشیی بێشەرمانە و ماددیدایە ، لە بارێکدا کە لە بەرانبەر ئاڵای ماتریالیزمی تیئۆریك، ئاڵای سووری یەکسانی ئابووریی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی هەیە، کە لەلایەن ئایدیالیزمی کردەیی جەماوەری چەوساوە و برسییەوە دەشەکێتەوە و خوازیارە بە هاوتێکۆشانی گشت مرۆڤەکانی سەر ڕووی زەمین، فراوانترین ئازادی و مافی مرۆیی مرۆڤەکان بەدەستبهێنت.

چ کەسانێك بەڕاستی ئایدیالیستن؟ ئایدیالیستە ئەبستراکتەکان نا، بەڵکو ئایدیالیستەکانی نێو ژییان، ئەوانەی بەهەشت نا، بەڵکو ئەوانەی سەر گۆی زەمین. ئەی ماددەرستەکان کێن؟

ئەوە ڕۆشنە، کە مەرجی بنەڕەتی ئایدیالیزمی تیئۆریك یان یەزدانی، قوربانیکردنی لۆجیك و ژیریی مرۆڤ و دەستبەرداربوونی زانستە. لە درێژەی ئەوە دەبینین، کە لە پشتیوانیکردن لە بنچینەکانی ئایدیالیزم، تاك بەناچاریی خۆی لەنێوان چەوسێنەران و بەهرەکێشانی جەماوەر دەبینێتەوە. ئەوانە دوو هۆکاری گەورەن بۆچی ئاوا بەرچاودەکەون، دەبێت بۆ وەدەرنانی ئایدیالیزم لەنێو هەر بیرکردنەوە و ئاوەزێکی تەندرست بەسبن. ئەی چۆنە کە ئایدیالیستە دیارەکانی هاوسەردەمی ئێمە، بە هیچ شێوەیەك نە دڵێکی ناتەندروستیان هەیە و نە ئەندێشەیەکی نادروست و خراپەخواز، سەراپای بوونیان خستووەتە پێناو خزمەتی مرۆڤایەتی: چۆن دەبێت، کە ئەوانە هەر ئاوا پێداگرییدەکەن، لە نێوەندی نوێنەرانی باوەڕێکی ئاوا سزاوار و نەنگئاوەر بمێننەوە؟

بەدڵنیاییەوە کەوتوونەتە ژێر کارایی هاندەرێکی فرە بەهێز. ئەو هاندەرە ناتوانێت لۆجیك یان زانست بێت، چونکە لۆجیك و زانست تێڕوانینی خۆیان لە دژی بڕوای ئایدیالیستیی خستووەتەڕوو. چیدیکە ناتوانێت سوودی کەسیی بێت، لەبەرئەوەی کە ئەو پیاوانە زۆر لە سەرووی ئەو شتانەوەن. کەواتە، بەدڵنیاییەوە دەبێت هۆکارێکی بەهێزی ئاکاریی بێت. کامەیە؟ بێجگە لەوە هیچی دیکە نییە: کە ئەو پیاوە ناودارانە، بەبێ گومان ئاوا بیردەکەنەوە، کە تێڕوانین و تیئۆرییە ئایدیالیستییەکان و باوەڕەکان لە بنەڕەتدا بۆ بەرێزی ئاکاریی و پێگەی مرۆڤ پێویستن و لە بەرانبەر ئەوە تیئۆرییە ماتریالیستییەکان، تاکو ئاستی چوارپێ مرۆڤەکان دادەبەزێنن.

ئەی ئەگەر ڕاستی تەواو پێچەوانەی ئەوە بوو؟

هەر ئاوا کە گوتم، هەموو گەشەسەندنێك، خاڵی دەستپێکی خۆی ڕەتدەکاتەوە. بەگوێرەی تێڕوانینی فێرگەی ماتریالیستی، بنچینە و خاڵی دەستپێك، ماددەیە، بەدڵنیاییەوە نکۆڵیلێکراو دەبێت بیرۆکە بێت. بە دەستپێك لە گشتێتی جیهانی ڕاستەقینەوە، یان ئەوەی کە بە شێوەیەکی ئەبستراکت شت ناودەبرێت، بە شێوەیەکی لۆجیکی بە ئایدیالیزمی ڕاستەقینە دەگەین؛ واتە، مرۆڤبوون، ئازادبوونی سەراپای کۆمەڵ. لەو لاوە، لەبەر ئەو هۆیە، بنچینە و خاڵی دەستپێکی فێرگەی ئایدیالیستی، بیرۆکەیە و بەناچاری بە بەماددەییکردنی کۆمەڵ لە ڕێکخستنی سەرکوتی بێچەندووچوونی ئاژەڵییانە و بەهرەکێشی نادادوەرانە و پووچانە لە شێوەی کلیسا و دەوڵەت تەواودەبێت. پەرەسەندنی مێژوویی مرۆڤ، بەگوێرەی تێڕوانینی فێرگەی ماتریالیستی پێشکەوتوو

و پێشڕەوانەیە؛ بەڵام لەنێو سیستەمی ئایدیالیستی، ناتوانێت بێجگە لە تێداچوونێکی بەردەوام شتێکی دیکە بێت.

هەر پرسێکی مرۆیی لەبەرچاوبگرین، هەردەم ئەو ناکۆکییە کرۆکییە لەنێوان ئەو دوو فێرگەیە دەبینین. بەو جۆرەی کە من پێشتر سەرنجمداوە، ماتریالیزم بۆ گەیشتن بە مرۆڤایەتی لە ئاژەڵێتییەوە دەستپێدەکات؛ ئایدیالیزم لە یەزدانییەوە دەستپێدەکات و بە کۆیلەتی و سزاواربوونی هەمیشەیی جەماوەر بە ئاژەڵبوون دەگات. ماتریالیزم لە ویستی ئازاد داکۆکیدەکات و بە ڕۆنانی ئازادی بە سەرەنجام دەگات، ئایدیالیزم بە ناوی ڕێزداریی مرۆییەوە پاگەندەی ویستی ئازاد دەکات و لەسەر وێرانەی گشت ئازادییەکان دەسەڵات ڕۆدەنێت. ماتریالیزمی بنچینەی دەسەڵات ڕەتدەکاتەوە، چونکە بەڕاستی بە سەرەنجامی درێژەی ئاژەڵێتی و دوژمنی مرۆڤایەتی دادەنێت، هەر ئاوا بەپێچەوانەی ئەوەوە، سەرکەوتنی مرۆڤایەتی، کە ئامانج و گرنگی بنەڕەتیی مێژووە، تەنیا لە ڕێگەی ئازادییەوە شیاوی بەدیهاتنە. بەکورتی، هەردەم ئایدیالیستانێك هەن، کە بە کردەوە هەمان ماددەگەرایی کردەیین، هەر ئاوا هەمان کات ماتریالیستانێك هەن، کە بۆ کەتواریکردنەوەی ئارەزوو و بیرکردنەوە باڵاکان هەوڵدەدەن.

مێژوو، لەنێو سیستەمی ئایدیالیستەکان بەو جۆرەی کە گوتم، بێجگە لە دارمانی بەردەوام هیچی دیکە نییە. ئەوان بە ڕوخانێکی ترسناك دەستپێدەکەن، کە هیچ کات شیاوی چارەسەر نییە، لە شوێنە بەرزەکانی بیرۆکەی بێگەرد و بێچەندووچوونەوە بەرەو ماددە دەچن. ئەی چ جۆرە ماددەیەك! ماددەیەك نا، کە هەمیشە چالاك و بزێو، پڕ لە تایبەتمەندی و هێز، پڕ لە ژیان و هۆشە، بەو جۆرەی کە ئێمە لەنێو جیهانی ڕاستەقینە دەیبینین؛ بەڵکو ماددەیەکی ئەبستراکت، لە کەڵك کەوتوو و لاوازکراو تاکو ئاستی هیچی تەواو، ماددەیەکی چەپاوڵکراو بەدەستی پروسەکانی بیرکردنەوە و ڕابەرانی ئایینی و میتافیزیکەکان، کە ڕووتیانکردووەتەوە، تاکو هەموو شتێك بە ئیمپراتۆرییەکەیان بسپێرن، بە یەزدان؛ ماددەیەکی ئەبستراکت کە بەخۆی لە هەر جۆرە بزووتن و کردارێك خاڵییە و ناکۆکی لەتەك بیرۆکەی یەزدانی دەخاتەڕوو، کە بێجگە لە تەمەڵی هۆشیی و وەستان و ناکارایی تەواو، هیچ شتێکی دیکە نییە.

ڕوخان ئاوا ترسێنەرە، کە یەزدان، کەسی یەزدانی یان بیرۆکە، ورە و هوشیاریی خۆی لەدەسیدەدات و هیچ کات بەتەواوی ناگەڕێتەوە سەر خۆی. لە ئاوا بارێکی نائومێدانە هێشتا

ناچارە کە پەڕجووبکات! چونکە کاتێك کە مادده ناکارادەبێت، هەر بزووتنێك لە دونیا ڕوودات، تەنانەت ماددەییترینی، پەڕجووە، کە تەنیا لە ڕێگەی خۆتێهەڵقورتاندنی دووربینانەی یەزدان، بەهۆی کاری یەزدان لەسەر مادده. ئیدی ئەو یەزدانە بێچارە، هیچ و نیوەگیان بوو لە ڕوخانی و چەندین هەزار سەدە پشوودەدات، دواتر لەسەرخۆ ڕادەچڵەکێت، بە هەوڵێکی بێهودە بۆ یاداوەریی بیری نارۆشنی خۆی، هەر کارێك کە بەو ئاراستە بەسەر مادده ئەنجامیدەدات، ئافراندنێکی نوێ دەبێت، پەرجوویەکی نوێ. بەو جۆرە خۆی بە نێوان هەموو دۆخەکانی مادده و ئاژەڵ تێدەپەڕێت، سەرەتا گاز، توخمی کیمیایی سادە یان تێکەڵ، توخمی کانزایی، پاشان بە پێکهاتەی گیایی و ئاژەڵیی ڕووی سەرتاسەری زەوی بڵاودەبیتەوە، تاکو کاتێك لەنێو بوونی مرۆڤ چەقدەبەستێت. ئیدی ئاوا بەرچاودەکەوێت، کە دەتوانێت جارێکی دیکە ببێتەوە، لەنێو هەر مرۆڤێك ڕۆشناییەك هەڵدەکات، گەردێك لە بوونی یەزدانیی خۆی، گیانی نەمر.

بەڵام چۆن ئەوەی ڕێکخست، کە شتێکی تەواو نامادی لەنێو شتێکی تەواو ماددی شوێنبکاتەوە؟ چۆن جەستە دەتوانێت گیانی بێگەرد لە خۆی بگرێت و لەنێو خۆی بیشارێتەوە و سنووورداری بکات و زەمینیی بکات؟ ئەوە، دیسانەوە لەو پرسانەیە، کە تەنیا باوەڕ دەتوانێت ئەو ناجۆرییە چارەسەربکات، پێداگریی سۆزاوی و دەبەنگیی بێچەندوچوون و حەزی پووچ. گەورەترین پەڕجوون. بەڵام هێشتا دەبێت لە ئەنجامە کردەییەکانی ئەو پەڕجووە بکۆڵینەوە.

پاش هەزاران سەدە لە هەوڵی بێهودە بۆ گەڕانەوە بۆ خۆی، یەزدان، ونبوو و پرشوبڵاو لەنێو ماددەیەك کە گیانی پێداوە و دەیبزوێنێت، خاڵێك بۆ پشتیوانی پەیدادەکات، جۆرە نێوەندێك بۆ کۆکردنەوەی خۆی. ئەو نێوەندە مرۆڤە، کە گیانی بەتەنیایی بوونێکی نەمر لەنێو خۆی دەپارێزێت. بەڵام هەموو مرۆڤێك، بەتەنیایی لەبەرچاوگیردراوە، فرە لەوە سنووردارتر و گچکەترە، کە هەموو بێسنوورییەکی یەزدانی لەنێو خۆی جێبکاتەوە؛ تەنیا دەتوانێت تۆزقاڵێکی فرە بچووك لەنێو خۆی بگونجێنێت، کە هەرچەندە وەك گشتێك نەمرە، بەڵام لە ڕادەبەدەر گچکەتر لە گشت. ئاوا ئەنجامگیریدەکرێت کە بوونەوەری یەزدانی ، بوونەوەرێکی تەواو نا ماددییە، ڕێك وەک مادده، شیاوی دابەشکردنە. مەتەڵێکی دیکە کە دەبێت وەڵامەکەی بە باوەڕ بسپێردرێت.

ئەگەر یەزدان بە شێوەیەکی تەواو لەنێو هەر مرۆڤێك بگونجایە، ئەوا ئەو کات هەموو مرۆڤێك دەبووە یەزدان و دەبوو هەژمارێکی فرە لە یەزدانان هەبن، کە هەر یەکەیان بە دەستی ئەوانی

دیکە سنووردار دەکرا، بەڵام هاوکات هێشتا بێسنوور؛ ناکۆکییەك کە لەنێوبردنی یەکدی مرۆڤ و لەتوانادانەبوونی بوونی زیاتر لە یەك مرۆڤی دەگرتەخۆی. وەك گەردیلەکان، کە ئەوە بابەتێکی دیکەیە؛ چیدی ئەوەندە ئاوەزگیر نییە، کە هەر گەردیلەیەك دەبێت بەدەستی گەردەکانی دیکە سنووردار کرابێت و لە هەمووان گچکەتر بێت. سنوورداربوون و گەورەتربوون و بچووکتربوون، ئەوانە گشت تایبەتمەندیی ماددەن نەك هۆش. تێڕوانینی ماتریالیستەکان ئەوەیە، هۆش تەنیا کارکردی ئۆرگانیزمێکی تەواو ماددییانەی مرۆڤە و فراوانی و گچکەیی هۆش بێچەندوچوون پەیوەندی بە کەمتر یان فرەتر پەرەسەندوویی ئەندامییانەی مرۆڤ هەیە. بەڵام ئەو تایبەتمەندییەی سنووردارבوونی ڕێژەیی و گەورەیی و گچکەیی ناتوانێت تایبەتمەندیی هۆش بێت، ئاوا کە ئایدیالیستەکان وێنایدەکەن، هۆشی تەواو ناماددی، هۆشی جیا لە ماددە. لەنێوان هۆشەکان نە گچکەیی و نە گەورەیی و نە سنوورداریی ناتوانێت هەبێت، چونکە تەنیا یەك هۆش بوونی هەیە: یەزدان. زیادکردنی ئەوەش بوونێکی لە ڕادەبەدەر گچکە و سنووردار، کە گیانی مرۆڤەکان دەئافرێنێت و هاوکاتیش نەمریشە، بەواتای بە لووتکەگەیاندنی ناکۆکییە. بەڵام ئەوە پرسێکی باوەڕییە و با بە ئەوی بسپێرین .

لێرەوە یەزدان لە شێوەی گەردی بچووکی پارچە پارچە بوو و لە هەژماری بێکۆتایی بوونەوەرەکان لەنێو هەموو جێندەرەکان و تەمەنەکان و نەژادەکان و ڕەنگەکان جێگیربووە. ئەو بارە هێندە لەڕادەبەدەر نائاسوودە و ناجۆرە، کە ئەو گەردە فرە گچکە یەزدانییانە، ئەوەندە کەم ئاگایان لە یەکدییە، کە لە سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤ یەکدی قوتدەدەن. سەرەڕایی ئەوەش، لەنێوان ئەو بارە بەربەریی و دڕندەییە ئاژەڵییە، ئەو گەردە یەزدانییانە و گیانە مرۆییەکان، یاداوەرییە نارۆشنە یەزدانییە گشتییەکان دەپارێزن و بەناچاریی بەرەو گشتێتیان ڕاکێشدەکرێن؛ لە دوای یەکدی دەگەڕێن و لە دوای گشتێتی خۆیان وێڵن. ئەوە خودی یەزدانە، لەنێو دونیای سروشتی پرشوبڵاو و ونبووە و لەنێو دەروونی مرۆڤ دەرگیری دڵەراوکێی خۆیەتی و لەنێو ئەو زیندانە مرۆییە زۆرانەیەی کە خۆی دەستەمۆدەکات، خۆی وێرانبوو دەبینێت، کەواتە، بە گەڕان لە دوای خۆی، لە پێناو دەبەنگییەك دەبەنگییەك ئەنجامدەدات.

دەستپێك لە باوەڕبوون ئەفسونگەریی و پووچگەراییەوە دەکەونە گەڕان لە دوای خۆ و خۆیان دەپەرستن، هەندێك جار لە بەردێك، هەندێك جاریش لە پارچە دارێك، هەندێك جاریش لەنێو پۆشاکی کۆنە و پەڕپووت. ئەگەری زۆرە، کە هیچ کات لە هەڵاتن لەو زیندانە سەرکەوتوو نەبن،

مەگەر ئەوەی کە ئەو یەزدانەی "دیکە"، کە مۆڵەتی کەوتنە نێو ماددەی بەدەستنەهێناوە و لە باری گیانێکی پاك لە بەرزاییەکانی بیرۆکەی بێچەندوچوون یان ئاسمانی حەوتەم جێگیرە، بەزەیی بە ئەو بێتەوە.

ئەوە مەتەڵێکی تازەیە؛ کە یەزدان خۆی بە دوو بەش دابەشدەکات، هەر دوو بە ئەندازەیەکی ناکۆتا، یەکێکیان (یەزدانی باوك) لە سەرزەمینە نامادديی و پاکەکان دەمێنێتەوە و ئەوی دیکەیان (یەزدانی کوڕ) دەکەوێتە نێو ماددە. دەبێت پەیوەندی ڕاستەوخۆ و بەردەوامی نێوان ئەو دوو یەزدانە لەیەك جیابووەوە ببینین، لە خوارەوەڕا بۆ سەرەوە و لە سەرەوەڕا بۆ خوارەوە؛ ئەو پەیوەندییانە، وەك کردەی جێگیر و هەمیشەیی لەبەرچاوگیراون، گیانی پیرۆز پێکدەهێنن. ئەو بارە، لەنێو واتای ڕاستەقینەی میتافیزیکی و تیئۆلۆجیکی خۆی مەتەڵێکی گەورە و ترسێنەری سێ لایەنەی مەسیحییە.

بەڵام مۆڵەت بدەن، با کاتی خۆمان بە فیڕۆ نەدەین، واز لەو بەرزییانە بهێنین و ببینین لەسەر زەوی چی ڕوودەدات.

یەزدانی باوك، لە بەرزایی ئەو شکۆمەندییە هەمیشەییەی خۆیەوە دەبینێت، کە یەزدانی کوڕ بێچارە، بێورە و گێژکەوتووی کەوتنی، ئاوا چووەتە نێو ماددەی لیقن و لەنێوی ونبووە، کە تەنانەت بە گەیشتن بە بار و دۆخی مرۆیی ناتوانێت خۆی تیماربکات، بڕیاردەدات کە فریاییبکەوێت. لە هەژماری بێکۆتایی گەردە لە ڕادەبەدەر بچووك بەڵام یەزدانی و نەمرەکان، کە یەزدانی کوڕ بەسەر ئەوان دابەشبووە، یەزدانی باوك ئەوانەیان هەڵدەبژێرێت، کە فرەتر خۆشیدەوێن، وەرگرانی سرووش: زەردەشت، بودا، موسا، کۆنفووشیوس، لیکورگۆس، سۆلۆن، سۆکرات، پلاتۆن و لە گشتیان باڵاتر مەسیح، دروستبوونی تەواوەتی یەزدانی کوڕ، کە سەرەنجام لەنێو مرۆڤێك کۆبووەتەوە؛ گشت یارانی مەسیح، سانت پێتەر، سانت پاوڵ، سانت جان لەپێش هەموویانەوە، کۆنستانتینی گەورە، موحەمەد، شارلامێن، گریگۆری حەوتەم و بەگوێرەی تێڕوانینی هەندێك کەس، هەر ئاوا لۆتەر، ڤۆلتێر و ڕۆسۆ، ڕۆبسپییەر و دانتۆن و زۆر کەسایەتی پیرۆزی مێژوویی دیکە، کە ناوهێنانی هەموویان لەتوانا نییە، بەڵام لەنێوان هەموویان داخوازم (سانت نیکۆلاس) لە بیرنەکرێت.

پاشان ئێمە بە دوایین دەرکەوتنی یەزدان لەسەر زەمین گەیشتین. بەڵام کاتێك یەزدان دەرکەوت، دەستبەجێ مرۆڤ گۆڕا بە هیچ. وەك دەوترێت، ئەو نابێتە هیچ، چونکە ئەو گەردێکە لە خودی یەزدان. بمبەخشن! ئەوە پەسەنددەکەم کە گەردێك لە گشتی گەورە بەڵام سنووردار، هەرچەندە گچکە و سنوورداریش بێت، بەڵام بۆ خۆی شتێکە و شیاوی بەراوردکردنە لەتەك گشت؛ بەڵام گەردێکی سنووردار لە گەورەیی بێسنوور، بەناچاری بێسنوورێکی گچکەیە، بە لێکدانی ملیاردان ملیارد لە ملیاردان ملیارد جاری دیکە، سەرەنجام هێشتا بە بەراورد لەتەك گەورەیی بێسنوور، بەگوێرەی پێویست لەڕادەبەدەر گچکە و هیچ دەبێت. یەزدان هەموو شتێکە، کەواتە مرۆڤ و هەموو جیهانە کەتوارییەکەی و گەردوون، هیچ شتێك نابن بێجگە لە هیچ. دەربازبوون لەم ئەنجامگیرییە نییە.

یەزدان سەرهەڵدەدات، مرۆڤ تاکو ئاستی هیچ کەمدەبێتەوە؛ هەر چەندە یەزدان گەورەتر دەبێت، مرۆڤ بێچارەتر دەبێت. ئەوە مێژووی هەموو ئایینەکانە؛ ئەوە ئەنجامی ئەو سرووش و یاسامەندییەیە. ناوی یەزدان، لە مێژوودا، ئەو ئەنجومەنە ترسێنەرەیە، کە لەلایەن ئەوەوە، گشت مرۆڤە سرووشوەرگرتووەکان لە یەزدان، ئەو "بلیمەتە ئایینداره" گەورانە، ئازادی و بەرێزیی و لۆجیك و سەرکەوتوویی مرۆڤیان ژێرخستووە.

سەرەتا تێکشکانی یەزدان هەبوو. ئێستا تێکشکانێکی دیکە هەیە، کە بۆ ئێمە سەرنجڕاکێشترە: تێکشکانی مرۆڤ، بەدیاریکراوی لەبەر دەرکەوتنی یەزدان لەسەر زەمین.

سەرنجی ئەو چاڵە گەورەیە بدەن، کە ئایدیالیستە خۆشەویست و بەناوبانگەکانمان خۆیانی تێدەخەن. بە پێداهەڵدانی یەزدان دەیانەوێت و ئارەزوودەکەن ئێمە بەرزبکەنەوە و گەورەمان بکەن، بەڵام لە بەرانبەر ئەوە، ئێمە دەگوشن و بە هیچ دەکەن. ئاوای دەبینن دەتوانن بەناوی یەزدانەوە تەبایی نێوان مرۆڤەکان سەقامگیربکەن، بەڵام ڕێك بەپێچەوانەوە خۆبەزلزانان و سووکایەتیگەران دەئافرێنن؛ ناتەبایی، نەفرەت و جەنگ دروستدەکەن، کۆیلەتی بنیاتدەنێن. چونکە کاتێك کە یەزدان بە پلەبەندیی جیاواز سرووش بۆ مرۆڤە جیاوازەکان دەنێرێت؛ مرۆڤەکان بەسەر کۆمەڵە مرۆڤێکی جیاواز دابەشدەبن: فرە سرووشوەررگرتوو، کەم سرووشوەرگرتوو یان هەر هیچ سرووشیان وەرنەگرتووە. هەمووان لە بەرانبەر یەزدان هیچن، ئەوە دروستە؛ بەڵام، بە بەراوردکردن لەتەك یەکدی، هەندێك لەوانی دیکە گەورەترن؛ نەك

تەنیا نایەکسانی بەکردەوە (کە هیچ سەرەنجامێکی نابێت، چونکە نایەکسانییەك کە بە کردەوە نەتوانێت ببێت بە جۆرێك لە فریودانێکی یاسایی یان کۆتوبەندییێکی دەزگەیی، لەنێو هەرەوەزی لەنێودەچێت)، بەڵکو بە مافی یەزدانیانەی سرووش، جۆرێك نایەکسانی کۆنەپەرستانە و نەگۆڕ و هەمیشەیی پەیدادەبێت. ئەوانەی کە کەمتر سرووشوەردەگرن، دەبێت گوێڕایەڵی ئەوانەی دیکە بن، کە فرەتر لەتەك یەزدان پەیوەندییان هەیە و ملکەچییان بکەن و ئەوانەی کە هەر هیچ سرووشوەرناگرن، دەبنە گوێڕایەڵی ئەوانەی کە کەمتر وەردەگرن. بەو جۆرە لەتەك پەیدابوونی بنچینە پلەداری، هەر دوو دەزگە بنەڕەتییەکانی کۆیلایەتی : کلیسا و دەوڵەت سەرهەڵدەدەن.

لەنێوان گشت سەرکوتکارییەکان، سەرکوتکاری بنەماگەرایان یان ئایینە سرووش-وەرگرتووەکان خراپترینیانن. ئەوان ئەوەندە تامەزرۆی سەرکەوتنی یەزدان و زاڵبوونی بۆچوونەکانیانن، لەنێو دڵیان جێگەیەك بۆ ئازادی و بەڕێزی یان تەنانەت خەمخۆریی مرۆڤی ڕاستەقینە نیشان نەماوە. دەمارگیریی یەزدانی و شەیدایی بۆ بیرۆکە، سەرەنجام بەسۆزترین و نەرمونیانترین مرۆڤەکانیش دڵڕەقدەکات، بەسۆزترین دڵەکان دەکاتە بەرد و سەرچاوەکانی ئەڤینی مرۆڤ وشکدەکات. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوانە، گشت ئەوەی لە ساتی پەسەندکردنی هەمیشەیی بیرۆکەی بێگەرد ڕوودەدات ئەوەیە، ئەوان ماددەی ناپایەدار بە هیچ دادەنێن، بەڵام ژیانی مرۆڤە ڕاستەقینەکان، مرۆڤە لە گۆشت و خوێن پێکهاتووەکانیش تەنیا لەم ماددە ناپایەدارە دروستکراوە و ئەوان بە خۆشیان تەنیا بوونەوەری ناپایەدارن، کاتێك کە بەکۆتایی گەیشتن بە بوونەوەری ناپایەدارەکانی دیکە شوێنیان دەگیردرێتەوە، بەڵام هیچ کات ناگەڕێنەوە سەر شێوەی مرۆییەکەی خۆیان. تەنیا شتێکی بەردەوام و بەڕێژەیەك هەتاهەتایی لە مرۆڤدا، مرۆڤایەتییە، کە بەردوام پەرەدەسێنێت و بەتێپەڕبوونی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە، تەواوتر دەبێت. دەڵێم "بەڕێژەیەك" هەتاهەتایی، چونکە کاتێك گۆی زەوی لەنێوچوو (درەنگ یان زوو لەنێودەچێت، چونکە هەموو شێك دەستپێکی هەبێت، بەناچاری کۆتاییشی دەبێت)، کاتێك کە گۆی زەمین پارچەپارچە بوو، بەبێ گومان بۆ دروستبوونی توخمێکی تازە بە شێوەیەکی نوێ لەنێو سیستەمی گەردوونی، کە تەنیا شتێکی هەمیشەییە، ئەو کات کێ دەزانیت تەواوی شارستانیی مرۆیی چی بەسەردێت؟ لەتەك ئەوەشدا، ساتی ئەو لەنێوچوونە لە ئێمەوە دوورە و دەتوانین مانەوەی مرۆڤایەتی بەراورد بە کورتیی تەمەنی مرۆڤ، هەتاهەتایی دابنێین. بەڵام

ڕاستی بەروپێشچوونی مرۆڤایەتی تەنیا لەدەرکەوتینداپە لەنێو کات و شوێنە دیاریکراوەکان کە کەتوارین، نەك لە چوارچێوەی بیرۆکە گشتییەکەی.

بیرۆکەی گشتی هەردەم ئەبستراکتە، لەبەرئەوە بە جۆرێك ڕەتکردنەوەی ژیانی ڕاستەقینەیە. وەك لەنێو پاشکۆی ئەم نووسینە گوتوومە، مرۆڤ تەنیا لەنێو کەتوارە دیتراوەکان دەتوانێت لە بیرکردنەوەی مرۆیی و سەرەنجام زانست بکۆڵێتەوە و واتا و پەیوەندی و یاساکانی ئەوان تێبگات (بەکورتی، ئەوەی کە لەنێو گۆڕانە بەردەوامەکانیان هەمیشەییە). زانست لە بیرکردنەوە ڕاستینەکان تێدەگات، بەڵام نەك لە خودی ڕاستی، هزری ژیان تێدەگات، نەك لە خودی ژیان. ئەوە سنووردارپی زانستە، تەنیا سنووردارییەکە کە تێناپەڕێندرێت، چونکە هۆکەی سروشتی بیرکردنەوەیە، کە تەنیا ئامرازی زانستە.

مافە بێچەندوچوونەکان و ئەرکی گەورەی زانست لەسەر بنەمای ئەم سروشتە جێگیر بوون، بەڵام ناتوانایی کرۆکیی ئەوان و تەنانەت کردەی خراپکارانەشیان هەر بەو جۆرە دەبنە هۆی ئەوەی لە ڕێگەی نوێنەرانی فەرمییەوە، بێشەرمانە پاگەندەی مافی فەرمانداریی بەسەر ژیان بکەن. ئەرکی زانست دۆزینەوەی یاسای گشتیی شاردراوەیە لەنێو پەرەسەندنی دیاردەکانی جیهانی فیزیکی و کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی دیتنی پەیوەندی کەتوارە ناپایەدارە دیتراوەکانەوە؛ زانست دەبێت خاڵە نەگۆڕەکانی پێشڕەویی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی، بە نیشاندانی هەلومەرجە گشتی و پێداویستەکانی ژیان، کە هەمیشە لە مەترسی فەرامۆشکران یان لەبەرچاونەگرتندان، ڕۆشنبکاتەوە. بەکورتی، زانست جەمسەرنمای ژیانە؛ بەڵام خودی ژیان نییە. زانست نەگۆڕ و ناکەسیی و گشتی و ئەبستراکت و هەستەوەر نییە، وەك ئەو یاسایانەی کە لەنێو ڕاستی زانست بێجگە لە نۆژەنکردنەوە و ڕەنگدانەوە و ژیانەوەیان لەنێو هۆش شتێکی دیکە نییە (واتە کارکردی مێشکە؛ ئەم واژە بەکاردەبەم تاکو بەبیربهێنمەوە، کە زانست بە خۆی هیچ نییە بێجگە لە بەرهەمی ماددیی ئامرازێکی ماددی، واتە "مێشك"). ژیانی بێگەرد ناهەمیشەیی و کاتییە، بەڵام هەر ئاوا، ئامێتە بە کەتوار و تاکایەتی و هەست و ڕەنج و چێژ و ئارەزوو و پێداویستی و شەیدایی . ژیان بەتەنیایی و خۆبەخۆ شتگەلێکی کەتواری دەئافرێنێت. بەلام زانست هیچ شتێك نائافرێنێت؛ تەنیا ئافەرێنراوەکانی ژیان دەناسێت و فۆرمۆڵبەندیدەکات. هەر جارێك کە زانستگەری لە دونیای ئەبستراکیان دێتە دەرەوە و خەریکی چێکردنی جیهانی کەتواری دەبێت، گشت ئەوەی کە پێشنیاریدەکات یان چێیدەکات لاوازە، بەشێوەیەکی خەنێنەر ئەبستراکت و

بێخوێن و بێگیان و لەبارچووە، وەك ئەو مرۆڤۆكانەی كە واگنەر چێیكردن، شاگردە لەخۆباییەكەی (دكتۆر فاوست)ی نەمر. بەو جۆرە تەنیا ئەركی زانست ڕۆشنكردنەوەی ژیانە نەك فەرمانداریكردن لەسەر ژیان.

فەرمانداریی زانست و زانستداران، هەر ئاوا لەلای پۆزەڤیستەكان، قوتابیانی ئۆگوست كۆمت، یان دووبارە لای قوتابیانی باوەڕ؛ فێرگەی كۆمونیزمی ئاڵمانی، ناتوانێت بەهرەكێش و گاڵتەجار و نامرۆیی، بێبەزەیی نەبێت. دەتوانین گشت ئەوەی لەبارەی تێئۆلۆگەكان و میتافیزیكییەكانەوە گوتمان، هەر ئاوا لەبارەی زانستكاران دووبارەیبكەینەوە: ئەوان تەنانەت هەست و دڵسۆزییان بۆ تاك و بوونەوەران نییە. ئێمە ناتوانین لەبەرئەوە ئەوان سەركۆنەبكەین، ئەوە سەرەنجامی سروشتیی پیشەیی ئەوانە. لەوێوە كە ئەوان كەسانی زانستكارن، ناتوانن لەتەك هیچ شتێك بێجگە لە گشتێتی سەروكاری هەبێت؛ كە یاساكانن

[...] [بەگوێرەی ڕۆشنكردنەوەی سەرچاوە سەرەكییەكە، سێ لاپەڕە لە دەستنووسەكە نەماون.]

[...] [ئەوان تەنیا كەسانی زانستكار نین، بەڵكو هەر ئاوا كەم تاكو زۆر كەسانی ژیانكردنیشن]

* گەلە ، واتە كۆمەڵی ئاژەڵ، بە واتای مێگەڵ، گایەل، گۆلكگەل، بزنگەل

# بەشی سێیەم

هەرگیز نابێت ئێمە ئەوەندە پشت بەو بابەتە ببەستین. هەر چەندە تەواو دڵنیاشبین، کە ئەم ڕۆژگارە هیچ زانستکارێك ناوێرێت وەك کەروێشك لەتەك مرۆڤەکان ڕەفتاربکات، بەڵام ئەو دڵەڕاوکێیە هەردەم دەمێنێتەوە، کە زانستکاران، وەك کۆمەڵێك کارەکەیان چاودێرییەنەکرێت، ئەگەری ئەوە هەیە مرۆڤە زیندووەکان بکێشنە نێو ئەزموونکارییەکانی خۆیان، هەر چەندە بەبێ گومان کەمتر بێبەزەییانەیە، بەڵام بۆ قوربانیان بە هیچ شێوەیەك کەمتر نەخوازراو نابێت. ئەگەر نەتوانن ئەزموونکردنەکانیان بەسەر یەك بە یەکی کەسەکان جێبەجێبکەن، ئەو کات دەیانەوێت سەراپای پێکهاتەی کۆمەڵ بخەنە ژێر ئەزموونکارییەکانیانەوە و دەبێت بە هەموو شێوەیەك بەر بەو کارە بگیردرێت.

لەنێو ڕێکخراوەی ئێستایان، کە زانستی پاوانکردووە و کەوتووەتە دەرەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی، زانستکاران چینێکی جیاوازن، لە زۆر ڕووەوە لە کەشیشان دەچن. ئەبستراکتی زانستی یەزدانیانە، کەسە زیندوو و ڕاستینەکان قوربانییانن و خۆشیان وەك قوربانیکارانی فەرمی لەبەرچاو دەگیردرێن.

زانست ناتوانێت لە بازنەی ئەبستراکت دەربچێت. لەم ڕووەوە لە ڕادەبەدەر لە هونەر خراپترە، هەرچەندە کە بە نۆرەی خۆی لەتەك جۆرە گشتییەکان و بار و دۆخە گشتییەکان سەروکاری هەیە، بەڵام بە وەستاییەوە بەشێوەیەك دەریدەهێنێت، کە ئەگەر لە شێوەی ژیانی ڕۆژانەی زیندوو نەبن، بەڵام لەنێو وێنە هۆشیی و هەستییەکان زیندوو دەردەکەون؛ هونەر، بەشێوەیەك شتەکان و بارودۆزە گشتییەکان کەسیی دەکاتەوە؛ بەو واتایەی تاکو کاتێك کە کەسایەتییە بێگۆشت و ئێسکەکان بەردەوام و نەمر دەبینین، لەنێو هۆشی ئێمە یاداوەری کەسانی زیندوو و ڕاستینەن، کە ڕۆژانە لەبەرچاومان دەردەکەون و وندەبن. کەواتە هونەر، وەك بڵێی گەڕانەوەی ئەبستراکتە بۆ ژیان؛ زانست بەپێچەوانەی ئەوەوە، قوربانیکردنی هەمیشەیی ژیانی زووتێپەڕ و کاتی، بەڵام ڕاستینەیە، لەپێناو ئەبستراکتە هەمیشەییەکان.

زانست وەك تێگەیشتنی لە کەروێشکێك، توانای تێگەیشتنیشی لە کەسایەتی مرۆڤ هەیە، بە هەمان ڕادە و وەك یەك لە هەردووکیان. بەو واتایە نا کە بنەمای تاکایەتی دەرکناکات: وەك بنەمایەك پەسەندیدەکات، بەڵام نە وەك ڕاستییەك. زۆر باش دەزانێت کە گشت جۆرە زیندەوەرەکان، لەوانەش مرۆڤ لە دەرەوەی کۆمەڵێکی بێئەژمار لە کەسەکان واتایەکیان نییە،

کەسانێك لەدایك دەبن و دەمرن تاکو جێگەیەك بۆ کەسانی دیکە بکەنەوە، بەڵام هەر وەك خۆیان شیاوی لەنێوچوون. دەزانێت کە پەرەسەندن لە جۆری زیندەوەرێکەوە بۆ جۆرێکی باڵاتر، کرۆکی کەسایەتی دیاریکراوتر دەبێت؛ کەسەکان ئازادتر و تەواوتر دەبن. دەزانێت کە مرۆڤ، دوایین و تەواوترین زیندەوەری سەر ڕووی زەمینە و تەواوترین و باڵاترین کەسایەتی هەیە، لەبەرئەوەیلەتوانای وێناکردن و کەسایەتیپێدانی هەیە. هەر ئاوا کە هەمیشە، لەنێو بوونە کۆمەڵایەتیی و تایبەتییەکەی یاسایەکی گەردوونییە. سەرەنجام ئەو دەزانێت، بە حیکمەتسازیی یەزدانی و میتافیزیکی یان ڕامیاریی و دادوەریی گەندەڵنەبوو، یان لەوانەیە بە لەخۆباییبوونی بیرتەنگانەی زانستی؛ کاتێك کە بۆ بیستنی حەز و ئارەزووە خۆبەخۆ زیندووەکان کەڕ نەبووبن؛ ئەو کات دەزانێت کە (ئەمە دوایین قسەی ئەوە) ڕێزگرتن لە مرۆڤ باڵاترین یاسای مرۆڤایەتییە و ڕاستینەترین و گەورەترین ئامانجی مێژووە، تەنیا ئامانجی ڕەوای ئەو، مرۆییکردنەوەی کۆمەڵ و ڕزگارکردن، ئازادی و ڕاستینە و خۆشگوزەرانی و بەختەوەریی ژیانی یەك بە یەکی تاکەکانی کۆمەڵە. بۆ ئەوە، ئەگەر ئێمە نەگەڕێینەوە سەر داستانە کۆنەکانی دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی گشتی لەلایەن دەوڵەتەوە، ئەفسانەیەك کە هەردەم لەسەر بنچینەی قوربانیکردنی بنەمایی خەڵك ڕۆنراوە، دەبێت بە ڕۆشنی ئەوە پەسەندیبکەین، کە بوونی ئازادی هەرەوەزییانە و خۆشگوزەرانی تەنیا لە نوێنەرایەتی کۆی ئازادییە کەسییەکان و سەرکەوتنی ئەوان دەردەکەوێت.

زانست گشت ئەوانە دەزانێت، بەڵام ئەوە ڕوونادات و ناتوانێت لەوە واوەتر بڕوات. ئەبستراکبوون سروشتییەتی، زۆر بە بەباشی دەتوانێت بنەمای کەسایەتی زیندوو و ڕاستینە وێنابکات، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی لەتەك کەسە زیندوو و ڕاستینەکان نییە؛ بۆ زانینی کەسانی گشتی گرنگیی هەیە، نەك پیتەر و جێمز، نە ئەم و نە ئەو؛ تاکو کاتێك زانست لەتەك تاك سەروکاری هەیە، ناتوانێت هیچ بوونێکی هەبێت. کەسانی زانست، دووبارەی دەکەمەوە، تەنیا بوونێکی ئەبستراکتن.

بەو جۆرە، مێژوو کارکردی کەسانی ئەبستراکت نییە، کارکردی کەسانی زیندوو و چالاکە، کەسانێك کە چالاکن و دەژین و دەمرن. بوونە ئەبستراکتەکان تەنیا ئەوەندە پێشدەکەون، کە مرۆڤە ڕاستینەکان ئەوان بەرەوپێش دەبەن. زانست هیچ بەزەیی و دڵێکی بۆ ئەو بوونەوەرانە نییە، نەك تەنیا بوونەوەرانی خەیاڵکرد، بەڵکو بوونەوەرانی ڕاستینەی لە گۆشت و خوێن

چێبووش: لە باشترین باردا ئەوان وەك کەرەستەی خاوی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و هزریی دەبینێت. بار و چارەنووسی تایبەتیی (پیتەر) و (جەیمز) بۆ ئەو هیچ گرنگییەکی نییە؟ ئەگەر بیخواستایە بێجگە لە نموونەیەك بۆ سەلماندنی تێئۆرییە هەتاییەکانی ئاوڕیان لێ بداتەوە، خۆی لەدەستدابوو و خۆی لەنێو بردبوو. هەر ئاوا گەمژانەیە کە لە ئەو بخوازین ئەوە بکات، چونکە ئەوە ئەرکی ئەو نییە. ناتوانێت کەتوار تێبگات؛ تەنیا دەتوانێت ئەبستراکتی بکات. لێپرسراوەتی ئەو تەنیا خۆخەریککردنە لەتەك پێگەکان و هەلومەرجە گشتییەکانی بوون و پەرەسەندن، چە جۆرە مرۆڤێك بەگشتی یان پەیوەندی نێوان ئەوان وەك دەستەیەك لە خەڵك، چینێك یان جۆرێکی تایبەتی لە مرۆڤەکان؛ کاری ئەو لێکۆڵینەوەی هۆکاری گشتیی سەرکەوتنەکان و شکستەکانی ئەوانە و بەدەستهێنانی باشترین شێوازە گشتییەکان بۆ مسۆگەرکردنی بەرەوپیشچوونیان لە هەموو بوارەکان. ئەگەر بە شێوەیەکی بەرفراوان و ژیرانی ئەو کارە ئەنجامبدات، ئەوا بەتەواوی ئەرکەکەی ئەنجامداوە و بەڕاستی نادادوەرانە دەبێت، ئەگەر لەوە زیاتری لێ بخوازین.

بەڵام بە هەمان ڕادە گاڵتەجاری و نەهامەتبارانە دەبێت، ئەرکێك بە ئەو بسپێرین، کە ئەو توانای بەدیهێنانی نییە. لەوێوە کە سروشتی بە نادیدەگرتنی بوونی پیتەر و جەمیز ناچاریدەکات، کەواتە نابێت هیچ کات مۆڵەت بەدەستبهێنێت و هیچ کەسێکیش نابێت بە ناوی ئەوەوە مۆڵەت بەدەستبهینێت، کە فەرمانداریی بەسەر پیتەر و جەمیز بکات. چونکە ئەو تواناییە لەنێو زانست هەیە، کە وەك کەروێشك لەتەك ئەوان ڕەفتاربکات. یان لەوانەیە درێژە بە لەبەرچاونەگرتنیان بدات؛ بەڵام نوێنەرانی فەرمی ئەو، مرۆڤانێك کە بەهیچ شێوەیەك ئەبستراکت نین، بە پێچەوانەوە تەواو کەتواریی و ڕاستەقینەن و ژیانی فرە چالاك و حەز و بەرژەوەندی دیار و سەرنجڕاکێشیان هەیە، لەوانەیە حەز و بەرژەوەندی ئەو نوێنەرە فەرمییانە ئەوان بەو ئاڕاستەیە بەرێت، کە لە کۆتاییدا بەناوی زانستەوە مرۆڤەکان دەمکوتبکات، ڕێك هەر ئاوا کە تاکو ئێستا بەدەستی کەشیشان و ڕامیارکاران و وکیلان بەناوی یەزدان و دەوڵەت یان بەناوی مافی دادوەرییەوە دەمکوتکراون.

پاش ئەوە ئەوەی پێشنیاریدەکەم، تاکو ڕادەیەکی دیاریکراو، شۆڕشی ژیانە لە دژی زانست، یان وردتر، دژی فەرمانداریی زانست؛ نەك بۆ ئەوەی کە زانست لەنێوبەرین (کە دژەخونییەکی گەورە دەبێت لە مرۆڤایەتی)، بەڵکو بۆ ئەوەی زانست لە جێگەی خۆی دابنێین، بەجۆرێك

چیدیکە هیچ کات نەتوانێت ئەو جێیەی بەجێبهێڵێت. مێژووی مرۆڤ تاکو ئێستا تەنیا قوربانیکردنی خویناوی و هەمیشەیی ملیۆنان مرۆڤی بێچارە بووە لەپێناو هەندێك ئەبستراکتی بێبەزەیی؛ لە پێناو یەزدان، وڵات، دەسەڵاتی دەوڵەت، شانازی نەتەوەیی، مافی مێژوویی، مافی دادوەریی، ئازادی ڕامیاریی و خۆشگوزەرانی گشتی. تاکو ئێستا بزاڤی نکۆڵیهەڵنەگر و خۆکرد و سروشتیی کۆمەڵە مرۆییەکان بەو جۆرە بووە. ناتوانین بیگێڕینەوە، تاکو کاتێك کە وەك مشتومری رابوردووە، دەبێت پەسەندیبکەین، هەر بەو جۆرەی کە گشت هەڵە سروشتییەکان پەسەنددەکەین. دەبێت ئەوە پەسەندیکەین، کە ئەمە تەنیا ڕێگەیەکی گونجاو بوو بۆ فێرکردنی نەوەکانی مرۆڤ. نابێت خۆمان فریو بدەین: تەنانەت ئەگەر بەشی زۆری ئەو بەقوربانیکردنە ترسناکەی جەماوەر بدەینە پاڵ تەڵەکەی ماکیاڤیلسیتی چینە سەروەرەکان، وێڕای ئەوەش بەدڵنیاییەوە خودی جەماوەر تووشی سەرلێشێوانی ناچارییانە بوون، کە ئەوانی بەرەو ئەو قوربانیبوونە بردووە، ڕۆژێك قوربانیبوون لەپێناو تاکەکەسێك و ڕۆژێکی دیکە لەپێناو ئەبستراکە چاوچنۆکەکان، خوێنمژانی مێژوو، کە هەردەم خوێنی مرۆڤیا خواردووەتەوە.

ئێمە باش دەزانین، کە ئەوە چەندە مایەی خۆشیی یەزدانناسەکان، ڕامیارکاران و مافناسانە. ئەوان، وەك کەشیشانێکی ئەبستراکتی جۆراوجۆر، کە تەنیا بە قوربانیکردنی بەردەوامی مرۆڤەکان دەژین. بۆ میتافیزیکەکانیش کەمتر سەرنجڕاکێش نییە، ڕەزامەندی ئەوانیش مسۆگەردەکات، تاکو ئەو جێگەیەی کە دەلوێت، ئەرکی ئەوان تەنیا یاساییکردن و ژیرانیکردنی پووچگەرایی و خراپەکارییە. بەڵام زانستە دوور لە گومانەکانیش، ئاوا ئەو حەزانەیان لە خۆیان نیشانداون، کە لە کاتی جێگیریی دەبێت چاودێری ئەوان بکەین و لە ئەوان ڕەخنەبگرین. هۆکاری ئەوەش دوو شتن: لە پلەی یەکەمدا، ئەوەی کە لە دەرەوەی ژیان پێکهاتوون و دەستەیەکی پاوانگەر نوێنەرایەتی دەکەن؛ دووەم، لەوێوە کە خۆی بە دوا ئامانج و کۆتایی گشت پەرەسەندنی مرۆڤ وێناکردووە. لە ڕەخنە و داوەریی دروستدا، کە دواجار زانست ناچار دەبێت خۆی بداتە دەستیان، لە بەرانبەر ئەوەدا تێدەگات، کە خودی زانست ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی باڵاتر؛ بە مرۆییکردنی تەواوی پێگە ڕاستینەکانی مرۆڤە ڕاستینەکان، کە لەسەر ڕووی زەمین لەدایکدەبن و دەژین و دەمرن.

بەرتەریی فرە گەورەی زانستی ئەرێنی بەسەر تیئۆلۆگی و میتافیزیك و ڕامیاری و مافی دادوەری لە ئەوەدایە، کە لە بەرانبەری ئەبستراکتە نادروستەکان و ئەو هەڵانەی کە ئەو بنەمایانە

بنیاتیاندەنێن، زانست ئەبستراکتە دروستەکان بەدەستدەهێنێت، کە سروشت و لۆجیکی گشتی شتەکان و پەیوەندییە گشتییەکانیان و یاسا گشتییەکانی پەرەسەندن، دەردەبڕن. ئەو بەرتەرییە سەراپا لەگشت زانینە پێشتر وتراوەکان جیادەکاتەوە و بۆ هەمیشە لەنێو کۆمەڵ جێگەیەکی باڵای بۆ دابیندەکات. زانستەکان بە جۆرێك هۆشیاری کۆیی لەنێو هەستی کۆمەڵ پێکدەهێنێت. بەڵام لایەنێك هەیە، کە زانستیش لەتەك هەموو ئەو ڕێرەوانە لێکچوونی هەیە: تەنیا ئامانجی بۆلواوی ئەبستراککردنە و لەژێر کارایی سروشتی خۆی ناچارە مرۆڤە ڕاستینەکان نەدیتوو وەربگرێت، کەسانێك کە لە دەرەوەی ئەوان دروسترین ئەبستراکتەکانیش هیچ بوونێکیان نییە. بۆ چارەسەری ئەم کەموکورتییە بنەڕەتییە، زانستە ئەرێنییەکان ناچاردەبن شێوازێکی جیاواز لە ئەوەی ڕێرەوەکان لە ڕابوردوو بگرنەبەر. ئەوان نادەربەستی جەماوەریان قۆستووەتەوە، تاکو ئەوان بە پەسەندکردنی خۆیان، لە پێناو ئەبستراکتەکان بیانکەنە قوربانی، کە بەو جۆرە بۆ نوێنەرانی ئەبستراکتەکان (کە لە گۆشت و خوێن چێکراون) فرە بەکەڵك بوو. زانست بە درکاندنی ناتوانایی بێچەندوچوونی لە تێگەیشتن لە کەسە ڕاستینەکان و حەزی لە گشتێتی، دەبێت بەبێ چەندوچوون و پێچوپەنا نکۆڵی لە هەر جۆرە پاگەندەیەك لەسەر فەرمانداریی کۆمەڵەکان بکات؛ چونکە ئەگەر بکەوێتە نێوی، کاری تەنیا قوربانیکردنی بەردەوامی مرۆڤە زیندووەکانە، کە نەدیتوویان لەبەرچاو دەگرێت، لەپێناو ئەبستراکگەلێك دەبێت کە تاکە ئامانجی ڕەوای ئەون.

بۆ نموونە، زانستی ڕاستینەی مێژوو، هێشتا بوونی نییە، ئەورۆکە بە توندی تێدەکۆشین سەرنج بدەینە هەلومەرجە فرە ئاڵۆزەکانی. بەڵام گریمان هەر بەڕاستی پەرەسەندووبووایە. دەیتوانی چی بە ئێمە بدات؟ وێنای ئاوەزپەسەند و پابەند بە ڕاستی لە پەرەسەندنی سروشتیی هەلومەرجی گشتیی پەرەسەندنی کۆمەڵەکان (ماددی و هزری، ئابووری، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، ئایینی، فیلۆسۆفی، جوانناسی و زانستی) بە درێژایی مێژوو دەخستەڕوو. بەڵام ئەم وێنایە جیهانییەی شارستانی مرۆیی، هەرچەندە کە وردەکارییەکانیشی بگرتایەتەوە، نەیدەتوانی لە پێوەرە گشتیی و سەرەنجام ئەبستراکەکان زیاتر شتێکی دیکە بە ئێمە نیشانبدات. ملیاردان مرۆڤ کە لەو کەرەستانەی ژیانیان لەنێو ڕەوتی مێژوو دەستەبەرکردوون، سەرکەوتووان و شکستخواردووانی (سەرکەوتووان بە سەرەنجامە گشتییەکەی، شکستخواردووان لە قوربانیکردنی هەمووانیی مرۆڤەکان لەژێر ڕەوڕەوەکانی پێشکەوتنی ئەو)، ئەو ملیاردانە لە مرۆڤە گومناوەکان، کە هیچ یەك لە سەرەنجامە گەورەکانی ئەبستراکتەکانی مێژوو نایانگرێتەوە

( هەر ئاوا ئەو کەسانەشمان لەبیربن، کە هیچ کات لە هیچ یەك لەو سەرەنجامانە بەهرەمەند نەبوون) لە هیچ شوێنێك، تەنانەت لەنێو پەرپووتترین ئامارەکانیش نین. ئەوان ژیاون و بوونەتە قوربانی، لەپیناو مرۆڤایەتی ئەبستراکت لەنێوچوون.

ئایا دەبێت زانستی مێژوو سەرکۆنە بکەین. ئەوە گەمژانە و نادادوەرانە دەبێت. کەسەکان ناتوانن لەنێو بیرکردنەوە و لەنێو وێناکان یان تەنانەت ئەو دەربڕینانەی کە تەنیا بۆ دەربڕینی ئەبستراکتەکان توانایان هەیە، بەدەستبهێندرێن؛ ئەوانە ئێستاش، هێندەی هەر سەردەمێکی دیکە لە ڕابوردوودا، شیاوی تێگەشتن نین. لەبەرئەوە زانستە کۆمەڵایەتییەکان، لەوانە زانستەکانی ئایەندە، ناچار بە بەردەوامی لەبەرچاونەگرتنی ئەوان دەبێت. پاش گشت ئەوانە، ئێمە ئەو مافەمان هەیە کە داوا لە زانست بکەین، هۆکاری گشتیی گرفتە تایبەتەکان بە دروستی و پابەند بە کەتوار بۆ ئێمە بخاتەڕوو - ئەو گرفتانەی کە لەنێوانیان قوربانیکردن و گوێڕایەڵی کەسە زیندووەکان (بەداخەوە هێشتا دووبارە دەبێتەوە!) بۆ گشتێتییە ئەبستراکتەکان-، بەو جۆرە هاوکات زانست هەلومەرجی گشتیی پێویست بۆ ئازادکردنی ڕاستینەی کەسانێك کە پێکەوە بە کۆمەڵ دەژین بە ئێمە نیشاندەدات. ئەوە ئەرکییەتی؛ ئەوانە سنووربەندییەکن کە لە دەرەوەی ئەوان کارکردی زانستە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا هەڵە و گرفتاریی دەبێت. لە دەرەوەی ئەو سنووربەندییانە، باوەڕداران و نوێنەرانی فەرمی و پاگەندەچی فەرمانداریيیەکەی ئەو ئامادەدەبن، کەشیشانی ئەو. ئیدی کاتی ئەوەیە، ک کاری خۆمان لەتەك گشت پاپاکان و کەشیشەکان یەکلابکەینەوە؛ چیدیکە ئەوانەمان ناوێن، تەنانەت ئەگەر خۆیان ناوبنێن سۆشیال دیمۆکرات.

جارێکی دیکە، ئەرکی بنەڕەتیی زانست، ڕۆشنکردنەوەی ڕێگەیە. ژیان، تەنیا بە ئازادبوون لە هەموو کۆتوبەندەکانی دۆگم و فەرمانداریی و پێدانی سەربەستی چالاکی، دەتوانرێت بهێنرێتەدی.

ئەو ناکۆکییە چۆن چارەسەر بکەین؟

لەلایەك، زانست بۆ ڕێکخستنی ئاوەزپەسەندانەی کۆمەڵ پێویستە، لەلایەکی دیکە، توانای هۆگریی بۆ هەر شتێکی ڕاستینە و زیندوو نییە و نابێت هیچ دەستێوەردانێکی لەنێو ڕێکخراوە ڕاستینە و کردەییەکانی کۆمەڵ هەبێت.

ئەو ناکۆکییە تەنیا بە شێوازێك چارەسەردەکرێت: بە لەنێوچوونی زانست وەك بوونێکی ئەبستراکت لە دەرەوەی ژیانی هەمووان، کە لەلایەن دەستەیەك لە زانستکارانی شانازیگەرەوە نوێنەرایەتی دەکرێت؛ دەبێت زانست لەنێو جەماوەر بڵاوبێتەوە. پاش ئەوەیە کە زانست دەتوانێت نوێنەرایەتی هوشیاری کۆیی کۆمەڵ بێت، دەبێت بەڕاستی بەشێك بێت لە دارایی هەر کەسێك. بەو جۆرە، بەبێ لەدەستدانی هیچ شتێك لە کەسایەتی جیهانیی ئەو، کە هیچ کات ناتوانێت خۆی لێ خاڵیبکاتەوە، مەگەر دەست لە زانستبوون بکێشێتەوە و لە بارێك کە سەرقاڵییەکانی بە تەواوەتی هەر هەمان هۆکاری هەلومەرج و پەیوەندییە گشتییەکانی کەسەکان و شتەکانن، ئەو هەر ئەو زانستە دەگۆڕێت بە بەشێکی پێویستی ژیانی هەموو کەسێك. ئەوە هەمان بزاڤ دەبێت، کە پرۆتستانەکان لە سەرەتای ڕیفۆرمەکان پاگەندەیاندەکرد، کە خەڵکی چیدیکە پێویستی بە کەشیش نابێت، بەو جۆرە هەر کەس کەشیشی خۆی دەبێت؛ بەڵام لێرەدا پرسەکە مەسیح یان یەزدانی دوور لە گومان یان ئازادی ڕامیاری یان مافی دادوەریی نییە؛ ئەو شتانەی کە لە یەزدانەوە یان میتافیزیکەوە سەریانهەڵداوە، وەك یەك شیاوی بەرگەگرتن نین. دونیای زانست نە چێکراوە و نە وەك سرووش بە کەس دەدرێت، بەشێکە لە دونیای ڕاستینە، کە تەنیا دەربڕین و نواندنی گشتێتی ئەبستراکتەکان دەگرێتەوە. تاکو کاتێك زانست ناوچەیەکی جیاکراوە بێت و بە شێوەیەکی تایبەت لەلایەن دەستەیەك زانایان نوێنەرایەتی بکرێت، ئەو جیهانە ئەبستراکتە هەردەم ئێمە بەوە دەترسێنێت، کە بۆ جیهانیانی ڕاستینە جێگەی یەزدانی دوور لە گومانی گرتووەتەوە، پلەی کەشیشان بۆ نوێنەرایەتی فەرمی و مۆڵەتداری خۆیان دەپارێزن. لەبەرئەوە پێویستە بە فەرمانی گشتیی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی تایبەت بە زانایان هەڵبوەشێنینەوە و لە هەموو شتێکدا ئەوان لەتەك هەمووان یەکسانبکەین، تاکو چیدیکە جەماوەر بەدەستی کەشیشانی بەرتەریدار وەك ڕانەمەڕ شوانەیی نەکرێن و بزاڤەکەیان بەرەو ئامانجەکانی خۆیان لە دەستی خۆیان بگرن.[٥]

بەڵام ئایا تاکو کاتێك جەماوەر بەو پلەیە لە هوشیاری نەگەیشتووە، پێویست نییە دەستەیەك لە پیاوانی زانستگەر لەسەر ئەوان فەرمانداری بکەن؟ نا، بەهیچ شێوەیەك. بۆ ئەوان باشترە کە لە بنەڕەتەوە زانست وەلابنێن، تاکو نەکەونە بەر فەرمانداریی زانستکاران. یەکەمین سەرەنجامی فەرمانداریی ئەو کەسانە، بەگوێرەی پێویست خانزادگەری دەبێت، چونکە دامەزراوە زانستییەکان هەموو بەخۆیان خانزادی و خاندانین. خانزادگەریی خوێندەواری! لە تێڕوانینی کردەیی پرسەکەوە، دڵڕەقترینە و لە تێڕوانینی کۆمەڵایەتییەوە لەخۆباییترین و

سووکایەتیگەرترین؛ دەسەڵاتێك کە بەناوی زانست جێگیر بێت ئەوە دەبێت. ئەو فەرمانداریییە ژییان و بزاڤی کۆمەڵ ڕادەوەستێنیت. زانستکاران، هەردەم خۆبین و خۆپەسەندن، بەڵام ناتوانان، هەردەم دەیانەوێت خۆیان لە گشت کارێك هەڵقورتێنن، سەرچەشمەکانی ژیان لەنێو هەڵمی ژاراوی ئەبستراکتەکانی ئەوان وشکدەبن.

جارێکی دیکە، ژییان ژییان دەئافرێنێت، زانست ژییان نائافرێنێت؛ تەنیا چالاکی خۆبەخۆی خەڵکە، کە دەتوانێت ئازادی بەدیبهێنیت. بەبێ گومان فرە باش دەبێت، ئەگەر زانست بتوانێت لەم ساتەوە ڕێنوێن و ڕۆشنگەری پێشرەویی ئازادی خەڵك بێت. بەڵام نەبوونی ڕۆشنایی باشترە لە ڕۆشناییەکی درۆزنانە، کە تەنیا بۆ بەلاڕێدابردنی پاشرەوانی هەڵکرابێت. هەر چۆن ببێت خەڵکی بێڕۆشنایی نابێت. بێهودە نییە کە ڕێگەیەکی ئاوا دوورودرێژیان بڕیوە و باجی هەڵەکانیان بە چەندین سەدە بەدبەختی داوە. کورتەی کردەیی ئەزموونە ترسناکەکانی ئەوان جۆرێك زانستی نەریتی دروستکردووە، کە لەنێو هەندێك لایەنی تایبەت بەئەندازەی هەمان زانستی تیئۆری بەکەڵکە. دواجار بەشێك لە لاوان (ئەو خوێندکارە بۆرجوازیانەی کە بەرادەی پێویست لە درۆ و دووڕوویی و ترسنۆکیی بۆرجوازی نەفرەتیان هەیە، ئازایەتی ئەوەیان هەبێت، کە لێی هەڵگەڕێنەوە و هۆگریی ئەوەیان هەیە، کە بە ئاشکرا ڕاپەڕینی مرۆییانەی پرۆلیتاریا پەسەند بکەن)، ئەوان، بەو شێوەی کە پێشتریش گوتوومە، ڕێنوێکەرانی دۆستانەی خەڵك دەبن؛ بە یارمەتی ئەوان هیچ پێویست بە فەرمانداریی زانستکاران نابێت.

ئەگەر بڕیارە خەڵك گومان و دوورەپەرێزیی لە فەرمانداریی زانستکاران هەبێت، ئەوا بە هەمان ڕادە و فرەتر لە ئەوەش دەبێت لە ئایدیالیستانی پاگەندەگەری سرووش بترسن. ئەو هۆنەر و باوەڕدانەی بەهەشت، هەرچەندی ڕاستگۆتر بن، مەترسیدارتر دەبن. هەر ئاوا کە گوتم ئەبستراکتی زانستی ئەبستراکتی ژیرانەیە، کە لەنێو بوونی خۆی دروستە و بۆ ژییان پێویستە، نواندنی تێڕوانینانەی ژیان، یان ئەگەر فرەتر بۆ ئێوە خۆشبێت، هوشیارییە. دەبێت لەنێو ژیان بنۆشرێت و بۆ خۆ ڕاکێشبکرێت. بەڵام ئەبستراکتی ئایدیالیستی، یەزدان، ژەهرێکی گەنێنەرە، کە ژیان تێکدەدات و لەنێویدەبات، بەلاڕێدادەیبات و دەیکوژێت. شانازی و لەخۆباییبوونی ئایدیالیستەکان، نەك شانازیی کەسیی بەڵکو یەزدانی، شیاوی نەرمبوون نییە و تێکناشکێت: دەتوانرێت و دەبێت بمرێت، بەڵام هیچ کات خۆی بەدەستەوە نادات، تەنانەت کاتێك کە تەنیا یەك هەناسەی بۆ مانەوە مابێت، هێشتاش هەوڵدەدات خەڵك بەرەو یەزدان بنێرێت؛ ڕێك وەك

ئەفسەرە پروسەکان، ئەوە ئایدیالیستە کردەگەراکانی ئاڵمانن، کە دەیانەوێت ببینن خەڵکی لەژێر چەکمەی ئیمپراتۆرەکەی ئەوان بپڵشێنەوە. باوەڕیش هەر ئاوایە، تەنیا کۆتاییەکەی کەمێك جیاوازە، بەڵام سەرەنجامی هەر دووی ئەوان هەر کۆیلەتییە.

هاوکات سەرکەوتنی نەفرەتاویترین و ئاژەڵییترین ماتریالیزمە. هیچ پێویست نییە ئەوە لەبارەی ئاڵمانیا بخەمەڕوو، لەم ڕۆژگارە تاك مەگەر کوێر بێت، کە نەتوانێت بیبینێت. بەڵام ئاوای دەبینم، کە هێشتا پێویست بێت، لەبارەی ئایدیالیزمی یەزدانییەوە ڕۆشنکردنەوە بدەم.

مرۆڤ، وەك بەشەکانی دیکەی سروشت، بوونەوەرێکی تەواو ماددیە. ژیری و توانای بیرکردنەوە و تێگەییشتن و وەرگرتن و نیشاندانی هەستە جیاوازە دەرەکی و دەروونییەکان و یاداوەریان پاش کۆتایهاتنیان و نۆژەندکردنەوەیان لە وێناکردندا، بەراوردکردن و ناسینەوەیان، ئەبستراکتکردنی شتە هاوبەشەکانی نێوانیان و چێکردنی چەمکی گشتییەکان و دواجار چێکردنی هزرەکان بە ئامێتەکردنی چەمکەکان لەتەك شێوازە جیاوازەکان؛ لە یەك واژەدا، هۆش، تەنیا ئافەرێنەری سەراپای جیهانە ئایدیالەکەمان، ئەو بەرهەمی جەستەی زیندەوەرە و بەتایبەت ئەندامێکی تەواو ماددیی مێشکە.

ئێمە بەدڵنیاییەوە ئەوە دەزانین، بەهۆی ئەزموونکردنی هەموو ئەو شتانە، ئەوەی کە هیچ کەتوارێك هیچ کات ڕەتینەکرووەتەوە و هەموو کەسێك دەتوانێت لەنێو هەر ساتێکی ژیان ئەزموونیبکات. لەنێو گشت زیندەوەرەکان، بێجگە لە جۆرە تەواو سەرەتاییەکان، بڕێك هۆش بەدیدەکەین و دەبینین کە لەنێو زنجیرەی جۆرەکان، تاکو ئەوەندەی کە دەگەڕێتەوە سەر مرۆڤ، هۆشی زیندەوەریی و بڕەکەی پێشدەکەوێت، بەڵام تەنیا لەنێو بوونی مرۆڤە، کە هۆش بە هەبوونی تواناداریی چێکردنی ئەبستراکت، دەتوانێت بیرکردنەوە پێکبهێنێت.

ئەزموونی جیهانیی [٦]، کە تەنیا سەرەتا و سەرچاوەی گشت زانستێکی ئێمەیە، بەو جۆرە نیشاندەدات، کە بەگشتی هۆش بە جۆری جەستەی گیاندارەوە پەیوەستە و چڕی و توانای تایبەتمەندیی زیندەوەر پەیوەندی بە پەرەسەندنی ڕێژەیی ئۆرگانیزمییەوە هەیە. دوا سەرەنجامی ئەم ئەزموونکردنە جیهانییە تەنیا لەبارەی جۆرە زەیندەوەرە جیاوازە دیاریکراوەکانەوە نییە؛ دەتوانین لەبارەی مرۆڤیش هەر ئاوا بڕیاربدەین، کە توانای هزری و مۆراڵی پەیوەندی بە

چییەوە هەیە، بەدیاریکراوی پەرەسەندنی کەمتر یان فرەتری ئۆرگانیزمی چ وەك نەژاد و نەتەوە و چین یان تاك، بەڵام پێویست نییە لەسەر ئەو پرسە پێدابگرین [٧].

لەلایەکی دیکەوە، بەدڵنیاییەوە هیچ کەسێك لە هیچ سەردەمێك هۆشی بێوێنە و جیا لە هەر شێوەیەکی ماددی، بە هیچ شێوەیەك نەبینیوە و ناشبینێت. بەڵام ئەگەر هیچ کەسێك نەیبینیبێت، ئیدی چۆنە کە کەسانێك باوەڕیان بە بوونی ئاوا شتێك هەیە؟ کەتواری ئەو باوەڕە بێچەندوچوونە و ئاوا هەموو ئایدیالیستەکان پێدادەگرن جیهانی نەبێت، لایەنی کەم فرە گشتییە، بەو جۆرە بەتەواوی شایستەی سەرنجی فرە وردی ئێمەیە، چونکە باوەڕی گشتی، هەرچەندە گەمژانەش بێت، بە هێزێکی فرە دەسەلاتدارانەوە کاراپی خۆی لەسەر چارەنووسی ئەو مرۆڤانەی کە بیانەوێت نەدیتووی لەبەرچاو بگرن یان بیخەنە لاوە دادەنێت.

سەرەڕایی ئەوەش، ڕۆشنکردنەوەی ئەو باوەڕەش بە ئەندازەی پێویست ئاوەزگیرانەیە. نموونەیەك کە ئەو بابەتە بۆ ئێمە بۆ ڕۆشندەکاتەوە لەبارەی زارۆکان و تەنانەت کەسانی فرە بەتەمەنتریش، نیشاندەدات کە مرۆڤ دەتوانێت توانای هزریی زۆر پێش لە ئەوەی کە بتوانێت لە شێوازی بەکاربردنی بکۆڵێتەوە، زۆر پێش لە ئەوەی کە بە تەواوی لە بوونی ئاگاداربێت، بەکاربیات. کاتێك ئەو کارکردە ناخۆئاگایانەی هۆش، لە کاتی ئەو کارە بێتاوانانە و باوەڕدارانەی هۆش، مرۆڤ پڕ بووە لە جیهانی دەرەکی و بەرجەستەبوو بە بزوێنەری نێوەکی بەناوی ژیان و پێداویستییە جۆراوجۆرەکانییەوە، ژمارەیەك وێنا و چەمك و بیرۆکە دروستدەکات، کە سەرەتا بەگوێرەی پێویست فرە کەموکورت و سەرەتایین و تەنیا کەمێك هاوشێوەی ڕاستی شتەکان و ئەو کەتوارانەن، کە هەوڵدەدات دەریانببڕێت. تاك کە هێشتا ئاگای لەوە نییە، ئەوە کاری هۆشی ئەو خۆیەتی، هێشتا نازانێت کە ئەو بەخۆی ئەو وێنا و چەمك و بیرۆکانەی چێکردووە، بەگشتی هۆشییبوونی ئەوان نەدیتراو وەردەگرێت؛ بەناچاری و خۆبەخۆ وەك شتگەلێکی هەستەکی و ڕوودراو دەیانناسێتەوە، کە تەواو لەو سەربەخۆبوون و بۆخۆیان بوونیان هەیە.

بەو جۆرە بوو، کە مرۆڤە سەرەتاییەکان، بە هیواشی لە نادەربەستیی ئاژەڵییان دەرچوون و یەزدانانی خۆیانیان دروستکردن. پاش دروستکردنیان، بەبێ پەیبردن بەوەی کە خۆیان بوونەوەری ڕاستینەن، دەستیان بە پەرەستنی ئەوان کرد؛ ئەوانیان بە بوونەوەری ڕاستینە دانان، کە لە ڕادەبەدەر لە خۆیان لە پێشترن، دەسەڵاتی بێچەندوچوونیان بە ئەوان بەخشی و

خۆیان بە ئافەرێندراو و کۆیلەی ئەوان دانا. هەرچەندە بیرۆکەکانی مرۆڤ پەرەیانسەندبێت، یەزدانکانیش، هەر بەو جۆرەی کە گوتم، کراونەتە شتێکی باڵاتر، هەرچەندە کە بەخۆیان لە بنەڕەتدا بێجگە لە دەنگدانەوەی خەیاڵ و هۆنەرانەی وێنایەکی ئاوەژوو هیچی دیکە نەبوون. هەنگاوی یەکەم، بەرە بەرە کراون بە گیانی پاك، کە لە دەرەوەی جیهانی دیتراو بوونیان هەبوو و دواجار بەدرێژایی سەردەمانێکی دوورودرێژی پەرەسەندنی مێژوویی، لەنێو بوونێکی یەزدانی کۆبوونەوە، کە گیانی پاك و هەتایی و بێچەندوچوون و ئافەرێنەر و سەروەریی هەردوو جیهانە.

لە هەر پێگەیینێك، ڕاست یان هەڵە، کەتواری یان خەیاڵی، کۆیی یان تاکی، هەردەم هەنگاوی یەکەم و یەکەمین کار دژوارترینە. کاتێك کە ئەو هەنگاوە نرا، ئیدی ئاسایی ئەوانی دیکە بە دوای ئەو دێن. هەنگاوی دژوار لە نێو پەرەسەندنی مێژوویی ئەو دێوانەییە گەمژانەیەی ئایینیش، کە هێشتا ئێمەی گیرۆدەی خۆی کردووە و بە ئێمە یاریدەکات، بەرهەمی وێناکردنی ئاوا جیهانێکی یەزدانی لە دەرەوەی دونیای کەتواری بووە. کاتێك کە لە تێڕوانینی دەروونناسییەوە یەکەمین سەرهەڵدانی دێوانەیی دەبینین، تەواو سروشتییە، لەبەرئەوەی لەنێو مێژووی مرۆڤایەتی پێویست بووە، لە یەك قۆناخ ئەنجامنەدراوە. نازانم چەند سەدە بۆ پەرەسەندنی ئەو باوەڕە و گۆڕانی بە ئاوەزی زاڵی مرۆڤەکان پێویست بوون. بەڵام، کاتێك کە جێگیر بوو، گۆڕدرا بە تواناداری بێچەندوچوون، بەو جۆرەی کە هەر خەیاڵێکی گەمژانەی دیکە کاتێك بەسەر مێشکی مرۆڤ زاڵدەبێت. کەسێکی دێوانە لەبەرچاو بگرن، پرسی دێوانەبوونەکەی هەر چییەك بێت: ئاوا تێدەگات کە بیرۆکەیەکی خوار و چەقبەستوو کە ئازاریدەدات، بۆ ئەو بە سروشتیترین و کەتواریترین شتی دونیا هەژماردەکرێت و لە بەرانبەر ئەوە شتە کەتوارییەکان کە لەتەك ئەو بیرۆکە بکەونە ناکۆکی، وەك گاڵتەجاری و ناپەسەند دەردەکەون. کەواتە ئایین جۆرێکە لە دێوانەبوونی بە کۆمەڵ و بەهێزترینی ئەوان، چونکە دەبەنگی هەمووانییە و ڕەگەکانی لەنێو دوورترین ڕۆژگارەکانی کۆن ونبوون. وەك دێوانەییەکی بە کۆمەڵ، ڕۆچووەتە گشت قوڵاییەکانی بوونی کەسی و کۆمەڵیی مرۆڤەکان: لەنێو کۆمەڵ شێوەیەکی دەرەکی لەخۆگرتووە؛ ئەگەر ئێمە بخوازین ئاوا بڵێین، گۆڕدراوە بە گیان و بیرۆکەیەکی هەمووانی. هەموو مرۆڤێك لە لەدایکبوونەوە، دەکەوێتە ژێر چنگی: لەتەك شیری دایك دەرخواردنی دەدرێت؛ نیشانەکانی لە هەر شتێك کە دەیانبینێت و بەردەستدەکەون هەن. بەتەواوی و دیاریکراوی لە ئەوەوە خۆراك وەردەگرێت و هەر چەندێك ویستیشی بەهێزبێت، هەوڵێکی بێوێنە و بێپێشینە پێویستە، تاکو خۆی لە ئەو ڕزگاربکات و هیچ کاتێکیش بەتەواوی سەرکەوتوو

نابێت. بەڵگەی سەلماندنی ئەوە لەنێو ئایدیالیستەکانی سەردەمی خۆمان و هەر ئاوا لەنێو ماتریالیستە بنەماگەرا کانی سەردەمی خۆمان - کۆمونیستە ئاڵمانییەکان – نییە. ئەوان هیچ ڕێگەیەکیان بۆ خۆڕزگارکردن لە ئایینی دەوڵەت نەدۆزیوەتەوە.

دونیای سەروو-سروشت، دونیای یەزدان، کاتێك بەتەواوی لە هۆشی خەڵك جێگیر بوو، پەرەسەندنی جۆرەکانی سیستەمە ئایینییەکان درێژبوونەوەی سروشتی ئەون، کە بەتەواوی لە پێشکەوتنی پەیوەندییە ئابووریی و ڕامیارییە هاوسەردەمییەکانی پەیڕەویدەکات، چونکە دونیای ناکەتواریی ئایینی، نۆژەنی پیرۆزکراوی جیهانی کەتوارییە. بەم جۆرە دێوانەیی بەکۆمەڵی مێژوویی، کە خۆی بە ئایین ناودەبات، لە سەردەمەکانی پووچگەرایی و چەند یەزدانیی، بەدرێژایی سەردەمە جیاوازەکانی مێژوو پەرەیسەندووە و بە قۆناخی تاک-یەزدانیی مەسیحی گەیشتووە.
پاش دامەزرانی دونیای یەزدان، دووەمین هەنگاوی دژوار لەنێو ڕەوتی پەرەسەندنی باوەڕی ئایینی، بەبێ گومان گواستنەوە بووە لە چەند یەزدانییەوە بۆ تاک-یەزدانیی، تێپەڕبوون لە ماتریالیزمی ئایینیی بتپەرستانەوە بۆ باوەڕی گیانیی مەسیحیان. بتەکان، بەر لە هەر شتێك، بە یەزدانانی تایبەتی نەتەوەیی دادەنران (ئەوە کەسایەتی بەرجەستەیان بوو). بەو ژمارە زۆرەشەوە، بە ناچاری کەم تاکو زۆر کەسایەتی ماددیی خۆیان پاراستبوو، یان لەوانەیە لەبەرئەوەی کە زۆرتر ماددی بوون، ژمارەیان زیاد بووبێت، جۆراوجۆری یەکێکە لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی دونیای ڕاستینە. ئەو بتانە هێشتا نەبووبوونە نکۆڵیکەری توند و پەیگیری شتە کەتوارییەکان؛ تەنیا زیادەڕۆیی خەیاڵیی ئەوان بوون.

ئێمە دیتمان کە ئەو تێپەڕبوونە بەرەو تاك یەزدانیی بۆ جوولەکەکان چەندە سەخت گوزەراوە. موسا و پەیامدەرانی دیکە بێهودە هەوڵیاندەدا خەڵك بۆ پەرستنی تاك یەزدان بانگەوازبکەن؛ بەڵام خەڵکی هەردەم دەگەڕانەوە سەر بتپەرستییەکەی جارانی خۆیان، بۆ هەمان باوەڕی کۆن و فرە سروشتیتر و بروابپێهێنەرترینیان بە فرە یەزدانیی، یەزدانیانی ماددیتر، مرۆڤانەتر و مەلموستر. خودی یەهۆڤا [یەهوە]، تاکە یەزدانی موسا و پەیامدەران، هێشتا یەزدانێکی تەواو نەتەوەیی بوو، کە بۆ پاداشت یان سزادانی پەیڕەوانی شێوازە ماددییەکانی بەکاردەبردن، هەندێك جار دەبەنگ دەبوو و هەمیشەش دڕندە و بێبەزەیی بوو. تەنانەت ئاوا بەرچاودەکەوت کە باوەڕبوون بەو پابەندی نکۆڵیکردن لە بوونی یەزدانەکانی پێشووتر نەبووبێت. یەزدانی جوولەکە نکۆڵی لە بوونی نەیارەکانی نەدەکرد؛ تەنیا ئەوەندەی نەیدەخواست خەڵکی بە

هاوپلەی ئەو یەزدانەکانی دیکە بپەرستێت، چونکە یەهۆڤا ئێرەیی بە هەموو شتێکی یەزدانیی دەبرد. یەکەمین فەرمانی ئەو ئاوا بوو:

"من سەروەرم، یەزدانی تۆ، هەمان یەزدانێك کە تۆی لە دەستبەسەری و کۆیلەتی ئازادکرد. نابێت تۆ لە من زیاتر یەزدانێکی دیکەت هەبێت."
کەواتە یەهۆڤا، یەکەمین کۆپی ماددی و پاکنەکراوی یەزدانی پایەبەرزی ئایدیالیزمی هاوچەرخ بوو. وێرای ئەوە، ئەو تەنیا یەزدانێکی نەتەوەیی بوو. وەك یەزدانی ڕوسیا، کە لەلایەن جەنەڕاڵە ڕووسەکان دەپەرسترا و بکەرەکەی تزار و نیشتمانپەروەرەکانی ئیمپراتۆریی سەرتاسەری ڕوسیە بوون؛ وەك یەزدانی ئاڵمانییەکان، یەزدانی ڕیفۆرمخوازەکان [pietists] و جەنەڕاڵەکان، کە ویلیەمی یەکەم بکەریەتی؛ بەم زووانە لە بەرلین بەبێ گۆمان ڕادەگەیێنرێت. بوونی پایەبەرز و باڵا ناتوانێت یەزدانێکی نەتەوەیی بێت؛ دەبێت یەزدانی هەموو مرۆڤایەتی بێت. هەر ئاواش ناتوانێت بوونەوەرێکی ماددی بێت، دەبێت نکۆڵیکەری هەموو کەرەستە و گیانە پاکەکان بێت. ئەمانە دوو خاڵن لە پەیوەند بە پەرستنی بوونی باڵا : (١) ئاوا پەیوەندییەك، تەنیا لە نکۆڵیکردن لە گشت شێوە نەتەوەییەکانی پەرستن، توانای بوون بەدەستدەهێنێت. (٢) پەرەسەندنی بیرۆکەی میتافیزیکییەکان (کە ئەم ڕۆژگارە بە ئەندازەی پێویست پێشکەوتووە) بۆ ئافراندنی بیرۆکەی یەهۆڤای جوولەکان پێویستبووە.

یەکەمین مەرجیان ڕۆمییەکان ئەنجامیاندا، هەڵبەتە بەبێ گومان بە شێوازێکی نیگەتیڤ، بەڵام داگیرکردنی زۆربەی وڵاتانێك کە سەردەمە کۆنەکان ناسراوبوون و بە وێرانکردنی کولتووورە نەتەوەییەکانی ئەوان ئەو پێداویستییەی ئەوی بەدیهێنا. یەزدانەکانی نەتەوە شکستخواردووەکان لە پانتئۆن [ڕۆما] کۆبوونەوە و یەکدییان ناکاراکرد. ئەوە یەکەمین پێشنووسی مرۆڤایەتی بوو، فرە دڕندانە و نیگەتیڤ.

بۆ مەرجی دووەم، گیانییکردنی یەهۆڤا، ئەوەشیان یۆنانییەکان ماوەیەکی زۆر پێش داگیرکردنی وڵاتەکەیان لەلایەن ڕۆمەکان، ئەو کارەیان ئەنجامدابوو. ئەوان داهێنەری میتافیزیك بوون. یۆنان لەنێو لانکە مێژوویەکەی، جیهانی یەزدانیی لە خۆرهەڵاتەوە وەرگرتبوو و بەدیاریکراویی لەتەك باوەڕی نەریتییانەی خەڵکەکەی خۆی زۆر باش گونجادبووی؛ ئەو جیهانە یەزدانییەی لە پێشینەی خۆرهەڵاتیەکانە وەرگرتبوو. یۆنان، لەنێو سەردەمە سروشتییەکانی، بەر لە

دەستپێکردنی مێژووی ڕامیاریی، ئەو جیهانە یەزدانییەی لە ڕێگەی هۆنەرانەوە پەرەپێدا و بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر مرۆیی کردبووەوە؛ بەو جۆرە کاتێك بە کردەوە مێژووی دەستیپێدەکرد، ئایینێکی تەواو و ئامادەی هەبوو، یەکێك لە باشترین و نایابترین ڕێرەوانێك [مەزهەبانێك] کە ئەو کات هەبوون (بەڵام تەنیا ڕێڕەوێك، تەنیا درۆیەك). بیرمەندانی گەورەی یۆنان (کە لەنێو هیچ نەتەوەیەکی کۆن بە ئەندازەی یۆنان دەرنەکەوتوون)، ئەو جیهانە یەزدانییەیان جێگیرکرد، نەك تەنیا لە دەرەوەی خۆیان و لەنێو خەڵك، هەر ئاواش لە خۆشیان وەك خووی هەست و هزر، ئاسایی وەك خاڵی دەستپێك سوودیان لێ وەرگرت. لەبەرئەوە بوو کە ئەوان هیچ کات تیئۆلۆگییان چێنەکرد؛ واتە هیچ کات وەك هزرڤانانی سەدەکانی نێوەڕاست دەستیان بۆ ئاوا هەوڵێکی بێهودە نەبردووە، کە لۆجیك و بەڵگە لەتەك پووچییەکانی ئاوا یەزدانیانێك ئاشتبکەنەوە. ئەوان یەزدانەکانیان لە دەرەوەی بیرکردنەوەی خۆیان داناوە و ڕاستەوخۆ خۆیان بە بیرۆکەی یەزدانییەوە پەیوەستکرد، یەزدانی تاك و تەنیا، نەدیتراو، پایەبەرز، هەتایی، تەواو نامادیی و ناکەسیی. تاکو ئەڤیندەرێ کە بە باوەڕ بە گیانی بێهاوتا پەیوەستە، میتافیزیکزانە یۆنانییەکان فرەتر لە جوولەکان لە چێکردنی یەزدانی (مەسیحی) بەشداربوون. جوولەکەکان تەنیا کەسایەتی ئاژەڵئاسای یەهۆڤای خۆیان بۆ زیادکردووە.

ئەوەی کە بلیمەتێکی پایەبەرزی وەك پلاتۆنی یەزدانی ئاوا بێچەندوچوون بە تەواوەتی بیرۆکەی یەزدانی پەسەندکردبێت، نیشانیدەدات کە نەریتی ئایینی تەنانەت لە کنەکردنە نێو بەهێزترین هۆشەکانیش چەندە کاریگەر و درم بووە. سەرەڕای ئەوەش، نابێت تووشی سەرسوڕمان بین، چونکە تەنانەت لەم ڕۆژگارەی ئێمەش گەورەترین فیلۆسۆڤی سەردەمی (ئەرەستۆ) و (پلاتۆن)یش هەبێت، تەنانەت (هێگل)یش (تەنانەت سەرەڕایی هەبوونی ڕەخنەگرییەکانی کانت، کە هەر چەند ناتەواو و میتافیزیکیش بن، بەگشتی لایەنی بابەتیی و کەتواریی بیرۆکەی یەزدانیان وێرانکردووە) هەوڵیدا ئەو بیرۆکە یەزدانیانە بگێڕێتەوە جێگەی باڵا و تەختی ئاسمانییان. ڕاستە کە هێگڵ ئاوا توندوتیژانە دەستی بەو نۆژەنکردنەوەیە کرد، کە یەزدانی باشی بۆ هەمیشە لەنێوبرد. ئەو خەرمانەی ڕۆشنایی لە دەوری ئەو بیرۆکە یەزدانییانە لابرد و بە هەموو خوێنەرانی نیشاندا، کە هیچ کات ئەوانە لە چێکراوێکی کارکردی هۆشی خودی مرۆڤ بەدرێژایی مێژووی گەڕان لە دوای خۆی، زیاتر و واوەتر نەبوون. ئەو بۆ کۆتاییهێنان بە گشت دێوانەییە ئایینییەکان و خۆشباوەڕیی یەزدانی هیچ بەتوانا بوو، مەگەر دەربڕینی بێپەردەی ئەو قسە بە نرخانەی کە پاش ئەو، لەلایەن دوو بیرمەندی گەورە، کە هیچ کات هیچیان لەبارەی

یەکدییەوە نەبیستبوو، وتران؛ لودڤیگ فۆیەرباخ، شاگرد و ناکۆکی هیگڵ لە ئاڵمان، ئۆگوست کۆمتە، بنیاتنەری فیلۆسۆفی پوزەتیڤ لە فەرەنسە. ئەو قسەیە بەو جۆرەیە:

"میتافیزیکەکان تاکو ئاستی دەروونناسی دابەزیون." گشت سیستەمە میتافیزیکییەکان لە دەروناسی مرۆیی بەولاوەتر نین، کە بە درێژایی مێژوو خۆی پەرەسەندووە.

ئێستا چیدیکە دژوار نییە، کە تێبگەین چۆن بیرکردنەوەی یەزدانی لەدایکبووە و چۆن بە زنجیرەیەکی بەردەوامی پەرەسەندنی توانای ئەبستراکتسازانەی مرۆڤ ئافەرێندرا. مرۆڤ یەزدانەکانی ئەفراند، بەڵام زانینی ئەوە لە سەردەمی (پلاتۆن) لەتوانا نەبوو. بیرکردنەوەی کۆیی و لە سەرەنجامی بیرکردنەوەی تاکییش، تەنانەت بیرکردنەوەی گەورەترین بلیمەتەکان، هێشتا بۆ زانینی بە ئەندازەی پێویست پێنەگەیی بوو. سوقرات زۆر بە کەمی دەیگوت: "خۆت بناسە!"، ئەو خۆناسینە تەنیا لە باری ڕوودان و لە ڕاستیدا بنەماکەی لەسەر هیچ ڕۆنرابوو. بێجگە لەوە بۆ هۆشی مرۆڤ شیاو نەبوو کە گومانی هەبێت، لەوانەیە بەخۆی تەنیا چێکەری جیهانی یەزدانی بێت. پێش خۆی جیهانی یەزدانی بەدەستهێنابوو، بە شێوەی مێژوو، بە شێوەی نەریت، بەشێوەی هەست، وەك ڕاهاتنی هزریی، بەگوێرەی پێویست کردووە بە ئامانجی وردبینییەکانی خۆی. بەو جۆرە میتافیزیك سەریهەڵدا و بەو جۆرە بوو، کە بیرۆکە یەزدانییەکان و پێکهاتەی گیان-گەرایی پەرەیانسەند و پێگەیین.

ڕاستە کە پاش پلاتۆن جۆرە بزاڤێکی پێچەوانە لە پەرەسەندنی هۆش لەئارادا هەبوو. ئەریستۆ باوکی ڕاستینەی زانست و فیلۆسۆفی ئەرێنی، جیهانی یەزدانی ڕەتنەدەکردەوە، بەڵام هەوڵیدەدا لە کەمترین ڕادەی لواودا لەتەك ئەو یەکانگیربێت. ئەو یەکەمین کەسێك بوو، کە لە ئاوەز و یاساکانی هۆشی مرۆڤی کۆڵییەوە و هاوکاتیش لەسەر جیهانی فیزیکیش، نەك وەك کرۆکە ئایدیال و گومانییەکەی، بەڵکو لەبارەی لایەنی ڕاستینەی لێکۆڵینەوەی کرد. پاش ئەو یۆنانییەکانی ئەسکەندەریە یەکەمین فێرگەی زانستگەرایانی پۆزەتیڤیان ڕۆنا. ئەوان ئاتەئیست بوون. بەڵام ئەتائیستبوونی ئەوان هیچ کارایی لەسەر هاوسەردەمەکانی خۆیان دانەنا. زانست زیاتر ئاراستەی لە جیایی لە ژیان بوو. پاش ئەفلاتون، خودی میتافیزیکەکانیش کەوتنە ڕەتکردنەوەی لە بیرۆکە یەزدانییەکان؛ ئەپیکورەکان Epicureans و بەگومانەکان Sceptics. دوو

دەستە کە لە لەنێوبردنی سەروەریی خانزادەکان، کۆمەکێکی زۆریان بە مرۆڤ کرد، بەڵام کاراییەکی ئاوایان لەسەر جەماوەر نەبوو.

فێرگەیەکی دیکە، کە لەڕادەبەدەر کاراتر بوو، لە ئەسکەندەریە پێکهات، فێرگەی پلاتۆنیانی نویێ. ئەوانە بیرۆکەهای پلاتۆن و وێناگەریی دڕندانەی خۆرهەڵاتیان بەشێوەیەکی گێژگەرانە تێکەڵکردبوو، کە لە ڕاستیدا بنیاتنەران و دواتریش لێکدەرەوانی دۆگما مەسیحییەکان بوون.

بەو جۆرە خۆپەرستی کەسیی و بێشەرمانەی یەهۆڤا، سەرکەوتنی بە هەمان ڕادە دڕندانەی ڕۆمییەکان و گەمەی یۆنانییەکان بە بیرۆکە میتافیزیکییەکان، کە لە پەیوەند بە خۆرهەڵاتەوە ماددی بوو بوون، سێ توخمی مێژوویی بوون، کە ئایینی گیانگەرایان لە مەسیحی بەرجەستەکرد.

پێش ئەوەی کە قوربانیگەی یەزدانی باڵا لەسەر وێرانەی پەرەستگە فراوانەکانی بت و یەزدانانی فرەیەزدانان دروستبکرێت، دەبوو سەرەتا خۆبەڕێوەبەریی گەلانێك کە مێژووی کۆن و یەزدانیانی خۆیان هەبوون لەنێوبردرایە. ڕۆمەکان ئەوەیان بە ئاژەڵئاسایی تەواوەوە ئەنجامدا، زۆربەی بەشەکانی دونیا کە ئەو سەردەمە ناسرابوون، داگیرکران و کەلەپووری ئەوان وێرانکرا و شاردرایەوە. بەو جۆرە یەزدانی یەکتایی وێرای هەبوونی جیاوازییە ئێتنیی و ماددیی و کۆمەڵایەتیی وڵاتان، بەجۆرێك لە ڕەوتی تەرککردن و نکۆڵیکردنی ئەوان دەرکەوت، پێویست بوو کە بوونەوەرێکی نامادیی و ئەبستراکت بێت. بەڵام باوەڕ بە هەبوونی ئاوا شتێك فرە دژوار بوو و نەیدەتوانی بەبێ پێشینە و لەناکاو بێتەدی. سەرەنجام، هەر ئاوا کە لە پاشکۆی ئەم نووسینە ڕۆشنکراوەتەوە، سەردەمانی دوورودرێژی زەمینەسازی و پێشکەوتنە میتافیزیکییەکانی یۆنان پێویست بوون، کە شێوازی فیلۆسۆفیان بۆ وێنای بیرۆکەی یەزدانی جیگیرکرد، نموونەیەکی هەتایی ئافەرێنەرە و هەردەم بە جیهانی دیتراو بەرهەمهێنراوە. بەڵام هیچ میتافیزیکێکی لۆجیکی و پەیگیر نەیدەتوانی تاکو ئاستی وێناکردنی ئەو یەزدانە بڕوات ( یان دروستتر بڵێین، دابەزێتە سەرزەوی)، کەواتە پیویست بوو یەزدانێك وێنابکەن، کە هاوکات هەم تاك و هەم دارای کەسایەتی بێت. ئەو ڕوخسارە لە کەسایەتی فرە دڕندە و خۆپەرست و بێبەزەیی یەهۆڤا، یەزدانی نەتەوەیی جوولەکانی بەدەستهێنا. بەڵام جوولەکەکان، سەرەڕایی ئەو گیانە نەتەوەییە تایبەتەیان کە تەنانەت ئێستاش لە کەسانی دیکە جیایاندەکاتەوە، لە ڕاستیدا فرە بەر لە لەدایکبوونی مەسیح بووبوونە گەردوونیترین خەڵکی دونیا. هەندێکیان نیشتەجێبووبوون،

بەڵام زۆرێکیان تەنانەت بە پێداگری و لە چوارچێوەی هۆگرییان بۆ بازرگانی، کە یەکێك لە نیشانە سەرەکییەکانیان پێدەهێنیت، بە نانیشتەجێبوون لە یەك شوێنی تایبەت درێژەیاندا و لە هەموو وڵاتان بڵاوبوونەوە، پەرەستنی یەهۆڤاییان، کە هەرچەندە زیاتر سەربەستی دەکردن، فرەتر و فرەتر بەو وەفادار بوون و بردیانە هەموو جێیەك.

ئەو یەزدانە ترسناکەی یەهودییان لە ئەسکەندەریە لەتەك یەزدانی میتافیزیکی پلاتۆن ئاشنایی کەسیی پەیداکرد، کە تاکو ئەو کاتە بە توندی لە پەیوەندیگرتن لەتەك خۆرهەڵات زیانی پێگەیشتبوو، (یەهۆڤا)ش لەوە گەندەڵتری کرد. ئەو بە بوونە تایبەتە نەتەوەیی و ئێرەییانە و دڕندانەکەی، نەیدەتوانی ماوەیەکی دوورودرێژ لە بەرانبەر جوانییەکانی یەزدانی نموونەیی و ناکەسییەی یۆنانییەکان بەرهەڵستیبکات. لەتەك ئەو هاوسەریکرد و یەزدانی گیانگەرای مەسیحی لەم هاوسەرگیرییە لەدایکبوو. ئەفلاتونیانی نوێی ئەسکندریە وەك دانەرانی بنەماکانی تیئۆلۆگی مەسیحی ناسراون.

وێڕای ئەوەش، تیئۆلۆگی بەتەنیا ئایینێکی تەواو پێکناهێنێت و هێندەی پێویستی توخمی مێژوویی بۆ چێبوونی مێژوو. مەبەستم لە توخمی مێژوویی، هەلومەرجی گشتیی هەر پەرەسەندنێکە لە هەر شوێنێك؛ بۆ نموونە داگیرکردنی دونیا لەلایەن ڕۆمەکان و دیداری یەزدانی جوولەکان لەتەك بیرۆکەی یەزدانی یۆنانییەکان. بۆ بارداربوونی توخمە مێژووییەکان، تاکو لە درێژەی ئاڵوگۆڕە مێژووییەکان سەرهەڵدەن، کەتوارێکی زیندوو و خۆبەخۆ پێویستبوو، کە بەبێ ئەو لەوانە بوو بەدرێژایی سەدەکان ئەو توخمانە هەر ئاوا ناکارا دەمانەوە. ئەو کەتوارە لەنێو ئایینی مەسیحی کەم نەبوو: پاگەندە و کوژران و مەرگی عیسای مەسیح.

ئێمە بەڕادەیەك هیچ شتێك لەبارەی ئەو کەسایەتییە گەورە و پیرۆزە نازانین. هەرچەندە ئەوەی کە لێکدەرەوان بە ئێمەی دەڵێن ناکۆك و ئەفسانەییە و زۆر بە کەمی دەتوانین هەندێك نیشانەی کەتواریی و زیندوو لە ئەو پەیدابکەین. بەڵام هەرچۆن بێت دڵنیاین، کە ئەو لایەنگری هەژاران و دۆست و مژەپێدەری بێچاران و کۆیلان و ژنان بووە و ئەمەی دوایی بووەتە مایەی ئەڤین بۆ ئەو. ئەو بەڵینی ژیانی نەمرانەی بە گشت چەوساوان و ڕەنجاوان دا؛ ئەو پێوانە زیادەڕەوییە. سەرەنجام و بەشێوەیەکی سروشتی ئەو بە دەستی نوێنەرانی مۆڕاڵ و سیستەمی گشتیی ئەو سەردەمە لەسێدارەدرا. پەیڕەوانی ئەو و پەیڕەوانی پەیڕەوانی ئەو، بە یارمەتی

سەرکەوتنەکانی ڕۆمییان کە ڕێگرییەکانیان لەنێوبردبوون، لە پەرشوبڵاوەکردن بە ئەو سەرکەوتوو بوون و لە گشت ئەو وڵاتانەی کە ئەو کات ئینجیل لەنێویان ناسراوبوو بە خەڵکیان گەیاند. لە گشت لایەك لەلایەن کۆیلان و ژنانەوە بە ئامێزی کراوەوە لە ئەوان پێشوازیکرا، کە چەوساوەترین و ڕەنجەڕۆترین چینەکانی دونیای کۆن و سەرەنجام ئاسایی نەزانترینی ئەو سەردەمەش بوون. تەنانەت ئەو ژمارە کەمە لە پاگەندەگەرانەش کە چوونە نێو دونیای بەرتەران و فێریارانی زانست، بە زۆری سەرکەوتنیان قەرزاری کارایی ژنانە. فراوانترین مەیدانی پاگەندەی ئەوان، بەڕادەیەك تایبەت بەرەو خەڵکانێك ئاڕاستەی گرتبوو، کە لەتاو کۆیلەتی بەدبەخت و سووك بووبوون. ئەوە یەکەمین بزاڤ بوو، یەکەمین شۆڕشی ڕۆشنبیرانەی پرۆلیتاریا.

شانازی گەورەی ئایینی مەسیحی، لێهاتوویی بێجەندوچوون و نهێنییەکانی سەرکەوتنی بێپێشینەی و گشتگیربوونی ئەم ڕۆژگارەشی لەنێو ئەو ڕاستییە بەرجەستەبوو و بە ڕەنجەڕۆیی بێسنووری خەڵکەوە خەریکبوو، کە لەنێو دونیای کۆن ڕۆشنبیری بێبەزەیی و ملهوڕ و خانزادەیی ڕامیاری، تەنانەت سادەترین مافی مرۆیی بۆ ئەوان ڕەتدەکردەوە. بێجگە لەوە، هیچ کات نەیدەتوانی بڵاوببێتەوە. باوەڕێك کە یارانی مەسیح فێریدەبوون، بەو ڕادەی کە دەلوا بۆ بەدبەختان دڵنەوایگەربێت، فرە شۆڕشگێڕانەش بوو، بەڵام بۆ پەسەندبوونی لە تێڕوانینی لۆجیکی مرۆڤ و پەسەندبوونی لەلایەن مرۆڤە هوشیارەکانەوە، زۆر پووچ بوو. بە سەرنجدان لەوەی کە (پاوڵ)ی یار لەبارەی بێئابڕوویی باوەڕ و لەبارەی سەرکەوتنی ئەو یەزدانە دێوانە دەڵێت؛ هۆشمەندان و بیریارانی هەمان سەدە ڕەتیانکردەوە، بەڵام بەوپەڕی سۆزدارییەوە خۆشباوەڕان و نەزانان و هزر لاوازان پەسەندیانکرد.

لە ڕاستیدا بۆ دابینبکردنی پەسەندبوونی نائومێدکەریی مەسیحی، بێشەرمانەترین و گەمژانەترینی گشت نائومێدییە ئایینییەکان، نائومێدیی زۆر لە ژیان و تینوویەتی زۆر سۆزدارانە و هەژاری لەڕادەبەردەری هزر پێویستن.

ئەوە تەنیا هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوە ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکانی سەردەمی کۆن نەبوو: ئاوەژووکردنەوەی تەواوەتی ئاوەزی تەندرست و لۆجیکی مرۆیی بوو. بەو جۆرە بەگشتی بوونەوەری زیندوو و جیهانی ڕاستین بە هیچ لەبەرچاوگیران؛ لە کاتێك کە بەرهەمی هێزی

ئەبستراککەری مرۆڤ، دواترین و پێشکەوتووترین ئەبستراکتی ئەو هێزە، زۆر دوورتر لە شتە هەبووەکان، تەنانەت دوورتر لە بڕیارە گشتییەکانی بوونەوەرە زیندووەکان و بیرۆکەکانی شوێن و کات، جێگەی هەموو شتێکیان گرتەوە. هیچ شتێك بۆ پێشکەوتن نەمایەوە، هەموو شتێك لە هزر خاڵی و تەواو نەبزووتوو سڕبوو.

ئەو ئەبستراکتە، ئەو شتە پووچە، تەواو خاڵی لە هەر نێوەڕۆکێك و هەر ڕاستییەك، یەزدانی وەك تەنیا شتێکی ڕاستین و هەتایی و بەهێزترین دەناسێنێت و. گشتی ڕاستینە بە هیچ دەناسرێت و هیچی تەواو بە گشت. سێبەر دەگۆڕدرێت بە نێوەڕۆك و نێوەرۆکیش وەك سێبەر وندەبێت. [٨]

گشت ئەو دەبەنگی و پووچییانە شایستەی گوتن نین، بێئابڕوویی ناوەڕ و سەرکەوتنی دەبەنگیی خۆشباوەڕانە بەسەر بیرکردنەوە لەنێو جەماوەر؛ (بۆ هەندێکیش) سەرکەوتنی ئاوەژوویی بیرکردنەوەی تەمەڵ و بۆگەن و خۆشباوەڕ و دژ بە پشکنینی پەیگیرانە و ڕاستگۆیانەی ڕاستی.

# بەشی چوارەم

# پاشکۆ

باوەڕم بە شتێکی پووچ هەیە؛ باوەڕم بەوە هەیە، بە وردی و بە گشتی لەبەرئەوەی کە پووچە. بەو جۆرەیە کە ئێستا زۆرێك لە ڕۆشنبیران و هزریارە بەرجەستەکانی ئێمە هێشتا باوەڕیان بە موگناتیسی سێکسی، گیانگەرایی، فاڵگرتنەوە و (بۆ دوور بڕۆین) ئایینی مەسیحی و ئایدیالیزم و یەزدان هەیە.

باوەڕی پرۆلیتاریای جاران، وەك پرۆلیتاریای ئێستایی،فرە بەهێزتر و سادەتر بوو، کەمتر ڕووکەش بوو . پاگەندەی مەسیحی ڕووی لە دڵی بوو نەك لە بیرکردنەوەی؛ لە شەیداییە هەمیشەییەکانی و پێداویستییەکانی و نەهامەتییەکانی و کۆیلەتییەکەی، نەك بەڵگە و ئاوەزخوازییەکەی، کە هێشتا خەواڵوو بوو و نەیدەتوانی شتێك لە ناکۆکییە لۆجیکی و گەواهییە پووچەکان ببینێت. بەدیاریکراوی هۆگری ئەوە بوو، کە بزانێت چ کاتێك ساتی ڕزگاریی بەڵیندراو دێت و کەی فەرمانداریی یەزدان جێگیردەبێت. لەبارەی دەمارگیرییە یەزدانییەکانەوە، خۆی خەریکنەدەکرد، چونکە لەبارەیانەوە هیچ شتێك تێنەدەگەیشت. مەسیحیبوونی پرۆلیتاریا کەرەستەی پەرەسەندنی ئایینی مەسیحی بوو، بەڵام نەك توانای هزریی ئەو.

هەر ئاوا کە لەبارەی دۆگما مەسیحییەکانەوە زانراوە، لە زنجیرەیەك کاری تیۆلۆگی و ئەدەبیی و لەنێو ئەنجومەنەکان لەلایەن ئەفلاتۆنییە نوێیە گۆڕدراوەکانی خۆرهەڵاتەوە کاریان لەسەر کراوە. ئاوەزی یۆنانی هێندە دابەزیبوو، کە لە سەدەی چوارەمی زایینی، لە سەردەمی یەکەمین ئەنجومەن، بیرۆکەی یەزدانی کەسیی و بێگەرد و هەتایی و بێچەندوچوون و ئافەرێنەر و سەروەری باڵاتر، کە لە دەرەوەی جیهانی ماددی بوونی هەبێت بە ڕێکەوتنی دەنگەکان و بەبێ گومانکردن بە دەستی باوکانی کلیسا پەسەندکرا؛ پاش پەسەندکردنی ئەو پووچییە بێچەندوچوونە، بە شێوەیەکی لۆجیکی بووە پێویستی کە بە نامادیبوون و هەتاییبوونی گیانی مرۆڤیش باوەڕبهێنن، بەوەی لە جەستەیەك نیشتەجێبووە و زیندانیبووە، کە تەنیا بەشێکی ماددییە و ماددەش وەك گیان نەمرە و ڕۆژی هەستانەوەد دەبێت لەتەك ئەو زیندووبێتەوە. بەم جۆرە دەبینین کە پەسەندکردنی ئەو شتانە تەنانەت بۆ باوکانی کلیسا چەندە دژواربوون؛ وێناکردنی شتە پوختەکان لە دەرەوەی هەر شێوەیەکی ماددی. دەبێت ئەوەشی بۆ زیادبکەین، بە

شێوەیەکی گشتی، نێوەڕۆکی هەر لێدوانێکی میتافیزکی و یەزدانی هەوڵدانێکە بۆ ڕۆشنکردنەوەی پووچی بە پووچییەکی دیکە .

ئەوە لە خۆشبەختبوونی زۆری کریستیانیزم بوو، کە گەیشتە دونیای کۆیلان. هەر ئاوا بەختێکی دیکەی لە هێرشی بەربەرەکان بەدەستهێنا. ئەوەی دوایی خەڵکانێکی بەڕێز بوون، تەواو سروشتیی و لە گشتی گرنگتر، پێداویستییەکانی ژیان بەوە زۆر ناچاریکردوون و زەمینەیەکی گەورەی هەبووە؛ یاخیانێك کە هەموو ئەزموونێکیان تێپەڕاندووە و توانای لەنێوبردنی و لێدانی هەر شتێکیان هەبوو، وەك پاشینانیان، ئاڵمانیانی ئەم ڕۆژگارە، بە تاڵان و ڕاوڕووتی هەر شتێك تواناداربوون؛ بەڵام لە پاشینانیان زۆر کەمتر شێوازدار و خۆدەرخەر بوون، کەمتر مۆڕاڵیی و کەمتر خوێندەوار و لە بەرانبەردا سەربەخۆتر و بڕوابەخۆبووتر بوون، نەك وەك بۆرجوازییە هاوچەرخەکانی ئاڵمانیا، بەتوانا بۆ زانست نەك بۆ ئازادی. بەڵام لە بەرانبەر گشت تایبەتمەندییە بەرجەستەکانیان، بێجگە لە بەربەری هیچی دیکە نەبوون؛ بەو جۆرە لە بەرانبەر پرسە تیئۆلۆگی و میتافیزیکییەکان وەك کۆیلەکانی جاران بوون، کۆیلانێك کە لە بنەڕەتدا زۆرێکیان لە نەژادی ئەو بەربەرانە بوون. بەو جۆرە کاتێك نەسازانیان زاڵدەبوو، وەرگۆرانیان بۆ سەر ئایینی مەسیحی دژوار نەبوو.

بۆ ماوەی دە سەدە کریستیانیزم بە پاڵپشتی بێچەندوچوونی کلیسا و دەوڵەت و لە نەبوونی هیچ ڕەقیبێك، توانای گەندەڵکردن و پووچکردن و بەلارێدابردنی بیرکردنەوەی خەڵکی ئەوروپای هەبوو. هیچ ڕەقیبێکی نەبوو، چونکە لە دەرەوەی کلیسا نە بیریار و نە خوێنەوارێك بوونی نەبوو. بەتەنیا بیریدەکردەوە و بەتەنیا دەدوا و دەینووسی و هەر بەخۆشی وانەی دەگوتەوە. داهێنەرانێك لە ئەوەوە دەرکەوتن، بەڵام ئەوان تەنیا لەسەر لایەنە تیئۆلۆگیی و کردەییەکان سیستەم کارایان دانا، نەك لەسەر دۆگما بنەڕەتییەکان. باوەڕ بە یەزدان، گیانی تاك و تەنیا و دروستکەری جیهان، باوەڕ بە نامادیبوونی گیان وەك خۆیان مانەوە. ئەو دوو باوەڕە گۆڕان بە بنچینەی گشت شارستانییە خۆرهەڵاتی و خۆرئاواییەکانی ئەوروپا؛ کنەیانکردە نێو هەموو دەزگە و پێکهاتە و وردەکارییەکانی ژیانی تایبەتی و گشتیی گشت چینەکان و جەماوەر و لە هەموو شوێنێك خۆیان خستەڕوو.

پاشان ئایا سەرسوڕهێنەرە، ئەو باوەڕە تاکو ئەم ڕۆژگارەش درێژەی هەیە و لەسەر کنەکردنە نێو هەڵبژێری هۆشەکان بەردەوامە، تەنانەت هۆشی بیریارانی دەرکەوتووی وەك ماتسینی

Mazzini، میشلە Michelet ، کوینت Quinet و کەسانی دیکە؟ دیتمان کە یەکەمین هێرش بۆ سەری لە ڕێنسانس و لەنێوەندی ئازادبیرانی سەدەی پانزەهەم ڕوویدا، کە پاڵەوانان و گیانبەخشانی وەك ڤانینی Vanini، گیۆردانۆ برونۆ Giordano Bruno و گالیلۆ Galileo ی پەروەراند. سەرەڕایی نقوومبوون لەنێو هەڵا و ژاوەژاو و سەرمەستبوون بە ڕیفۆرمەکان، کە بە بێدەنگی درێژەی بە نهێنیکارییەکانی خۆی دەدا، ئامێتەی هۆشە دەرکەوتەکانی هەموو نەوەکان بووە، کە ئەرکیان ڕزگارکردنی مرۆڤە بە وەلانانی پووچییەکان، تاکو دواجار لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم، دووبارە بە ڕۆژی ڕۆشن دەرکەوتەوە و بێباکانە ئاڵای بێیەزدانیی و ماتریالیزمی شەکاندەوە.

هۆشی مرۆیی، دواتر، ئەگەری ئەوە هەیە سەرەنجام کەسێك ئاوا بیربکاتەوە، بیەوێت بەتەواوی خۆی بۆ دوودڵیی یەزدانییەوە بەدەستەوەبدات. نەخێر بەهیچ شێوەیەك! مرۆڤایەتی بۆ ماوەی هەژدە سەدە خۆشباوەڕیی یەزدانی درخوارددراوە (ئەگەر تەنیا ناوی کریستیانیزم بهێنین) دوایین جارە کە دەتوانێت خۆی لە ڕاستی بەهێزتر نیشانبدات. چیدی ناتوانیت کەڵك لە خێڵە نەزانەکان وەربگرێت، یان لە کڵاو ڕەشەکانی کلیسا (کەشیشانی کاتۆلیك یان پرۆتستان)، کە بەتەواوی باوەڕ بە ئەوان لەنێوچووە؛ ئەوانەی کە بۆ ئەو ماونەتەوە، تەنیا کەشیشانی نائایینی درۆزن و تەڵەکەبازن و بنەمای بنەرەتیی کاری ئەوان لەلایەن دوو پیاوی مەترسیدارەوە دارێژاون، یەکەمیان لە ناڕاسترین بیریارانە و ئەوی دیکە لە گەورەترین سەرکوتخوازانی سەدەی کۆتایی؛ جان جاك ڕۆسۆ J. J. Rousseau و ڕۆبیسپییەر Robespierre.

یەکەمین نموونەی تەواوەتی تەنگڕوانین و پەستیی بەدبینانەیە، نموونەی ستاییشی بێئامانج، نموونەی دووڕوویی هەڵچوو و هاوکات ساردی ئایدیالیزمی نوێیە: هاوکات هەم ئەڤینداربوون و هەم کینەدۆزیی. لەوانەیە ئەو بە چێگەری ڕاستینەی کاردانەوە نوێیەکان دابنرێت. بەڵام ئەو سەرەڕای ئەوەی کە لەوانەیە دیموکراترین نووسەری سەدەی هەژدەیەم بێت، لە هەموو شوێنێك سەرکوت و دڕندایەتی پیاوانی دەوڵەت لەنێو خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە. ئەو وەك ڕوبیسپیەر، شاگردە بە وەفا و شایستەکەی، پەیامدەری باوەڕداری دەوڵەت بوو و هەوڵیدا ببێتە گەورەترین قەشەی ئاوا دەوڵەتێك. ڕۆسۆ گوتەکەی ڤۆلتێر Voltaireی بیستبوو، کە "ئەگەر یەزدان نەبووایە، پێویست بوو دایهێنین". بوونێکی باڵا، یەزدانی نەزۆکی یەزدانپەرستانی ئافراند. هەر ئاوا بە فەرمانی یەزدانی باڵا و پەرەستکاری دووڕووانەی ئەو بوو،

کە ڕۆبیسپییەر یەکەم جار هیبەرتیستەکان Hebertists [باڵی چەپی ژاکۆبینەکان کە ناوی یەکێك لە سەرکردەکانیان هیبەرت بوو] و دواتر بە کوشتنی بلیمەترین شۆڕشگێر، دانتۆن Danto لەنێو زیندانەکەی، کۆمارییشی لەنێوبرد و ڕێگەی سەرکەوتنی ئێستایی پێویستی بۆ سەرکوتکاریی بۆناپارتی یەکەم I Bonaparte لەبارکرد. پاش ئەو سەرکەوتنە گەورەیە،کاردانەوەی ئایدیالیستەکان خزمەتکارانێکی بەدەستهێنا کەمتر دەمارگیر و کەمتر ترسناك و گونجاوتر لە کەم گەشەکردوویی بۆرجوازی هەنووکەیی. لە فەرەنسە، شاتوبریان Chateaubriand و لامارتین Lamartine و (ئایا بڵێم؟ ئەی لەبەر چی نەیڵێم؟ هەر شتێك کە ڕاست بێت، دەبێت بگوترێت) خودی ڤیکتۆر هوگۆ Victor Hugo دێمۆکرات و کۆماریخواز و شێوە-سۆشیالیستی ئەم ڕۆژگارە! و دواتر کۆمەڵێکی مالیخولیایی و هەستەکی بیریارانی لاواز و ڕەنگپەڕیوو، کە لەژێر ڕابەری ئەو گەورانەدا، لە ئاڵمانیا فێرگەی ڕۆمانتیکی هاوچەرخیان پێکهێنا، برایانی شلێگل Schlegels و تییك Tieck و نۆڤالەکان Novalis و ڤێرنەرەکان Werners و شلینگەکان Schellings و زۆرێکی دیکە کە تەنانەت لێرەدا ناوهێنان بایەخی دووبارەکردنەوەی نییە.

ئەدەبێك کە ئەو فێرگەیە ئافراندی، پێگەی سەروەریی گیان و جندۆکان بوو. بەرگەی ڕۆشنایی نەدەگرت؛ تەنیا نارۆشنییەکان بوون کە هەلی ژیانیان بە ئەو دەدا. چیدیکە بەرگەی پەیوەندی دڕندانەی جەماوەری نەدەگرت. ئەدەبی کەسانێکی هەستەوەر و نەرمونیان و دیاریکراو بوو، کە شەیدای بەهەشت بوون و بۆ ئەوان ژیان لەسەر زەوی ناحەزبوو. لە ڕامیاری و پرسەکانی ڕۆژگار دەترسان و پەست و نزمیان دەبینی؛ بەڵام کاتێك کە دەلوا ئاماژە بە ئەوان بدەن، خۆیان تەواو کۆنەپەرست نیشاندەدا و لە بەرانبەر یاخیبوونی ئازادبیران لایەنگیرییان لە کلیسا دەکرد، یان بە لایەنگیری پاشایان لە دژی خەڵکی و خانزادەکان لە دژی ڕەشەخەڵکی نێو شەقامەکان دەوەستان. لە بوارەکانی دیکەش هەر ئاوا بوون. ئاوا کە وتم، تایبەتمەندی بنچینەیی فێرگەی ڕۆمانتیزم گرنگینەدانێکی تەواو بوو بەرانبەر بە ڕامیاری. لەنێو هەورانێك کە لە نێو ئەوان دەژیا، دەتوانرێت دوو خاڵی ڕاستین دیاریبکرێن؛ تەشەنەی خێرای ماتریالیزمی بۆرجوازی و هەڵچوونی دڕندانەی لەخۆباییبوونی کەسی.

بۆ تێگەییشتن لە ئەدەبیاتی ڕۆمانتیك، دەبێت لە ئاڵوگۆڕەکانی شێوە و پێکهاتەی چینی بۆرجوازی لە شۆڕشی ١٧٩٣ لە دوای بەڵگەی بوونی بگەڕێت.

لە سەردەمی ڕێنسانس و ڕیفۆرمی ئایینییەوە تاکو شۆڕش، بۆرجوازی ئەگەر لە ئاڵمانیا ئاوا نەبووبێت، بەلایەنی کەمەوە لە ئیتالیا و فەرەنسە و سویسرا و ئینگلاند و هۆڵەند پاڵەوان و نوێنەری بلیمەتی شۆڕشگێڕترینەکانی مێژوو بوو. زۆرینەی ئازادبیرانی سەدەی پانزەهەم لەنێو دەروونی ئەو هاتنەدەر، هەر ئاوا ڕیفۆرمگەرانی ئایینی دوو سەدە پاش ئەوە و مژدەدەرانی ئازادی مرۆڤ و ئەم جارە لە ئاڵمانیای سەدەی ڕابوردووش، لە چینی بۆرجوازی بوون. بۆرجوازی بەتەنیا و ئاسایی بەپشتیوانی باسکی هێزی خەڵك، کە باوەڕیان بە ئەو هەبوو، شۆڕشی ١٧٨٩ و ١٧٩٣ی بەرێخست. پاگەندەی ڕوخاندنی پاشایەتی و کلیسا و یەکسانی مرۆڤەکان و مافی مرۆیی و هاووڵاتیی دەکرد. ئەوانە سەردێری سەرکەوتنی بوون، ئەوانە نەمرن!

بەڵام فرەی نەخایاند، کە بۆرجوازی لێکترازا. بەشێکی بەرچاو لە کڕیارانی دارایی نەتەوەیی دەوڵەمەند بووبوون و چیدیکە پێویستیان بە پشتیوانی پرۆلیتاریای شاری نەبوو، بەڵکو فرەتر بە جوتیارانی فەرەنسە پشتئەستووربوون، بووبوونە دارای زەمین و بێجگە لە ئاشتی و نۆژەندکردنەوەی سیستەمی گشتی و پایەڕێژی فەرمانداریەکی بەهێز و بەردەوام، هیچ ئارەزوویەکی دیکەیان نەبوو. لەبەرئەوە بە شادمانییەوە پێشوازی لە سەرکوتکاریی بۆناپارتی یەکەم کرد و هەرچەندە هەمیشە ڤۆڵتێرگەرا، بەڵام لەبارەی هاوپەیمانی لەتەك پاپا و جێگیربوونەوەی دووبارەی کلیسا فەرمی فەرەنسە نەیارنەبوو؛ "ئایین ئەوەندە بۆ خەڵکی پێویستە!" بەو واتایەی کە، خۆیان تێرکرد، ئەو بەشە لە بۆرجوازی بەبینی پێداویستی خۆی بۆ پاراستنی بار و دۆخەکە و پاسەوانی لە دارایی تازە بەدەستهاتووی، دەستیکرد بە ئارامکردنەوەی برسییەتی تێرنەبووی خەڵکی بە بەڵێنی خواردەمەنی بەهەشتی و ئەو کات بوو کە شاتوبریان Chateaubriand کەوتە مژدەبەخشینەوە. [٩]

ناپۆلیۆن ڕوخا و فەرەنسە گێردرایەوە ڕەوایەتی پاشایەتی و هاوڕای ئەویش هێزی کلیسا و خانزادان، ئەوەی گێڕدرایەوە ئەگەر گشت بەرتەریی و دەسەڵاتەکانی پێشینیش نەبووبن، بەلایەنی کەمەوە بەشێکی زۆری کارایەکانی بوون. ئەو گەڕانەوەیە بۆرجوازی دووبارە خستەوە بیری شۆڕش و گیانی شۆڕشگێڕانە و لەنێو ئەوەش گومانگەرایی دووبارە وروژاندەوە. (شاتوبریان)یان وەلانا و و دووبارە کەوتنەوە خوێندنەوەی ڤۆڵتێر؛ بەڵام بە ئەندازەی دیدێرۆت Diderot واوەترنەچوون: موولووله لاوازبووەکانی بۆرجوازی بەرگەی خواردنێکی ئاوا بەهێزیان نەبوو. لەلایەکی دیکەوە، ڤۆڵتێر هاوکات هەم ئازادبیر و هەم یەزدانپەرست، زۆر بە باشی

داخوازییەکانی ئەوانی بەدیدەهێنا. بێئێرانگەر BÈranger و پی ئێڵ کویر P. L. Courier زۆر بە وردی ئەو حەزە تازەیە ڕۆشندەکەنەوە. یەزدانی خەلکانی باش و نموونەیی پاشای بۆرجواز، یەك شیوە بوو بە لیبرال و دیمۆکرات، لە دژی پاشایەتی نەخشەی داڕێژا و لەوە بەدواوە بوو بە پاشزەمینەی بێزیانی سەرکەوتنە بەرچاوەکانی ئیمپراتۆری و بەوجۆرە بوو بە خواردنی ڕۆشنبیری ڕۆژانەی بۆرجوازی فەرەنسە.

لامارتین، بۆ دڵنیابوون، بەهۆی خۆزگەیەکی پووچ و ئیرەییگەرانەوە، کەوتە هەوڵی گەیشتن بە ئاستبەرزیی هۆنەرانەی بایرونی گەورە، دەستیکرد بە هۆنینەوەی سروودگەلی گاکتەجاریی و پێداهەڵدانی ساردی یەزدانی خانزادان و ڕەوایەتی پاشایەتی. بەڵام سروودەکانی تەنیا لەنێو هۆڵە خانزادییەکان دەنگیان دەدایەوە، بۆرجوازی نەیدەبیستن. بێئێرانگەر هۆنەر و کورێر ڕامیارینووسی بۆرجوازی بوون.

شۆڕشی جولای بووە هۆی پێشکەوتنی بۆرجوازی. ئێمە ئەوە دەزانین کە بۆرجوازی فەرەنسە هەردەم جۆرێك لە پیاوەتی بۆرجوازی داخراوی لەنێو خۆی هەڵگرتووە، جۆرێك ئاوا دەردەکەوێت ناتوانن لەخۆیان نیشانبدەن، کە تازە کەمێك دەسەڵات و سامانی بەدەستهێناوە. ساڵی ١٨٣٠ بۆرجوازی دەوڵەمەند کە لەسەر کورسییەکانی دەسەڵات بەتەواوی بووبووە جێگرەوەی خانزادە کۆنەکان، بەشێوەیەکی سروشتی حەزی لە جێگیرکردنی خانزادەیی تازە کرد. پێش هەموو شتێك خانزادەیی سەرمایە، بەڵام هەر ئاواش جۆرێك لە وردەخانزادەیی، ئەدەب و هەستی جوان و لێرەوە هەستی ئایینیش دەستیپێکردەوە.

ئەوە لاساییکردنەوەیەکی سادەی نەریتە خانزادەییەکان نەبوو، بەڵکو پێداویستی پێگە تازەکەی بوو. پرۆلیتاریا بە یارمەتیدانی ئەو بۆ لەنێوبردنی یەکجارەکی خانزادەیی دوایین ئەرکی ئەنجامدابوو. ئێستا بۆرجوازی چیدیکە هەستی بە پێویستی هاریکاری ئەو نەدەکرد، چونکە خاترجەم لەسایەی شۆڕشی جولای خۆی لەسەر تەختی نوێنەرایەتی یەزدان دەبینی و ئیدی یەکێتی خۆی لەتەك خەڵك بۆ ئەو گرنگی نەمابوو و لەتەك ئەو ئاسوودەنەبوو. مانەوەی لەنێو ئەو پێگەیە پێداویستی ئەو بوو، بەڵام بە شێوەیەکی سرووشتی نەیدەتوانی بەبێ هەڵخرانی تووڕەیی جەماوەر بە ئەنجامبگات، پاشان لخاوکردنی ئەو تووڕەییەش بوو بە پێداویستی. بە ناوی چییەوە؟ بەبێ پەردە و بەناوی بەرژەوەندییەکانی بۆرجوازییەوە؟ ئەگەری ئەوە هەیە، کە

گاڵتەجاریتر بێت. هەرچەندە خواستێکی نامرۆڤانە و نادادوەرانە بێت، پێویستی بە سەرنجدانی فرەتر هەیە. ئێستا ئەگەر لەنێو ئایین نا، ئەدی لە کوێ دەیتوانی ئاوا سەرنجراکێشییەك بەدەستبێت؟ مەگەر ئاوا نییە کە ئایین هەردەم پاسەوانی زگتێران و دڵنەواییکەری برسییەکان بووە؟ بەو جۆرە دیکتاتۆریی بۆرجوازی زیاتر لە هەر سەردەمێکی دیکە پێداویستبوونی ئایینی بۆ خەڵك دەرکرد.

بۆرجوازی، پاش سەرخستنی گشت داخوازییە ئایینی و فیلۆسۆفیی و ڕامیارییەکانی خۆی لەنێو نارەزایەتی و شۆڕش، سەرەنجام بوو بە چینی سەروەر و بەو جۆرە پێداگر و پارێزەری دەوڵەت، کە لەوەو بەدواوە بوو بە دزگەیەکی ئاسایی و چەپاوڵکراو بۆ پارێزگاری لەو بەرژەوەندییەکانی ئەو چینە. دەوڵەت دەسەڵاتە، لەبەرئەوە پێش هەموو شتێکی دیکە، پاساوی سەرکەوتنی تفەنگە. بەڵام مرۆڤ هێندە بێوێنە ئەو پاساوە ئاوا ئاڕاستەدەکات و بەهێز دەیبینێت، کە لە درێژماوەدا بە هیچ جۆرێك بەس نییە. بۆ پەسەنداندنی جۆرە سزایەکی مۆڕاڵیی توند پێویستە. وێڕای ئەوەش، ئەو سزایە دەبێت ئەوەندە سادە و بێپەردە بێت، کە بتوانێت جەماوەری ڕازیکراو بە دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ پەسەندکردنی مافی ئەو ڕازیبکرێت.

تەنیا دوو ڕێگە بۆ پەسەندناندنی باشی هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی لەلای جەماوەر هەن. یەکەم، کە تەنیا ڕێگەیەکی ڕاستینەیە، بەڵام دژوارترینیشە (لەبەرئەوەی بریتییە لە لەنێوبردنی دەوڵەت یان بە دەربڕینێکی دیکە، لەنێوبردنی هەر جۆرە بەهرەکێشییەکی ڕێکخراوی ڕامیاریی زۆرینە بە دەستی کەمینە بۆ هەتاهەتایی) بریتییە لە بەدیهێنانی ڕاستەخۆ و تەواوی گشت خواست و پێداویستییەکانی خەڵکی،کە یەکسانە بە لەنێوچوونی تەواوەتی بوونی ڕامیاریی و ئابووری چینی بۆرجواز یان لەنێوبردنی دەوڵەت. ئەم ڕێگەیە بۆ جەماوەر فرە بە کەڵکە، بەڵام بۆ بۆرجوازی بێجگە لە زیان هیچی دیکە نییە؛ کەواتە قسەکردن لەبارەیەوە بێکەڵکە.

تەنیا ڕێگەیەك لە بەرانبەر ئەو ڕێگە ڕاستینە بۆ خەڵکی زیانبەخشە و پەیگیرانە داکۆکی لە بەرتەریەکانی بۆرجوازی دەکات، بێجگە لە ئایین هیچی دیکە نییە. فریوی یەزدانی؛ لە باریك کە جەماوەر وێڵی گەڕان لە دوای گەنجینەی ئاسمانی دەکات – زۆر نایەکسانانە ، وێرای ئەوەی کە هەمیشە بەوانە دەبەخشیت کە داران- چێژە هیچە زەمینیی و تاڵانکراوەکانی خەڵکی، لەوانە ئازادی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتییەکان.

هیچ دەوڵەتێك بەبێ ئایین بوونی نییە و ناتوانێت بوونی هەبێت. ئازادترینی دەولەتەکانی دونیا لەبەرچاوبگرن (دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و کۆنفیدراسیۆنی سویسرا بۆ نموونە) و ببینن ڕێڕەوی یەزدانی چ بەشێکی گرنگ لە گوتاری فەرمیی ئەوان پێکدەهێنێت، سزای باڵای گشت دەوڵەتان.

بەڵام هەر کات کە سەرۆکی دەوڵەتێك لە بارەی یەزدان دەدوێت، سەرنجبدەن چ ویلیامی یەکەم، ئیمپراتۆریی کنۆتۆ Knoutoی ئاڵمانیا، یان گرانت سەرۆککۆماری کۆماری گەورە، دڵنیابن خەریکە جارێکی خوری خەلکی بە گەلەکراو دەبڕێتەوە.

بۆرجوازی لیبراڵ و ڤۆڵتێرگەرای فەرەنسە، بەگوێرەی سروشتەکەی بەرەو یەقینگەرایی (نەك ماددەگرایی) بەشێوەیەکی بیرتەسکانە و دڕندەئاسا براوە، لەنێو سەرکەوتنی ١٨٣٠ بوو بە چینی فەرمانداری دەوڵەت، ناچاربوو ئایینێکی فەرمی بۆ خۆی دەسەبەربکات. ئەوە کارێکی ئاسانەبوو. بۆرجوازی نەیدەتوانی بە نائاگا بڕواتە ژێر دەسەڵاتی کاتولیزمی ڕۆمی. کەلێنێکی قوڵی خوێن و نەفرەت لە نێوان ئەو کلیسای ڕۆم هەبوو و هەر چەندی کەسێك کردەگەرا و پەیگیربێت، سەرەرای ئەوەش ناتوانێت ئەو هەستانەی کە بەدرێژایی مێژوو پەرەیانسەندووە کپبکات. سەرەڕای ئەوەش، بۆرجواکانی فەرەنسە ئەگەر ئەوان خوازیاربوونایە لەنێو بۆنە ئایینییەکان بەشداربکەن، کە مەرجی سەرەکی و پێویست بوو بۆ شایستەیی بەهرەمەندبوون لە پشتیوانیی کلیسا، تەنیا خۆیان لەدەستدەدا. ڕاستە هەندێك ئەوەیان تاقیکردەوە، بەڵام پاڵەوانبازییان بێجگە لە ڕسواییەکی بێبەر ئەنجامێکی دیکەی نەبوو. دواجار گەرانەوە بۆ کاتولیزم لەبەر ناکۆکی چارەسەرهەڵنەگری ڕامیارییە تایبەت و نەگۆڕەکانی ڕۆم لەتەك پەرەسەندنی ڕامیاریی و ئابووریی خواستەکانی چینی نێوەنجی تەواو نەگونجاو بوو.

لەو تێڕوانینەوە پرۆتستانیزم فرە بەکەڵکترە. ئایینی سەرسوڕهێنەرانەی بۆرجوازی، بۆرجواکان هەرچەندێك بخوازن ئازادییان پێدەدات و هەردەم ڕێگەیەك بۆ ئاشتکردنەوەی هەڵکشانە ئاسمانییەکان لەتەك خواست و هەلومەرجە دونیاییەکانی ئەوانی لەنێو کەشکۆڵ هەیە. سەرەنجام بەدیاریکراویی ئەوە وڵاتانی پرۆتستانتن کە بازرگانی و پیشەسازییان پەرەیسەندووە. بەڵام بوون بە پرۆتستانت بۆ بۆرجوازی فەرەنسە گونجاونەبوو. بۆ گۆڕینی ئایینێك بە ئایینێکی دیکە ( مەگەر ئەوەی کە بە ئەنقەست و هەلسەنگێندراو ئەنجامبدرێت، وەك جوولەکەکانی

ڕوسیە و پۆلۆنیا کە هەر یەکە سێ تاکو چوار جار بوون بە مەسیحی تەنیا لەبەرئەوەی کە پاداشتەکەی بەدەستبهێنن)، بۆ گۆڕانی پەیگیرانەی ئایینێك، کەمێك متمانە پێویستە. هەنووکە ئیدی لەنێو دڵی بۆرجوازی فەرەنسە هیچ جێگەیەك بۆ باوەڕ بوونی نییە. ئەو لە بەرانبەر هەر پرسێك کە یەکەم پەیوەندی بە گیرفانییەوە نەبێت و دووەم زیان بە لە خۆپەرستییەی کۆمەڵایەتییەکەی نەگەیێنێت هیچ دەربەستنییەکی نییە. ئەو بە هەمان ڕادەی بەرانبەر بە کاتۆلیزم، بەرانبەر پرۆتستانیزمیش نادەربەستە. لە لایەکی دیکەوە، بۆرجوازی فەرەنسە نەیدەتوانی بەبێ ڕووبەرووبوونەوەی زۆرینەی خەڵك کاتۆلیکی فەرەنسە بەرەو پرۆتستانیزم وەربگۆڕێت، کە لەلایەن چینی سەروەری وڵاتەوە دەبەنگییەکی گەورە دەبوو.

هێشتا ڕێگەیەکی دیکە مابووەوە- گەڕانەوە بۆ ئایینی مرۆیی و شۆڕشگێڕانەی سەدەی هەژدە. بەڵام ئەوە دەیتوانی زۆر لە ڕادەبەدەربێت. لەبەرئەوە بۆرجوازی ناچار بوو بۆ سزادانی دەوڵەتە تازەکەی ئایینێکی نوێ چێبکات، کە بتوانێت بەبێ سڵەمینەوە، بەبێ گاڵتەجاڕیی و ڕسوایی، لەلایەن گشت بۆرجواکانەوە پەسەندبکرێت.

بەو جۆرە یەزدانپەرستی بڕوادارانە سەریهەڵدا.

فرە باشتر لەوەی کە من بتوانم، کەسانی دیکە بەسەرهاتی لەدایکبوون و پەرەسەندنی ئەو فێرگەیان گێڕاوەتەوە، ئایینێك کە ئاوا کاراییەکی پەیگیر و یەکلاکەرەوە و (دەتوانین شتی بیخەینەسەر) وێرانگەری لەسەر پەروەردەی ڕامیاریی و هزریی و ئاکاریی بۆرجواکانی فەرەنسە دانا. ئەو ئایینە بۆ سەردەمی بنیامین کونستانت Benjamin Constant و مادام دو استال Madame de StaÎl دەگەڕێتەوە، کە بنیاتنەرانی ڕاستینەی ڕۆیەر -کۆلارد Royer-Collard؛ یارانی، گویزۆت Guizot، کۆزین Cousin، ڤیلەماین Villemain و کەسانی دیکە بوون. ئامانجی ڕاگەیێندراوی بێپەردەی ئەو هەوڵە بۆ ئاشتکردنەوەی شۆڕش و دژەشۆڕش، یان لە زمانی خودی ئەو فێرگەیەوە، سەرەتاکانی ئازادی و دەسەڵات بوو و هەڵبەتە بە بەرتەیدان بە دووەمیان.

ئەو ئاشتکردنەوەیە بەو واتایە بوو: لە بواری ڕامیاری، سەندنەوەی ئازادییەکانی خەڵکی بوو بۆ جێگیربوونی فەرمانداریی بۆرجوازی، کە دەوڵەتی پاشایەتی و دەستووریی نوێنەرایەتیدەکرد، لە

بواری فیلۆسۆفی، بەدەستەوەدانی سەراپای ئاوەزی ئازادهزرانە بۆ بنەما هەمیشەییەکانی باوەڕ. لێرەدا من تەنیا دووەمیان شرۆڤەدەکەم.

دەزانین کە ئەو فیلۆسۆفییە بە شێوەیەکی گشتی لەلایەن م. کوزین M. Cousin، باوکی ئێلێکتیسیزم eclecticism فەرەنسی شرۆڤەکراوە. ئەو قسەکەری خۆدەرخەر و خۆپەسەند و ناتوانا لە خستنەڕووی چەمکێکی تایبەت بە خۆی، بەڵام لەنێو کۆڕە بازارییەکان لەڕادەبەدەر خۆی نیشانیدەدا و ئاوەزی تەندروستی تێکوپێکدەدا. ئەو فیلۆسۆفە دەرکەوتەیە منەتفرۆشانە ئاشێکی میتافیزکی لە فێرکارییەکانی ئامادەکرد، کە زانستخوازان و زانستیاران (خوێندکاران)ی فێرگە و زانستگە دەوڵەتییەکان نەوە لە دوای نەوە بە فێربوونیان ناچاربوون. بهێنەبەرچاو سوسێکی سرکەی فیلۆسۆفیی لە سیستەمە تەواو ناکۆکەکان وێنابکەن، تێکەڵەیەك لە باوکانی کلیسا و فیلۆسۆفانی فێرگەیی و دێکارت Descartes و پاسکال Pasca، کانت Kant و زانا دەروونناسە سکۆتییەکان Scotch psychologists، گشت ئەوانە لەسەر بنەمای بیرۆکە یەزدانگەرایی و خۆییەکانی پلاتۆن ڕۆنرابوون و بە ڕووکەشێك لە تێڕوانینی هیگلی ئامادەیی یەزدان لە گشت لایەك و هەڵبەتە لەتەك بەهەندوەرنەگرتنی پڕ سووکایەتی تەواو بە زانستە سروشتییەکان؛ کە سەرەنجام وەك سەلماندنی دوو و دوو دەکاتە پێچ، بوونی یەزدانی کەسی دەسەلمێنێت ....

## پەراوێز

[١] من ناویدەنێم "ستەمكار"، لەبەرئەوەی كە بەو جۆرەی بۆی دەچم و لەنێو پاشكۆكە من ئەوەم سەلماندووە، ئەو مەتەڵە، گشت ئەو تاوانانەی لەسەرتاسەری جیهان ڕوویانداوە و ڕوودەدەن پیرۆزدەكات؛ بە "بێوێنە" ناویدەهێنێم، چونكە پووچییە میتافیزیكیی و تیئۆلۆگییەكان-[theological]، كە ئاوەزی مرۆڤ كەم بەها دەكەن، بێجگە لە ئەنجام و درێژەی ئەو شتێكی دیكە نین.

[٢] بەڕێز ستوارت میل، لەوانەیە تەنیا كەسێك بێت، كە تاكو ڕادەیەك ئایدیالیزمە پەیگیرانەكەی گومانی لێ بكرێت، ئەوە لەبەر دوو هۆ: یەكەم ئەگەر چی فێرخوازێكی بێبەندومەرجیش نەبێت، ئەوا هۆگرێكی شەیدا و لایەنگرێكی فیلۆسۆفی ئەرێنی positive philosphy (ئۆگوست كۆمت- Auguste Comte)ە، فیلۆسۆفییەك كە وێرای هەژمارێكی فرە لە تێبینی، بەڕاستی فیلۆسۆفییەكی ئاتەئیستە)، دووەم، ئەوەی كە بەڕێز ستوارت میل ئینگلیزە و لە ئینگلاند ڕایگەیاندووە، كە ئاتەئیستە، تەنانەت ئەم ڕۆژانەش بەواتای دەركراویی تاك لە كۆمەڵ دێت.

[٣] جارێكیان لە لەندەن بیستم ، كە بەڕێز لویس بلانک بەجۆرێك ئەو بیرۆكەی دەردەبڕی. بە منی گوت "باشترین شێوەی فەرمانداریی ئەوەیە، كە هەردەم پیاوانی بلیمەت بانگەوازدەكات تاكو كاروبارەكان بەڕێوەبەرن.

[٤] ڕۆژێك لە ماتسینی (Mazzini) پرسی، كاتێك كە كۆماری یەكگرتوو و سەركەوتووی ئەو بە شێوەیەكی تەواو دامەزرا، ئەو كارانە چین بۆ ئازادی خەڵكی ئەنجامیاندەدات.

وەڵامی دایەوە 'یەكەمین كار، دانانی فێرگەیە بۆ خەڵك.'

لەنێو ئەو فێرگانە چ وانەیەك بە خەڵكی دەگوترێتەوە؟

' ئەركەكانی مرۆڤ، فیداكاری و لەخۆبردوویی.' "

لە كوێ دەتوانن ئەو هەژمارە پێویستە لە پرۆفیسۆران بۆ وانەدانی ئەو شتانە بەدەستبهێنن، كە هیچ كەس ماف و دەسەڵاتی ئەو وانەدانەی نەبێت، كە پێشڕەوانە مژدەی نەدابێت؟ مەگەر

هەژماری کەسانێك کە لە فیداکاری و لەخۆبردوویی چێژدەبەن فرە کەم نییە؟ کەسانێك کە خۆیان دەکەنە قوربانی بیرۆکەیەکی مەزن و خۆیان دەدەنە دەست دەمارگیریی لەخۆباییانە و "حەزی دەروونیی کەسیی خۆیان تێردەکەن" و لە دەرەوەی ئەوە، لەبەرچاوی ئەوان خودی ژیانیش گشت بایەخەکانی لەدەستدەداتن؛ ئەوان هەردەم لەبارەی کردەییکردنی شتێك لەنێو باوەڕ بیردەکەنەوە، لە بارێك ئەوانەی کە باوەڕ کردەییدەکەنەوە، بەشێوەیەکی گشتی وەرگۆڕانی بۆ کردار لەبیردەکەن، ئەوەش لەبەر هۆکارێکی سادە، کە باوەڕ ژیان و خۆبەخۆیی و کار دەکوژێت.

پیاوانی وەك ماتسینی، کە باوەڕ و کردار لەنێو ئەوان یەکێتی سەرنجڕاکێش پێکدەهێنن، ناوازەی دەگمەنن. هەر ئاوا لەنێو ئایینی مەسیحی'ش پیاوانێکی گەورە هەن، پیاوانێکی ئایینی کە بەڕاستی پەیڕەوییانکردووە، یان ئەوانەی لایەنیکەم بە ورەیەکی بەرزەوە هەوڵیاندا، ئەوەی کە مژدەیاندەدا، بەکردەوەش پێیهەستن؛ کەسانێك کە دڵیان لە ئەڤین لێوانلێو بوو، پڕ بوو لە چاکەخوازی بۆ جیهان. بەڵام زۆرینەی کەشیشانی کاتۆلیك و پرۆتستان، کە دەلاڵانە باوەڕی پاکیزەیی و بێگەردیی و دووریگرتن لە ژیانی دونیایان بانگەوازدەکرد و دەکەن، هەمووان بە کردەوە دژەخوونی لەو بانگەوازانە دەکەن. من بەبێ بەڵگە ئەم شتانە ناڵێم، بەڵکو ئەوە سەرەنجامی ئەزموونی چەندین سەدەن، کە ئەم دەربڕینە لەنێو خەڵکی هەموو وڵاتەکان بووەتە پەند: "هەرزە وەك کەشیش، زۆر خۆر وەك کەشیش، بگر وەك کەشیش، چاوچنۆك و خۆپەرست و زۆرزان وەك کەشیش". ئیدی ڕۆشنە پرۆفێسۆرانی پەرەستیاری مەسیحی کە لەلای کلیسا و کەشیشان خوێندوویانە، لە زۆر باردا تەواو پێچەوانەی پاگەندەکانیان ڕەفتاریانکردووە و دەکەن. ئەو زۆرینە زۆرە، گەردوونیبوونی ئەو ڕاستییە نیشاندەدات، کە گرفتەکە بۆ ئەوان وەك کەسەکان ناگەڕێتەوە، بەڵکو هۆکار ئەو پێگە کۆمەڵایەتییە ناکۆکەیە کە ئەوان هەیانە.

پێگەی کەشیشی مەسیحی ناکۆکییەکی دوولایەنەی لە خۆ گرتووە. بە پلەی یەکەم، ناکۆکی نێوان خۆپارێزیی و تەرككردنی دونیا لەتەك حەزە پۆزەتیڤ و پێداویستییە سروشتییەکانی مرۆڤ؛ ئەو حەز و پێداویستییانەی کە هەرچەندە لە هەندێك باری تایبەت و زۆر دەگمەن ئەگەری هەیە بەکردەوە لەژێر کارایی زاڵبوونی جۆرێك لە هۆگریی هزری و مۆڕاڵی بەهێز سەرکوتبکردرێن و لەنێوبچن؛ هەرچەندە ئەگەری ئەوەش هەیە، هەندێك سات لەژێر کارایی

شانازی کۆمەڵی و لەنێو بەشێکی فراوانی خەڵك، هاوکات لەبیرکرابن و نادیدەگیرابن؛ بەڵام لەنێو بنەڕەتی سروشتی ئێمە هێندە ڕەسەنن، کە زوو یان درەنگ مافی خۆیان وەردەگرنەوە: تەنانەت ئەگەر بە شێوازێکی سروشتی و ئاسایی ئاسوودەنەکرێن، سەرەنجام بەشیوەیەکی نادروست و دڕندانە ئاسوودەدەبن . ئەوە یاسایەکی سروشتییە، کوشندە و بەرهەڵستتینەکراو، کە سەرەنجام کارکردی نەهامەتبارانەی گشت کەشیشانی مەسیحی، بەتایبەت کەشیشانی کلیسای کاتۆلیکی ڕۆمی دەگرێتەوە. ئەوە کەشیشانی کلیسای هاوچەرخ دەگرێتەوە، پرۆفێسۆران ناگرێتەوە، مەگەر ئەوەی کە ئەوانیش ناچاربن دوورەپەرێزیی و تەرککردنی مەسیحیانەی دونیا بانگەوازبکەن.

بەڵام ناکۆکییەکی دیکەی ئاشکراش لەنێوان کەشیشانی هەر دوو دەستەکە بوونی هەیە. ئەو ناکۆکییە لە بنەمای تایتڵ و پلەی سەروەرەوە سەرهەڵدەدات. سەروەرێك فەرمانی داوە و ستەمی کردووە و بەهرەکێشیدەکات، بە کەسایەتییەکی تەواو سروشتی و لۆجیکییە. بەڵام سەروەرێك خۆی بۆ ئەوانەی کە بە هەڵبژێری یەزدانی و بەرتەریی مرۆیی ملکەچی ئەون، بوونەوەرێکی ناکۆك و ئەستەمە. ئەوە دروستگەری دووڕوویە، کە پاپا بەو باشییە دەریدەهێنێت: لە بارێك کە خۆی "بە کەمترین کۆیلە لەنێوان کۆیلەکانی یەزدان” ناودەبات (بە نیشانەی ئەوە، بە پەیڕەویکردن لە سەرمەشقی مەسیح، ساڵێ جارێك پێی دوازدە هەژار دەشوات)، بەڵام هەر ئاواش خۆی بە جێگری یەزدان و سەروەری هەڵەنەکەر و بێچەندوچوونی جیهانی ماددیی ڕادەگەیێنێت. ئایا پێویستە بەبیرهێنمەوە کە کەشیشانی هەموو کلیساکان، زۆر دوور لە خۆقوربانیکردن بۆ گەلەی خەڵکی کە لێپرسراوی چاودێریانن، هەردەم گەلەکەیان قوربانیکردووە و بەهرەکێشیکردووە و هەردەم خەڵکیان لەشێوەی گەلە ڕاگرتووە، هەندێك بۆ تێرکردنی خواستەکانی خۆیان و هەندێك بۆ خزمەتکردن بە دەسەڵاتی بێسنووری کلیسا؟ هەلومەرجی هاوشێوە و هۆکاری هاوشێوە، هەردەم سەرەنجامی هاوشێوەش بەرهەمدەهێنن. ئیدی بەو جۆرە ئەو بابەتە لەبارەی پرۆفیسۆرەکانی فێرگەی هاوچەرخیش کە لە یەزدان سرووشیان وەرگرتووە و لە دەوڵەتەوە مۆڵەتەکەی وەردەگرن هەر ڕاستە. ئەوان، هەندێکیان نەزانانە بەڵام هەندێکیان بە زانین و ویستی تەواوەوە، ناچاریی گۆڕدراون بە فێرکارانی باوەڕی قوربانیکردنی خەڵك بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت و سوودی چینی هەڵبژاردە.

ئایا دەبێت گشت فێرکارییەکان لەنێو کۆمەڵ لەنێوبەرین و فێرگەکان هەڵوەشێنینەوە؟ نا بە

هیچ شێوەیەك! دەبێت خوێندن بەبێ ڕێگریی لەنێو هەموو توێژەکانی جەماوەر بڵاوبێتەوە، گشت کلیساکان و پەرستگەکان کە بۆ گەورەی یەزدان و کۆیلەتی مرۆڤ تەرخانکراون، بگۆڕدرێن بە فێرگە بۆ ئازادی مرۆڤ، بەڵام لە هەنگاوی یەکەمدا، بواربدەن لە یەکدی تێبگەین؛ فێرگەکان، بە دروستی بڵێین، لەنێو کۆمەڵی سروشتی، کە لەسەر بنەمای یەکسانی مرۆڤەکان و ڕێزگرتن لە ئازادییان دروستکرابن، تەنیا بۆ منداڵان بوونیان دەبێت و نەك بۆ گەوران: بۆ ئەوەی فێرگەکان بۆ ئازادکردن بن نەك بۆ کۆیلەکردن، پێویست دەبێت پێش هەموو شتێك، بەسەر ئەفسانەی یەزدان، پەرەستراوی هەمیشەیی و بێچەندوون زاڵبین. سەراپای فێرکردنی منداڵان دەبێت لەسەر بنەمای پەرەسەندنی زانستی هۆش پێکبێت، نەك لەسەر بنەمای باوەڕ؛ لەسەر بنەمای ڕێزداریی و سەرەخۆیی کەسیی و نەك لەسەر بنەمای پاڕانەوە و ملکەچی، لەسەر بەمای پەرەستی ڕاستی و دادپەروەریی بە هەر نرخێك، لەپێش هەموو شتێکەوە لەسەر بنەمای ڕیزگرتن لە مرۆڤایەتی، کە دەبێت هەردەم و لە هەموو لایەك جێگەی پەرەستنی یەزدان بگرێتەوە. لە ڕاستیدا گشت قۆناخەکانی فێرکردنی منداڵان، بێجگە لەنێوبردنی سەروەریی بۆ بەهێزکردنی ئازادی شتێکی دیکە نین، بەگوێرەی پێویست دوا ئامانجی فێرکردن پەروەردەکردنی مرۆڤی ئازاد و لێوانلێوە لە ڕێز و خۆشەویستی بۆ ئازادی کەسانی دیکە. لەبەرئەوە یەکەمین ڕۆژ ژیانی فێریاران هاوکات بە فرەترین دەسەڵات و لەدەستدانی نزیکەی تەواوی ئازادی دەسەتپێدەکات، بەڵام ڕۆژی کۆتایی ئازادترین ڕۆژی ئەوان و هاوکات لەنێوبردنی تەواوەتی هەر نیشانەیەك لە هەر جۆرە بنەمایەکی ئاژەڵیی یان بنەما یەزدانییەکانی سەروەری.

سەپاندنی بنەماکانی سەروەریی بەسەر پیاوانێك کە بە تەمەنی پێگەیین گەیشتوون یان گەورەترن، ترسناك و لەدەستدانی بێپەردەی مرۆڤایەتی دەبێت، سەرچاوەی کۆیلەتی و گەندەڵیی هزری و ئاکارییە. ئەفسووس فەرمانداریانی باوك جەماوەریان لەنێو ئاوا نەزانییەکی قوڵ ڕاگرتووە، کە پێویستە فێرگە نەك تەنیا بۆ منداڵانی خەڵکی، بەڵکو بۆ خودی خەڵکیش پێکبهێنرین. کاری ئەو فێرگانە لەنێوبردنی بچووکترینی کارگوزارییەکان و دەرکەوتنەکانی سەروەرییە. ئیدی چیدیکە ئەو فێرگانە بوونیان نامێنێت؛ تەنیا ئاکادێمی خەڵکی لەئارادا دەبن، کە لەنێو ئەوان نە فێریار و نە فێرکار ناناسرێنەوە، خەڵکی ئەگەر پێویستیان بوو ئازادانە دەچن و ئەوەی پێویستییانە بەبێ بەرانبەر بەدەستیدەهێنن و ئەوانەی کە بە ئەزموونترن، بە نۆرەی خۆیان زانیارییەکانیان بە پرۆفێسۆرانێك دەڵێنەوە، کە لەو بارەوە پێویستیانە. ئەم فێرکارییە دوولایەنە و هاوتایی هزریی لەنێوان ڕۆشنبیرانی لاو و خەڵك دەبێت.

تاکە فێرگەیەکی دروست بۆ خەڵك و بۆ گەوران تەنیا ژیانە. تاکە سەروەریی گەورە و بەتوانا، هاوکات هەم ئاوەزگیر و هەم سروشتی، تەنیا سەروەرییەکە کە ڕێزی لێ دەگرین، سەروەریی کۆیی و تاکەکەسیی پێکهێنەرانی کۆمەڵ دەبێت، کە لەسەر بناخەی هاوپشتی و یەکسانی و ڕێزی بەرانبەرانە و مرۆییانەی ئەندامەکانی پێکهاتبێت. بەڵێ. ئەوە سەروەریی یەزدانیی نییە، بەتەواوەتی مرۆییە و ئێمە لە بەرانبەر ئەو سەردادەنەوێنین، دڵنیا لەوەی کە فرە دوور لە کۆیلەکردنی مرۆڤەکان، ئەوان سەربەستییاندەکات. دڵنیابن هەزاران جار لە هەموو سەروەرییە یەزدانیی و میتافیزیکیی و ڕامیاریی و داوەرییەکان بەهێزتر دەبێت، کە لەلایەن کلیسا و دەوڵەت هێنراونەتە بوون، فرە بەهێزتر لە یاسا سزاییەکان و زیندان و جەلادەکانی ئەنگۆ.

تەنانەت لەم ڕۆژگارەش هێزی هەستی کۆیی و گیان گشتیی بابەتێکی پەیگیرانەیە. ئامادەترین کەسی کۆمەڵ بۆ ئەنجامدانی تاوان فرە بە کەمی دەوێرێت پاگەندە و ئاشکرا ئەوە دەربڕێت. هەوڵدەدەن ئاڕاستەیبکەن، بەڵام ئەگەر لە پشتیوانی کەمایەتییەکی گەورە یان بچووك دڵنیانەبێت بۆ بەرگریکردن لێی، ئەوا ناوێرێت. هیچ مرۆڤێك، هەرچەندەش باوەڕی بە خۆی هەبێت، ناتوانێت بەرگەی سووکایەتی تەواوی کۆمەڵ بگرێت؛ هیچ کەس ناتوانێت بەبێ هەستکردن بەپشتیوانی و دانپێدانانی لەلایەن بەلایەنی کەمەوە بەشێکی کۆمەڵ بژێت. مرۆڤ دەبێت لەلایەن هەژمارێکی زیاد و وەفادارەوە سرووش وەربگرێت، تاکو بتوانێت ئازایەتی ئەوە بەدەستبهێنێت، کە لە دژی تێڕوانینی زۆرینە کردار و ڕەفتار بکات، مرۆڤی خۆپەرست و گەندەڵ و ترسنۆك هیچ کات ئاوا ئازایەتییەکی نابێت.

هیچ شتێك ڕۆشنتر لەم بابەتە ڕاستی سروشتیبوون و نکۆڵیهەڵنەگریی هاوپشتی (یاسای هاوپشتی) نیشاننادات، کە گشت مرۆڤەکان کۆدەکاتەوە، هەر ئاوا هەر ڕۆژە چ لەنێو خۆمان و چ لەنێو ئەو مرۆڤانەی کە دەیانناسین، دەتوانین ئەو ڕاستییە ببینین. بەڵام، ئەگەر دەسەڵاتە کۆمەڵایەتی بوونی هەیە، بۆچی تائێستا بۆ ئاکاریکردن و مرۆییکردنی تاکەکان بەس نەبووە؟ فرە بە سادەیی، چونکە تاکو ئێستا دەسەڵات خۆت مرۆیی نەکردووەتەوە؛ مرۆیی نەبووەتەوە، لەبەرئەوەی کە تاکو ئێستا ژیانی کۆمەڵایەتی بە پشتبەستن بە دەربڕینی باوەڕداریی و بەو جۆرەی کە دەزانین، لەسەر بناخەی پەرەستنی یەزدان، نەك بناخەی ڕێزی مرۆڤ؛ سەروەریی، نەك ئازادی، بەرتەریی، نەك یەکسانی؛ بەهرەکێشیی، نەك تەبایی؛ تاوان و نادادپەروەریی، نەك دادپەروەریی و ڕاستی. سەرەنجامی ئەو کارە کەتوارییە، بەپێچەوانەی ئەو تێڕوانینە

مرۆڤدۆستییانەی کە پاگەندەیاندەکات، هەردەم کارایی نەهامەتبارانە و گەندەڵکارانەی پەیڕەوکردووە. کۆمەڵ تاوان و خراپەکاریی لەنێونابات، بەڵکو دەیئافرێنێت. سەروەرییەکەشی لەسەر بنەمای یەزدانییە، دژی مرۆڤایەتییە؛ کارایی زیانبەخش و نەهامەتبارە. ئایا دەتەوێت سەروەریی و کارایی ئەو بگۆڕیت بە باشەکاریی بۆ مرۆڤەکان؟ شۆڕشی کۆمەڵایەتیی ئەنجامبدە. بەڕاستی گشت پێداویستییەکان بکەنە هاوپشتییانە، ببەرە هۆی ئەوەی، گشت بەرژەوەندییە ماددیی و کۆمەڵایەتییەکانی هەمووان لەتەك ئەرکە مرۆییەکانی هەمووان بگونجێن. بۆ هاتنەدی ئەو ئامانجە تەنیا یەك ئامراز بوونی هەیە: گشت دەزگەکانی نایەکسانی لەنێوبەرە؛ بەدیهێنانی یەکسانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی هەمووانی، لەسەر ئەم بنەمایە ( ئازادی و ئاکاری هاوپشتی گشت مرۆڤایەتی) سەرهەڵدەدات.

دواتر دەگەڕێمەوە سەر ئەم بابەتە، چونکە گرنترین پرسی سۆشیالیزمە.

[٥] زانست بۆ ئەوەی ببێتە لەبۆماوەی هەموو مرۆڤەکان، لەنێو هەستێکی دیاریکراو خۆی لەتەك ژیانی ساتەکی و کەتواریی هەمووان ئامێتەبکات. دەبێتە ئامرازی بەدەستهێنان و بەخشین، بەوەی شانازی و چاوچنۆکیی باوەڕیی لەدەستدەدات. بەڵام ئەوە ناگۆڕێت، کە بلیمەتیی بۆ گۆمانە زانستییەکان باشترە لەوەی زۆرینەی هاوکارانیان خۆیان بۆ چاندنی زانست و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گرنگەکان تەرخانکردووە. ئەوان بەرزەفڕانە هێندەی کارایی سروشتیی خۆیان بەهۆی زیرەکییەوە بەسەر دەوروبەریان، گرنگی بە کاراییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە نادەن و هیچ پاداشتێك وەك ئەو دڵخۆشییە زۆرەی، کە هۆشێکی خانزادانە لە تێرکردنی سۆزی خانزادانە دەیبێنێت، گرنگ نییە.

[٦] ئەزموونی گەردوونی، کە لە بواری گشت زانستەکان هەیە، دەبێت بە ڕۆشنی لە ئایینی جیهانی جیابکرێتەوە، ئەوەی کە ئایدیالیستەکان دەخوازن بیخەنە خزمەت باوەڕەکانیان: یەکەم بەڵگەدارکردنی ڕاستینەی ڕاستییەکانە؛ دووەم گریمانەکردنی ئەو ڕاستییانەیە، کە هیچ کەس نەیدیتوون و لەتەك ئەزموونی هەمووان ناکۆکە.

[٧] ئایدیالیستەکان، گشت ئەوانەی کە بڕوایان بە ناماددییبوون و نەمریی گیانی مرۆڤ هەیە، پێویستە بەهۆی هەبوونی جیاوازیی هۆشیی نێوان ڕەچەڵەکەکان و گەلان و تاکەکان

شەرمەزارین. مەگەر ئەوەی کە ئاوای دابنێین کە پارچۆکەی یەزدانیی جۆراوجۆر بەشێوەیەکی نارێکخراو بڵاوبوونەتەوە. ئەی ئەو جیاوازییە چۆن لێکدەدرێتەوە؟ بەداخەوە هەژمارێکی زۆر کەسی دەبەنگ، دەبەنگ و تەنانەت گەمژەش هەن، کە دەکرێت لە دابەشکردنی هاوکاتی یەزدانی و دەبەنگی بەشیان بەرکەوتبێت. بۆ قوتاربن لەو شەرمەزارییە، دەبێت ئایدیالیستەکان بەناچاریی گریمانەی یەکسانیبوونی گیانی گشت مرۆڤەکان پەسەندبکەن، یان لەنێو ئەو زیندانانەی کە بەناچاریی خۆیان بەندکردووە، جەستەی مرۆیین و نایەکسانن و هەندێکیان لە ئەوانەی دیکە بەتواناترن وەك دەزگەیەکی ژیرانی بۆ خزمەتکردنی پوختەیی گیان. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوە، ئەگەری هەیە دەزگەیەکی زۆر ناسکی لە خزمەت بێت. وەك هەر دەزگەیەکی دیکەی ناپوختە. بەڵام ئەوانە جیاوازیگەلێکن کە ئایدیالیزم بەبێ کەوتنە ناکۆکیی لەتەك ماتریالیزم دەسەڵاتی بەکاربردنیی نییە، لەبەرئەوەی کە لە بوونی نامادديی بێچەندوچوونی گیان گشت جیاوازییە جەستەییەکان شاردراونەتەوە، گشت ئەوانەی کە جەستەیین، مادده بەناچاریی بەیەکسانی دەردەکەوێت، بە هەمان ئەندازە و تەواو ناپوختە. کەندرێك کە گیان لە جەستە، تەواو نامادديی لە تەواو مادديی جیادەکاتەوە، ناکۆتایە. سەرەنجام گشت جیاوازییەکان، ئەوانەی کە ناتوانرێت لێکبدرێنەوە و لە باری لۆجیکییەوە ئەستەمن، ئەوانەی کە لەلای ئەوبەری کەندرکەوە دەتوانن بوونیان هەبێت، لەنێو مادده، دەبوو گیان نەبوو و هیچ بێت و ناتوانرێت و نابێت لەوە زیاتر کارایی هەبێت. بە یەك واژە، شتی تەواو نامادديی ناتوانرێت لەلایەن تەواو ماددییەوە سنووردار و زیندانیی و هەر ئاوا لە هەر پلەیەک کەمتر فشاردەدرێت. لە گشت ئەو وێناکردنە ناتەواو و ماددییانەی (بە بەکاربردنی واژەکە بەو واتایەی ئایدیالیستەکان بەکاریدەبەن) کە نەزانیی سەرەتایی و دەبەنگی مرۆڤەکان بەرهەمدەهێنێت، زیندانیبوونی گیانی نامادديی لەنێو جەستەی ماددی گەمژانە و زۆر دەبەنگانەیە. هیچ شتێك لەوە باشتر هەمەدەسەڵاتیی پێشداوەرییە کۆنەکان ناسەلمێنێت، کە تەنانەت لەنێو باشترین هۆشەکان لەلایەن پیاوانی زیرەك کە هێشتا لەنێو ڕۆژگاری ئێمە لەبارەیەوە قسەدەکرێت.

[٨] من ئەوە بە باشی دەزانم، کە لەنێو سیستەمە تیئۆلۆگیی و میتافیزیکییەکانی خۆرهەڵات، بەتایبەت لە هیندوستان و لەوانە بودیزم، دەتوانین بنەمای لەنێوبردنی جیهانی ڕاستینە بۆ پاراستنی ئایدیال و ئەبستراکتە بێچەندوچوونەکان بدۆزینەوە. بەڵام کەسێتی خۆبەخش و ئامانجدارانەی نیگەتیڤی بۆ زیادکراوی نییە، ئەو شتەی کە کریستیانیزم جیادەکاتەوە؛ کاتێك

که ئەو سیستەمانە خەیاڵدەکرێن، ئەوا هێشتا جیهانی تێڕوانینی مرۆڤ و ویست و ئازادی، نەگەیشتووەتە ئەو قۆناخەی گەشەسەندن، کە دواتر لەنێو سیڤیلیزاسیۆنی یۆنانی و ڕۆمانی دەرکەوتن..

تێبینی، پەراوێزی [٥] و [٦] و [٧] و [٨] و[٩] لەنێو وەرگێرانە فارسییەکە دیارنین و وەرنەگێڕدراون (وەرگێڕی کوردی)

**[٩]** من ئاوای بە باش دەزانم، کە لێرەدا بەسەرهاتێك بەبیربهێنمەوە، - هەم ناسراو و هەم تەواو ڕاستە و ڕوویداوە- لەبەرئەوەی کە ڕۆشناییەکی زۆر دەخاتە سەر بەها کەسییەکانی ئەو فووتێکردنە یەقینییەی وێناکردنە باوەڕییە کاتۆلیکییەکان و ڕاستگۆیی ئایینی ئەم سەردەمە. شاتوبریان نووسینێکی کە 'مێرشە بۆ سەر باوەڕ' بۆ چاپخانەیەك دەنێرێت. چاپخانەکە تێبینی خۆی لەبارەیەوە بە کەتوارێکەوە گرێدەدات، کە ئەم بێباوەڕی باوی نەماوە، خوێنەر گرنگی بە ئەو نادات و لە دوای نییە و هەر ئاوا بەپێچەوانەوەی ئەوە، داخوازی بۆ نووسینە ئایینییەکان هەیە. شاتوبریان پاشەکشە دەکات و چەند مانگ دواتر بە نووسینی 'بلیمەتی کریستیانیزم' گەڕایەوە..

* گەلە ، واتە کۆمەڵی ئاژەڵ، بە واتای مێگەڵ، گایەل، گۆلکگەل، بزنگەل

**سەرچاوەی وەرگێڕانە فارسییەکە**

**سایت خوشە (khushe.ir)**

**نویسندە: میخائیل باکونین**

آدرسِ مطلب: http://khushe.ir/maghale/godstatefn.shtml

# فەرهەنگۆک

| | |
|---|---|
| پەرتووك | کتێب |
| زانیاری | المعرفة / دانش |
| زانست | العلم / دانش |
| زانا | العالم / دانشمند |
| زانراو | معلوم / المعلومات / اطلاعات |
| فەرمانداری | الحکومة / حکومت |
| فەرماندار | الحاکم / |
| دژەخوون | خیانەتکار |
| هیچ | پەست / بێبەها |
| مادده | ماتەر / ماترپاڵ |
| ئەندامی | ئۆرگانیکی |
| لاتینی | لاتاین |
| خۆرسکی | بۆماوەیی / غەریزەیی |
| لەبۆماوە | "میرات" / میراث |
| سۆکرات | سوقرات |
| پلاتۆن | ئەفلاتون |
| تیئۆلۆگی | یەزدانناسی / لاهوت |
| یەزدانناس | تێئۆلۆگ |
| یەزدانناسی | تێئۆلۆگی |
| شێوازگەرا | میتۆدیست |
| قۆچ | قوربانی |
| هاوچەرخەکان | مۆدێرنەکان |
| پەیامدەر | پێخامدەر / الرسول |
| جێندەرەکان | ڕەگەزەکان / نێر و مێ و .... |
| پلاتۆن | ئەفلاتون |
| کریستیانیزم | المسیحیة / مەسیحیەت |
| دوور لە گومان | یەقینی |
| ئایەندەزانی | غیب-زانی |
| فێربووان | خوێندووان / خوێندووکاران |
| خەنێنەر | پێکەنێنەر |
| ژیان | زیندگی |
| ژییان | زیندەگی کردن |
| ئاتەئیست | یەزداننەناس |
| قوربانیگە | شوێنی قوربانیدان |
| بێباوەڕی | یەزداننەناسی / ئاتەئیزم |

# کارە بڵاوکراوەکانی وەرگێڕ



























# کارە بڵاوکراوەکانی وەرگێڕ


















تێبینی: پەرتووکی (دەوڵەت) مشتومڕێکی هاوبەشە لەنێوان کۆمەڵێك ئەنارکیست و مارکسیست، کە منیش [هەژێن] لەو مشتومڕەدا بەشدارم.

# God and the State


**Michail Bakunin**



**Translated by : Hejěn**





**First Edition, May 2017**